تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5782) پێنج شەممە 4ی تەمموز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی لەگەڵ فراکسیۆنەکانی هەردوو پێکهاتەی مەسیحی و تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە

سەرۆک بارزانی: نابێ بە هیچ پێکهاتەیەک بگوترێت کەمینە و هیچ نەتەوەیەکیش بە ژمارە ناپێورێت



دوێنێ چوارشەممە 2019/7/3 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ فراکسیۆنەکانی پێکهاتەکانی مەسیحی و تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە. لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی مەسیحی و تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان سوپاس و پێزانینی خۆیان پێشکەش بە سەرۆک بارزانی کرد کە هەمیشە بەرگریی لە مافی پێکهاتەکان کردووە و ئاماژەیان بە پێداگریی سەرۆک بارزانی کرد لەسەر نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتەکان لە کاتی کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بەر لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دواتریش ڕۆڵی دیاری سەرۆک بارزانی لە چەسپاندنی مافی پێکهاتەکان لە دەستووری هەمیشەیی عێراق و پێکهاتەی ئیستای سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان و مسۆگەرکردنی نوێنەرایەتییان لە کابینەی داهاتووی حکوومەتی هەرێمیان بەرز نرخاند.

هەرێم و بەغدا لەبارەی پرسی نەوتەوە گەیشتوونەتە ڕێککەوتن

بڕیارە ڕۆژانی داهاتوو شاندێکی بەغدا لەبارەی چارەکردنی پرسی نەوت و غاز سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، ئەندامێکی کوردی لیژنەی نەوت و غازیش دەڵێ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەر سێ سەرۆکایەتیی عێراق گەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ چارەکردنی پرسی نەوت. دکتۆر ئارام باڵەتەیی، ئەندامی لیژنەی نەوت و غاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: "دانوستانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەبارەی چارەکردنی پرسی نەوت و غاز بەردەواميیان هەیە و لە سەردانی پێشووی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بۆ بەغدا، داوای کردبوو شاندێکی بەغدا سەردانی هەرێمی کوردستان بکات بۆ ئەوەی لێکتێگەیشتن هەبێت لەسەر دۆسیەی نەوت و غاز، تا وردەکاریيان لابێت، لەو چوارچێوەیەدا بڕیارە شاندێک لە ئەندامانی لیژنەی نەوت و غاز لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ پێکەوە لیژنەیەک پێکبێنن و سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن.

زیاتر لەلاپەڕە دوو بخوێنەوە

سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکەمەکانی هەرێمی کوردستان خەڵات دەکات

لە چاکسازی بەردەوام دەبین تا سیستەمێکی پەروەردەیی تۆکمە و سەردەمیانە جێگیر دەکەین



دوێنێ چوارشەممە 2019/7/3 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکدا خەڵاتی بەخشییە قوتابییە یەکەمەکانی هەرێمی کوردستان لە ئامادەیی و نۆی بنەڕەتی و خوێندنی پیشەیی و ئایینی و نابینایان. لە ڕێوڕەسمەکەدا کە ژمارەیەک لەبەڕێزان وەزیران و مامۆستا و کەسایەتیانی ئەکادیمی و کەسوکاری قوتابی و خوێندکاران ئامادەی بوون، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وتەیەکدا پیرۆزبایی لە قوتابیان و خوێندکاران کرد و ئەو سەرکەوتنەیانی بە مایەی شادی و شانازی وەسف کرد و ڕایگەیاند کە ئەو شانازی بەوەوە دەکات کەسی وەک ئەو قوتابییانە لە هەرێمی کوردستان هەڵدەکەون کە بەشێکی گرنگی خەونی سەرکەوتنیان کرد بە ڕاستی و بەو سەرکەوتنەیان هیوایان بە نەوەی ئێستا و داهاتوو بەخشی و گیانی ئەو تێکۆشەرانەیان شاد کرد کە ژیانی خۆیان بۆ ئەمڕۆی کوردستان بەخت کرد، هەروەها پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە مامۆستایان و دایکوباوک و خانەوادەکانیان کرد کە لەگەڵیان ماندوو بوون.

بەڕێزیان ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەوان سەرکەوتووانە قۆناغێکی گرنگی خوێندنیان تێپەڕاند و پێ دەنێنە قۆناغێکی دیکەی گرنگی خوێندن و ژیانەوە کە لە خوێندنی زانکۆییدا پسپۆڕی و تایبەتمەندی دەخوێنن و خۆیان بە زانست و زانین پرچەک دەکەن تا هەریەکەیان لە بوارێکی تایبەتدا خزمەت بە کوردستان و مرۆڤایەتی بکەن و لەمبارەیەوە جەختی کردەوە کە کوردستان چاوی لە سەرکەوتن، پێگەیشتن و خزمەتی ئەوانە و هیوای پێیانە و ئومێدی لەسەر لێهاتوویی و توانا و زیرەکیی ئەوان بنیات ناوە.

دەقی وتاری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلاپەڕە سێ بخوێنەوە


شاخەوان عەبدوڵا: دەبێ مەلەفی ئەمنی بدرێتەوە بە کەرکووکییەکان و خانووی هیچ کوردێکیش ناڕووخێنرێت

ڕۆژی سێشەممە و دوێنێ چوارشەممە هێزێکی لیوای 61 تایبەت بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق هەڵیانکوتایە سەر گەڕەکەکانی عەرەفە و فەیلەق لە شاری کەرکووک، مۆڵەتی چەند ڕۆژێکیان بۆ چۆڵکردنی ماڵەکان دا، شاخەوان عەبدوڵا، ئەندامی لیژنەی ئاسایشکردنەوەی کەرکووک بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: ئێمە چاودێریی ئەو بابەتەمان کردووە و لەگەڵ بەغدا باسمان کردووە، بەڵام ئەوان دەڵێن زانیاریمان هەیە بنەماڵەی عەرەب لە ناوچەکانی "ڕەشاد، ڕیاز و قەزای حەویجە" چوونەتە گەڕەکە کوردییەکان و گومانلێکراون، واتە ئەو ماڵانە غەیرە کوردن. شاخەوان عەبدوڵا جەختیشی کردەوە: لە کاتی دڕووستبوونی بۆشایی لە دەزگا ئەمنییەکان، ئێستر ئەو دەزگایانە شەرعییەتیان نامێنێت، ئەوەشمان لە بەغدا باس کردووە کە هەرچی بکەن و باشیش بێت بەڵای ئێمەوە خراپە، لەبەر ئەوەی ئەو هێزانەی ئێستا لە کەرکووکن، کەرکووکی نین و خەڵک نایانناسێت و بۆ ئەوان غەریبن.

زیاتر لەلاپەڕە چوار بخوێنەوە



بەبەشداریی 50 منداڵی کوڕ و کچ خولێکی فێربوونی شەترەنج لە یانەی خانزاد کرایەوە



جووتسایدی ڕێگای ناحیەی باتێل و زاخۆ تا مانگی ئەیلوول تەواو دەکرێت

سەرۆک بارزانی لەگەڵ فڕاکسیۆنەکانی هەردوو پێکهاتەی مەسیحی و تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە

سەرۆک بارزانی: نابێ بە هیچ پێکهاتەیەک بگوترێت کەمینە و هیچ نەتەوەیەکیش بە ژمارە ناپێورێت



دوێنێ چوارشەمە /2019/7 3 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ فڕاکسیۆنەکانی پێکهاتەکانی مەسیحی و تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە.
لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی مەسیحی و تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان سوپاس و پێزانینی خۆیان پێشکەش بە سەرۆک بارزانی کرد کە هەمیشە بەرگریی لە مافی پێکهاتەکان کردووە و ئاماژەیان بە پێداگریی سەرۆک بارزانی کرد لەسەر نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتەکان لە کاتی کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بەر لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دواتریش ڕۆڵی دیاری سەرۆک بارزانی لە چەسپاندنی مافی پێکهاتەکان لە دەستووری هەمیشەیی عێراق و پێکهاتەی ئێستای سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان و مسۆگەرکردنی نوێنەرایەتییان لە کابینەی داهاتووی حکوومەتی هەرێمیان بەرز نرخاند.
هەروەها سوپاسی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و فڕاکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد کە لە دانانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستاندا پشتیوانی پێکهاتەکان بوون.
لە کۆبوونەوەکەدا، سەرۆک بارزانی وێڕای بەخێرهێنانی نوێنەرانی پێکهاتەکانی مەسیحی و تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان، وتەیەکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد و ئاماژەی بەوەدا کە کوردستان ولاتی هەموومانە و پێویستە هەمووانیش لە بەڕێوەبردنیدا هاوبەش بین و هەموومان خۆمان بە بەرپرسیار بزانین.
سەرۆک بارزانی جارێکی دیکەش جەختی کردەوە کە نابێ بە هیچ پێکهاتەیەک بگووترێت "کەمینە" و هیچ نەتەوەیەک بە ژمارە ناپێورێت و هەریەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و دەبێ ڕێز لەو تایبەتمەندییانە بگیرێت.
سەرۆک بارزانی ڕۆڵی نوێنەرانی مەسیحی و تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان بەرز نرخاند و داوای کرد بەشێوەیەک بەرگریی لە مافی پێکهاتەکان بکەن کە بەرانبەر دەنگدەرانی خۆیان سەربەرز بن.
سەرۆک بارزانی جەختیشی کردەوە کە لە دەستووری کوردستاندا مافەکانی سەرجەم پێکهاتەکان بەتەواوی دەچەسپێت و ڕێگە بەهیچ جیاکارییەکی نەتەوەیی و ئایینی نادرێت و هەمووان لە کوردستاندا یەکسان و هاوبەش دەبن.
هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی لەبارەی دواینی گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بەرچاوڕوونیی پێویستی خستەڕوو.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداری لە ڕۆژی نیشتمایی ئەمەریکادا دەکات

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداری لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی نیشتمانیی ئەمەریکادا کرد کە ئێوارەی دوێنێ چوارشەمە **3/7/2019**لە هەولێر بە ئامادەبوونی بەڕێز ماتیۆ تولەر بالێزی ئەمەریکا لە عێراق و ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسانی حزبی و حکوومی و کەسایەتیانی کوردستان بەڕێوەچوو.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی کۆری کۆدەبێتەوە



لە کۆبوونەوەیەکی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ شاندێکی کۆڕیای باشوور بە سەرۆکایەتیی بەڕێز هان بیۆنگ دوو، ڕاوێژکاری سەرۆکی کۆڕیای باشوور بۆ کاروباری دەرەوە، شاندی میوان پیرۆزباییی بەڕێز سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران و خەڵکی کۆڕیایان بە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕاگەیاند بەبۆنەی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دۆستایەتیی خەڵک و حکوومەتی کۆڕیای باشووریان بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە و هیوای زیاتر پێشخستنیان لە هەموو بوارەکاندا بەتایبەتی لەبواری وەبەرهێناندا بۆ هەرێمی کوردستان خواست، هەروەها پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستانیان لە هەموو بوارەکاندا بەرز نرخاند. لە کۆبوونەوەکەدا کە سەرلەبەیانیی دوێنێ چوارشەمە 2019/7/3 لە هەولێر بەڕێوەچوو، شاندی میوان بانگهێشتی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان کرد لە دەرفەتێکی گونجاودا سەردانی کۆڕیای باشوور بکات.
لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان جیا لە پێشکەشکردنی پوختەیەک دەربارەی دۆخی ئەمنی ڕۆژی هەرێمی کوردستان، سوپاسی پیرۆزباییی سەرکۆمار و سەرۆک وەزیران و خەڵکی کۆڕیای باشوور و داوەتکردنی بەڕێزیان بۆ سەردانی کۆڕیا کرد و دۆستایەتی و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆڕیای باشووری لە هەموو بوارەکاندا دووپات کردەوە کە لە کاتی بوونی هێزەکانی زیهتوون و ڕێککخراوە ناحکوومییەکانی کۆڕیای باشوور لە هەرێم دڕووست بوون و هاوکاری و پڕۆژەی خزمەتگوزارییان پێشکەش بە خەڵکی هەرێمی کوردستان کرد.

سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە شاندێکی باڵای کۆماری کۆڕیای باشوور دەکات



دوێنێ چوارشەمە 2019/7/3 د. ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە نووسینگەی تایبەتیی خۆی لە تەلاری پەرلەمان، پێشوازیی لە شاندێکی باڵای کۆماری کۆڕیای باشوور کرد بەسەرۆکایەتیی هان بیۆنگ، ڕاوێژکاری سەرۆککۆمار و دوو ئەندامی پەرلەمانی ئەو ولاتە لە دەسەڵات و لە ئۆپۆزسیۆن، کە بەیاوەریی چۆی کوانژین، کونسوڵی گشتیی کۆڕیای باشوور لە هەرێمی کوردستان سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کردبوو.
لەدیدارێکدا هان بیۆنگ، ڕاوێژکاری سەرۆککۆماری کۆماری کۆڕیای باشوور، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی بەسەردانەکەیان بۆ هەرێمی کوردستان و پیرۆزبایکردن لەسەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەی، سلاوو ڕێزی سەرۆککۆماری کۆڕیای باشووری گەیاندە پەرلەمانی کوردستان، جەختی لەسەر پێویستیی بوونی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری کۆڕیای باشوور کردەوەو ڕایگەیاند: دەخوازین پەیوەندییەکی باش لەنێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی کۆماری کۆڕیای باشووردا هەبێت و کۆڕیای باشوور بە دۆستێکی نزیک و هاوپەیمانی خۆمان دەزانین.
هەروەها داوای لە شاندی باڵای کۆماری کۆڕیای باشوور کرد هانی کۆمپانیاکانی ولاتەکەیان بدەن بۆ ڕاکێشانیان بۆ هەرێمی کوردستان بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری وەبەرهێنان و ڕایگەیاند: بۆ گرتنەبەری هەر ڕێکارێکی یاسایی کە لەبەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەیدا بێت بۆ ئاسانکاریکردن لە بواری وەبەرهێناندا پەرلەمانی کوردستان دڕیغی ناکات، چ بەدەرکردنی یاسا بێت یاخود هەموارکردنەوەی یاساکانی پێشوو بێت لەو بوارەدا.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە بەرپرسی کاروباری سیاسیی کونسوڵخانەی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان دەکات



دوێنێ چوارشەمە 2019/7/3 هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە نووسینگەی خۆی لە تەلاری پەرلەمان، پێشوازیی لە سارا مارش، بەرپرسی کاروباری سیاسیی کونسوڵخانەی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان کرد. لەدیدارێکدا هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ سارا مارش بەرپرسی کاروباری سیاسیی کونسوڵخانەی بەریتانیا، بەوردی دواین دۆخی سیاسی و پێکهێنانی کابینەی نێوەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکار و هەنگاوە یاساییەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کورستان و دۆخی کەرکوک و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی تاووتوێ کرا.
سەبارەت بە هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نێوەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هێمن هەورامی، ڕایگەیاند: لەماوەیەکی زۆر نزیکدا کابینە وەزارییەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگاتە پەرلەمان بەمەستی متمانەپێدان و لەگەڵ دەستبەکاربوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەنگاوی یەکەم بڕیتی دەبێت لە ئەنجامدانی چاکسازییەکی گشتگیر لەسەرجەم سێکتەراندا بەتایبەتی لەڕووی کارگێڕی و داراییەوە و هەروەها هەنگاوی گرنگ بۆ کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردەو کارەبا دەگیرێتەبەر کەلەگەڵ خواست وبستی هاوواڵاتیبانی هەرێمی کوردستان بێت.
لای خۆیەوە سارا مارش، بەرپرسی کاروباری سیاسیی کونسوڵخانەی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی بە بەردەوپێشچوونی هەنگاوەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم و بە هەنگاوێکی گرنگ و پێویستی زانی بۆ قوناغەو ستایشی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ ئەو بەردەوپێشچوونانەی کە لەسەرجەم بوارەکاندا لە هەرێمی کوردستاندا هاتوونەتە دی لەڕووی خزمەتگوزاری و مافەکانی ئافرەتان و مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی ڕادەربڕین، هەروەها خوشحاڵیی خۆی بەبوونی یاسای تووندوتیژیی دژ بەئافرەتان لە هەرێمی کوردستان کە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی عێراق زۆر پێشکەوتووترە دەربڕی.

هەرێم و بەغدا لەبارەی پرسی نەوتەوە گەیشتوونەتە ڕێککەوتن

بڕیارە ڕۆژانی داهاتوو شاندێکی بەغدا لەبارەی چارەکردنی پرسی نەوت و گاز سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، ئەندامێکی کوردی لیژنەی نەوت و غازیش دەڵێ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەر سێ سەرۆکایەتیی عێراق گەیشتوونەتە ڕێککەوتن بۆ چارەکردنی پرسی نەوت. دکتۆر ئارام بالەتەیی، ئەندامی لیژنەی نەوت و گاز لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: "دانوستانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لەبارەی چارەکردنی پرسی نەوت و غاز بەردەوامبیان هەیە و لە سەردانی پێشووی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بۆ بەغدا، داوای کردبوو شاندێکی بەغدا سەردانی هەرێمی کوردستان بکات بۆ ئەوەی لێکتێگەیشتن هەبێت لەسەر دۆسیەی نەوت و غاز، تا وردەکارییان لابێت، لەو چوارچێوەیەدا بڕیارە شاندێک لە ئەندامانی لیژنەی نەوت و غاز لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ پێکەوە لیژنەیەک پێکبێنن و سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن. ئەندامەکەی لیژنەی نەوت و غاز دەشڵێت: لیژنەکەی بەغدا ڕاپۆرتێک لەبارەی کەرتی نەوت لە هەرێمی کوردستان ئامادە دەکات، چونکە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی دەربڕیوە بۆ ئەوەی ڕۆژانە 250 هەزار بەرمیل نەوت وەک ئەوەی لە یاسای بودجەی ئەمساڵدا هاتووە، ڕادەستی بەغدا بکات. بالەتەیی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: هەندێ کێشەی تەکنیکی و یاسایی هەن لە دۆسیەی ڕادەستکردنی نەوتی هەرێمی کوردستاندا، بۆیە کار بۆ ئەوە دەکرێت ئەو کێشانە چارە بکرێن و هەرێمی کوردستانیش هاوکار دەبێت لە چارەسەرکردنی پرسی نەوت لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ.

yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/7/4 ژمارە (5782)
خەبات

سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکەمەکانی هەرێمی کوردستان خەڵات دەکات

سەرکەوتنی ئێوە وەفادارییە بۆ کەسوکارتان، بۆ مامۆستا و هەر کەسێکی تر کە لەم قۆناغەی ژیاندا یارمەتی داون

لە چاکسازی بەردەوام دەبین تا سیستەمێکی پەروەردەیی تۆکمە و سەردەمیانە جێگیر دەکەین





دوێنێ چوارشەممە 2019/7/3 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکدا خەڵاتی بەخشییە قوتابییە یەکەمەکانی هەرێمی کوردستان لە ئامادەیی و نۆی بنەڕەتی و خوێندنی پیشەیی و ئاینی و نابینایان. لە ڕێوڕەسمەکەدا کە ژمارەیەک لە بەڕێزان وەزیران و مامۆستا و کەسایەتیانی ئەکادیمی و کەسوکاری قوتابی و خوێندکاران ئامادەی بوون، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وتەیەکدا پیرۆزبایی لە قوتابیان و خوێندکاران کرد و ئەو سەرکەوتنەیانی بە مایەی شادی و شانازی وەسف کرد و ڕایگەیاند کە ئەو شانازی بەوەوە دەکات کەسی وەک ئەو قوتابیانە لە هەرێمی کوردستان هەڵدەکەون کە بەشێکی گرنگی خەونی سەرکەوتنیان کرد بە ڕاستی و بەو سەرکەوتنەیان هیوایان بە نەوەی ئێستا و داهاتوو بەخشی و گیانی ئەو تێکۆشەرانەیان شاد کرد کە ژیانی خۆیان بۆ ئەمڕۆی کوردستان بەخت کرد، هەروەها پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە مامۆستایان و دایکوباوک و خانەوادەکانیان کرد کە لەگەڵیان ماندوو بوون.

بەڕێزیان ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەوان سەرکەوتووانە قۆناغێکی گرنگی خوێندنیان تێپەڕاند و پێ دەنێنە قۆناغێکی دیکەی گرنگی خوێندن و ژیانەوە کە لە خوێندنی زانکۆییدا پسپۆڕی و تایبەتمەندی دەخوێن و خۆیان بە زانست و زانین پرچەک دەکەن تا هەریەکەیان لە بواریکی تایبەتدا خزمەت بە کوردستان و مرۆڤایەتی بکەن و لەمبارەیەوە جەختی کردەوە کە کوردستان چاوی لە سەرکەوتن، پێگەیشتن و خزمەتی ئەوانە و هیوای پێیانە و ئومێدی لەسەر لێهاتوویی و توانا و زیرەکیی ئەوان بنیات ناوە.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی بەوەش دا ئەگەر بەراوردێکی ئێستا لەگەڵ ڕابردوودا بکرێت ئاشکرا دەبێت وێڕای هەموو سەختییەک، قوتابی و خوێندکارانی ئێستا لەچاو نەوەی پێش خۆیان شانسێکی باشیان هەبووە، چونکە ئەوان بە خوێن و بە گیان بەرگرییان لە کوردستان کردووە و هەموو خەونیان ئەوە بووە لەسەر خاک و زێدی خۆیان، ئازاد و سەربەرز بژین تا ئەمڕۆ بۆ نەوەی تازە بهێننەدی و لە کەشێکی دروست و لەباردا بخوێن و سەرکەوتوو بن و بە پێویستی زانی زۆر باش نرخی ئەمڕۆ بزانرێت و هەمیشە بە خوێندن و فێربوون، زانست و زانین، سەرکەوتن و خزمەت، پاداشتی خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی ئەوان بدەنەوە، چونکە هەمووان قەرزاری ئەوانن.

لە بەشێکی دیکەی وتەکەیدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد کە زانست و زانین، بناغەی ژیانێکی سەردەمیانەی پێشکەوتوون و نەخوێندەواری و نەزانین و دواکەوتوویی، کوشندەترین دەرد و پەتای گەلانن و ڕزگاری و سەرفرازیی گەلان، لە زانست و زانیندایە و هەموو سەرکەوتنێکی قوتابیانی لە خوێندندا بە هەنگاوێک بەرەو ژیانێکی سەردەمیانەی پێشکەوتوو و بنیاتنانی دواڕۆژێکی گەشتر زانی و ئامۆژگاریی قوتابیانی کرد کە زیاتر بخوێن و سەرکەوتنی هەریەک لەوانی بە سەرکەوتنی هەموان قبوڵ کرد.

لە کۆتاییی وتەکەیدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان جیا لە دەستخۆشیکردن لە وەزارەت و وەزیری پەروەردە بەڕێز د. پشتوان سادق، تیمی وەزارەت، سەرجەم مامۆستایان، سەرپەرشتیار و پەروەردەکار و دایکان و باوکان و دووبارەکردنەوەی پیرۆزبایی لە قوتابی و خوێندکارە سەرکەوتووەکان، هەروەها هیوای خواست نمونەیان ڕۆژ بەڕۆژ زۆر بێت لە هەرێمی کوردستان، چونکە ئایندەی وڵات لە دەستی ئەواندایە، بۆیە بە پێویستی زانی هەموولایەک دڵنیا بێت ئەو دەستە دەستێکی ئەمینە.

دەڵی وتاری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

قوتابیان و خوێندکارانی خۆشەویست، ڕۆژتان باش، هەمووڵایەکتان بەخێر بێن..

زۆر خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ بەشداری لەم بۆنە خۆشەی ئێوەی خوێندکار و قوتابیی خۆشەویستی کوردستاندا دەکەم. سەرکەوتنتان مایەی شادی و شانازییە. لە دڵەوە، بەگەرمی پیرۆزبایی و دەستخۆشیتان لێ دەکەم. هیوای سەرکەوتنی بەردەوامتان بۆ دەخوازم.

کاتێک بەشداری لە بۆنەی سەرکەوتنی گەنجی وەک ئێوەدا دەکەم، تا بڵێی هەست بە خۆشحاڵی دەکەم.

دەزانن بۆ؟

چونکە شانازی دەکەم بەوەی کەسی وەک ئێوە لە وڵاتەکەماندا هەڵدەکەوێت کە هیوا بە نەوەی ئێستا و بە نەوەی داهاتوومان دەبەخشێت. سەرکەوتنی ئێوە وەفادارییە بۆ نەوەی پێش خۆتان، بۆ کەسوکارتان. بۆ مامۆستا و هەر کەسێکی تر کە لەم قۆناغەی ژیاندا یارمەتی داون.

پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە مامۆستایان و لە دایکوباوک و خانەوادەکانتان دەکەم، کە لەگەڵتان ماندوو بوون و هاوکارییان کردن. ئێوە شەونخوونیتان کرد، ماندوو بوون، شەو و ڕۆژتان خستە سەر یەک و بەشێکی گرنگتان لە خەونی سەرکەوتن، کردە ڕاستی لەم ڕۆژەدا.

لەم جۆرە کات و بۆنانەدا بیر لە ڕابردووی گەل و وڵاتەکەمان دەکەمەوە. بەخۆم دەڵێم: خۆزگە ئەوانەی کە بۆ دابینکردنی ئێستامان ژیانی خۆیان بەخت کرد، ئەمڕۆ لە ئاهەنگی خۆشی و سەرکەوتنی ئێوەدا بەشدار بوونایە. ئەوان ئێستا گیانیان شادە کە قوربانیدانیان بە وەفاداریی ئێوەی خۆشەویست پاداشت دراوەتەوە.

ئێوە سەرکەوتووانە قۆناغێکی گرنگی خوێندنتان تێپەڕاند، ئێستا پێ دەنێنە قۆناغێکی دیکەی گرنگی خوێندن و ژیانەوە. لە خوێندنی زانکۆییدا، پسپۆڕی و تایبەتمەندی دەخوێن. خۆتان بە زانست و زانین پرچەک دەکەن، بۆ ئەوەی هەر یەکەتان لە بواریکی تایبەتدا خزمەت بە کوردستان چاوی لە سەرکەوتنی ئێوەیە. چاوی لە پێگەیشتن و خزمەتی ئێوەیە، هیوای پێتانە. ئومێدی لەسەر لێهاتوویی و توانا و زیرەکیی ئێوە، بنیات ناوە. ئایندە چاوەڕێتانە. وەک چۆن ئێوە لە قۆناغی ڕابردوودا سەرکەوتن، چاوەڕوانین لە قۆناغی داهاتووشدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

ئازیزان،

بێگومان ئێوە، وەک هەموو هاووڵاتییەک، شایانی ژیان و دۆخێکی چاکتر، شانسێکی باشتر و ژینگەیەکی پەروەردەیی لەبارترن، بەڵام ئەگەر بەراوردێکی ئێستا لەگەڵ ڕابردوودا بکەن، دەبینن کە وێڕای هەموو سەختییەکیش، ئێوە شانسێکی باشتان هەبووە.

ئێوە، سەرکەوتنی هەموومانە لە هەر شوێنێک بین .

هەموومان بینیمان، زیاتر لە پێنج ساڵی ڕابردوو، دۆخێکی سەخت و ئاڵۆزمان لە هەرێمی کورستان بەرێکرد. شەڕ و کێشە و قەیران، هەموو جومگەکانی ژیانی سست و بەردەوام لە کۆڕی خەبات و تێکۆشان و پێشمەرگایەتیدا بوون، بۆ ئەوەی بەرگری لە نیشتمان بکەن. بۆ ئەوەی ئەمڕۆ بۆ ئێوەی نەوەی تازە، بهێننە دی.

ئەوان قوربانییان بە ژیان و بە سەروماڵی خۆیان دا، بۆ ئەوەی ئێوە و هاوڕێلانتان بتوانن لە کەشێکی دروست و لەباردا بخوێن و سەرکەوتوو بن. بۆیە دەبێ زۆر باش نرخی ئەمڕۆ بزانن. دەبێ هەمیشە بە خوێندن و فێربوون، بە زانست و زانین، بە سەرکەوتن و خزمەت، پاداشتی خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی ئەوان بدەنەوە. ئێمە هەموومان قەرزاری ئەوانین.

بەشێکی زۆری ئەم گەلە لە مەینەتی و هەڵاتن و کۆڕەو و بۆمبارانکردن و ئەنفال و زیندان و نەهامەتییەوە، تازە بەتازە هەنگاوی بەرەو ژیانێکی ئاسوودەتر ناوە. هیوای ئێمە و هەموو پێکهاتەکانی ئەم گەلە، بە گەنجانی وەک ئێوە دێتە دی.

خۆشەویستان،

زانست و زانین، بناغەی ژیانێکی سەردەمیانەی پێشکەوتوون .نەخوێندەواری و نەزانین و دواکەوتوویی، کوشندەترین دەرد و پەتای گەلانن .ڕزگاری و سەرفرازیی گەلان، لە زانست و زانیندایە. هەموو سەرکەوتنێکی ئێوە لە خوێندندا، هەنگاوێکە بەرەو ژیانێکی سەردەمیانەی پێشکەوتوو. هەنگاوێکە بەرەو بنیاتنانی دواڕۆژێکی گەشتر. بۆیە داوا و ئامۆژگاریمان بۆ ئێوە (خوێندن، خوێندن و خوێندنە) .سەرکەوتنی هەر یەکێک لە باشتری پەروەردە بۆ منداڵەکانمان بە کێ و کوڕەوە بڕەخسێت.

لە چاکسازی بەردەوام دەبین تا سیستەمێکی پەروەردەیی تۆکمە و سەردەمیانە جێگیر دەکەین. هەرچی لە توانادا بێت، سوود لە پلان و پەیڕەو و پەڕێشان کردبوو، زۆربەی کار و پڕۆژە پەکیان کەوتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا پڕۆسەی خوێندن و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان نەوەستا.

ڕۆڵە قارەمانەکانی کوردستان، پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایش و خۆبەخشان، مەردانە لە بەرەی جەنگدا، بەرگرییان دەکرد، مامۆستایانیش لە پۆل و هۆڵەکانی خوێندندا، وانەیان دەگوتەوە. دڵسۆزانە ڕووبەڕووی دۆخەکە بوونەوە. وێڕای هەموو سەختییەک، نەیانهێشت پڕۆسەی خوێندن پەکی بکەوێت. بەرگەیان گرت و بەردەوام بوون لە فێرکردنی قوتابیانی خۆشەویست.

لێرەدا سەری ڕێز و نەوازش بۆ گیانی پیرۆزی شەهیدان دادەنەوێنین. ئەوانەی سنگیان دایە بەر گوللە، بۆ ئەوەی ئێوە بتوانن بخوێن. بۆ ئەوەی ژیان لەم وڵاتەدا نەوەستێت.

ڕێز و سوپاس، پێزانین و دەستخۆشی بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانە دووپات دەکەینەوە کە ئەوپەڕی دڵسۆزی و تێگەیشتنیان بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان هەبوو. نەیانهێشت ڕۆڵەکانی کوردستان لە پەروەردە و فێربوون دابڕێن، سوپاسیان دەکەم و دەستخۆشییان لێدەکەم.

ئازیزان،

دوای شەڕ و ئاڵۆزی، ئێستا قۆناغێکی تازە لە هەرێمی کوردستان دەستپێدەکات. بە ئومێدەوە لە داهاتوو دەڕوانین و بە متمانە و بڕوایەکی زیاترەوە هەنگاو دەنێین. کار دەکەین بۆ ئەوەی زەمینەیەکی باشتری پەروەردە بۆ منداڵەکانمان بڕەخسێنین، بۆ ئەوەی ئەوان بە باشترین شێوە بۆ پەروەردە و فێرکردن، وەردەگرین. پەرە بە هەموو بوارەکانی خوێندن لە هەردوو کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتیدا دەدەین.

دەبێ سیستەمی پەروەردەییمان زیاتر لەسەر بنەمای خۆشەویستی و وابەستەیی بە نیشتمانەوە، هەستی بەرپرسیاریەتی و بڕوابەخۆبوون، لێبووردەیی، پێکەوەژیان، فرەڕەنگی، ژینگەپارێزی و ژیاندۆستی، پەرەپێبدەین. دەبێ فێربوون و زانست و پێشکەوتن، وەک بەهایەکی بەنرخی مرۆڤایەتی، ببینرێت.

ویست و ئارەزوومان بۆ سەرکەوتن لە خوێندن، بۆ ئاستێکی بەرزی زانست و زانین، بێ سنوورە. سەربەری هەموو جیاوازیمان، شایستەی داهاتوویەکی باشترین بۆ نەوەی ئێستا و نەوەی ئایندەمان.

سەرکەوتنی نەوەی تازە لە خوێندن و فێربوون و شارەزایی لە زانست، تەکنەلۆژیا، ئەندازیاری، پزیشکی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، میژوو، بابەتی پەیوەندیی مرۆڤایەتی، فەرهەنگ و هونەر، کۆمەڵگەی ئێمە بە دڵنیاییەوە بەرەو ئایندەیەکی گەشتر دەبات. ئایندە بۆ ئێوە و لە دەستی ئێوەدایە.

خۆشحاڵین کە ئامارەکانی ئەمساڵ ڕێژەی زیاتری سەرکەوتن نیشان دەدەن. بەڕێوەبردن و تەکنیکی باشتر لە بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەدا بەکارهاتووە. خوێندن بۆ نێر و مێ جیاوازی نەماوە و دەبێ بایەخ و گرنگیی زیاتر بە خوێندنی پیشەیی بدرێت و بوارەکانی خوێندن بەپێی پێداویستیی هەرێمی کوردستان و بازاڕی کار ئاراستە بکرێن. تایبەتمەندی و پسپۆڕی بەپێی پێداویستی فراوان بکرێن و پلانی باشتر بۆ بەش و پسپۆڕی و بواری خوێندن دەستنیشان بکرێن.

لێرەدا دەستخۆشی لە وەزارەت و وەزیری پەروەردە بەڕێز د. پشتیوان سادق، تیمی وەزارەت بە هەر هەموویانەوە یەک بە یەک، سەرجەم مامۆستایان، سەرپەرشتیار و پەروەردەکار و دایکان و باوکان دەکەم، هەوڵ و ماندووبوون و شەونخوونییان، بەرز دەنرخێنم.

دووبارە لێرەوە پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە هەموو قوتابیان و خوێندکارانی خۆشەویست دەکەم کە لە بەشی زانستی، وێژەیی، بنەڕەتی، پیشەیی، بازرگانی، کشتوکاڵ، گەشتوگوزار، خوێندنی ئایینی و نابینایان، لە ڕیزبەندی پلە یەکەمەکانن لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

هیوادارم نمونەی ئێوە ڕۆژ بەڕۆژ زۆر بێت لە هەرێمی کوردستان، بێگومان و بە دڵنیاییەوە ئێوە زۆر هەوڵتان داوە تا بگەن بەو ئاستە، دەستخۆشیتان لێدەکەم و سوپاستان دەکەم و هیوادارم بەردەوام بن.

وەک پێشتریش گوتم ئایندەی ئەم وڵاتە لە دەستی ئێوەدایە، دەبێت هەموو لایەکمان دڵنیا بین کە ئەو دەستە دەستێکی ئەمینە.

پیرۆزبێت لێتان، بەخێر بێن.

زۆر سوپاس

گوتەبێژی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستان، یاسین مەحمود:

بەراورد بە چوار ساڵی رابردوو دۆخی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان باشتر بووە

گوتەبێژی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستان، یاسین مەحمود لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆلو باس لە دۆخی ئێستای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و پارێزگای سلێمانی بەتایبەت دەکات، هەروەها باس لە کاریگەری دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەتی نوێی هەرێم لەسەر کەرتی ئابووری و وەبەرهێنان، هەروەها تووندکردنەوەی سزاکانی ئەمەریکا لەسەر ئێران و سوود وەرگرتنی هەرێم لەو دۆخە دەکات.



لەسەرەتای دیمانەکەدا لەبارەی دۆخی ئێستای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان، یاسین مەحمود دەڵێت: ئەمساڵ بەراورد بە چوار ساڵی رابردوو دۆخی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان باشتر بووە، بەڵام ئەو گۆڕانکارییە ڕێژەییە و پڕۆژە گرنگ و ستراتیجییەکانی وەبەرهێنان لە هەولێرن و شارەکانی تری دهۆک و سلێمانی لەو پڕۆژانە بێبەشن و وەبەرهێنان تێیاندا بەردەوامە لە پاشەکشە.

گوتیشی: لە دوای ساڵی 2014 وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پاشەکشەی کردووە، بەڵام لە ساڵی 2018 و دوای لابردنی پاشەکەوتی موچەی فەرمانبەران بەتایبەت لە ساڵی 2019ڕێککەوتنەکان لەگەڵ بەغدا کاریگەری ئەرێنی باشی دروستکردووە و دۆخی ئابووری باشتر بووە، ئەمەش وای کردووە جوڵەی بازاڕ و خواست لەسەر پڕۆژە و کارکردن لە پڕۆژەکانی رابردووش بە ئەندازەیەک بەرچاو دەرکەوێت.

لەئێستادا وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ڕێژەییە، بەجۆرێک لە هەولێر کەرتی وەبەرهێنان جموجۆڵی باشی تیادایە و خواستێکی زۆری لەسەرە و چەندین پڕۆژە مۆڵەتیان وەرگرتووە، لەو پڕۆژانەش پڕۆژەی گەورە و گرنگ و ستراتیجی تیادایە، بەڵام لە شارەکانی تری دهۆک و سلێمانی کە ئیدارەکانی ڕاپەڕین و گەرمیانیش لەخۆدەگرێت وەبەرهێنان بەردەوامە لە پاشەکشە و لە وەستانێکی سەیردایە لە کاتێکدا کە ساڵی 2013 کە ساڵی گەشی وەبەرهێنان بوو 13 ملیار دۆلار مۆڵەتی وەبەرهێنان درا، لەو مۆڵەتانە سلێمانی ڕێژەیی پێوانەیی تێپەڕاند لە پڕۆژە پیشەسازی و گرنگ و گەشتیارییەکاندا، بەڵام ئەم سنووره (پارێزگای سلێمانی) بە هۆی کێشمەکێشمی سیاسی و ناکۆکییەکانەوە زیانی گەورەی کردووە، ئێستا کێشە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە وای کردووە بەتایبەت حکوومەتی خۆجێی سلێمانی ناتوانێت هیچ خزمەتێک بکات بە شاری سلێمانی، هەروەها ئەو کێشە و ناکۆکییە سیاسییانەی لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان هەیە کاریگەری ڕاستەوخۆی دروستکردووە لەسەر بازاڕ.

هۆکارەکانی پاشەکشەی وەبەرهێنان لە سلێمانی

گوتەبێژی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستان کە بۆ خۆی یەکێکە لە وەبەرهێنەرە دیارەکانی سلێمانی و چەندین پڕۆژەی وەبەرهێنانی لەم شارە هەیە، بە نیگەرانییەوە باس لە پاشەکشەی وەبەرهێنان و ڕەنگدانەوەی کاریگەری دۆخی ئیداری و سیاسی شارەکە لەسەر کەرتی وەبەرهێنان و بازرگانی لە شارەکە دەکات. یاسین مەحمود گوتی: لە ساڵی2014 بەدواوە کە سەیری دەموچاوی پڕۆژەکانی پارێزگای سلێمانی دەکەین لە مۆڵە گەورەکان و هۆتێلە پێنج ئەستێرەکان و پڕۆژە گەشتیارییەکان، هەر ئەو پڕۆژانەن کە پێش ئەو ساڵە مۆڵەتیان وەرگرتووە و پڕۆژەی وەبەرهێنانی نوێ نەکراوە، بەڵام لە دوای ساڵی 2014 و قەیرانەکان و کێشمەکێشمی سیاسی و لابردنی دەسەڵاتەکان لە سنووورەکە و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆتین بۆ شێوازێکی چاوەڕوان نەکراو، هەروەها دەستێوەردان و شتی تر، پڕۆژە و چالاکییەکان ناهێنرێنە سلێمانی بە نموونە چەندین پێشانگا و کۆنگرە و کۆنفرانسی گەورەی بازرگانی لە هەولێر دەکرێت و سەرەڕای داواکاری جەختکردنەوەمان بۆ ئەنجامدانیان ئامادە نەبوون بۆ هاتنە سلێمانی، دەبێت ئەو پرسیارە لە سیاسییەکان بکرێت لەسەر هۆکارەکانی؟.

یاسین مەحمود دەشڵێت: تا ئێستا چەندین پڕۆژە لەم شارە ڕاگیراون و دەستیان پێ نەکردووەتەوە، بە نموونە پڕۆژەی شەقامی 100 مەتری سلێمانی لە نێوان کابینەکان دەستاودەست دەکات و تا ئێستا نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، کابینەی حەوت ڕادەستی کابینەی هەشتی کرد، کابینەی هەشتیش ئەوە ڕادەستی کابینەی نوێی حکوومەتی دەکات، هیوادارم ئەم کابینەیەش ڕادەستی کابینەی دوای خۆی نەکات.

- زیانەکانی دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی نوێ

گوتەبێژی یەکێتیی وەبەرهێنەران لە بەشێکی تری قسەکانیدا باس لەوە دەکات کە دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زیانی گەورەی ئابووری هەبووە، بەگوتەی ئەو زیانەکان دەگاتە زیاتر لە پێنج ملیار دۆلار. یاسین مەحمود لەو بارەیەوە گوتی: دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کاریگەری خراپی لەسەر وەبەرهێنان دروستکردووە کە بۆ نزیکەی 300 ڕۆژ دەبێت حکوومەت پێکنەهاتووە، هیوادارین لەم ڕۆژانەدا کە کۆبوونەوەکان گەرموگوڕی زیاتری بەخۆوە ببینیوە بگەنە ئەنجام، بەپێچەوانەوە ئەو زیانانەی بە هۆی دواکەوتنی پێکهێنانی کابینەی نوێ هەیە و دەگاتە زیاتر لە پێنج ملیار دۆلار کە لەم ماوەیەدا زیانیان لێکەوتووە لە پاشەکشەی وەبەرهێنان و ئاڵۆگۆڕی بازرگانی و جوڵەی بازاڕ و بەڵێندەرایەتی و هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە ئابوورییەوە هەیە، زیاتر دەبن.

جووڵە و ئاڵۆگۆڕی بازرگانیی نێوان ئێران و هەرێم

لە بەشی کۆتایی دیمانەکە و لە بارەی کاریگەری سزاکانی ئەمەریکا لەسەر ئێران و کاردانەوەی ئەو سزایانە لەسەر هەرێمی کوردستان و هاتنی وەبەرهێنەر و سەرمایەدارە ئێرانییەکان بەهۆ هۆیەوە بۆ هەرێمی کوردستان و گواستنەوەی کارخانە و سەرمایەکانیان، گوتەبێژی یەکێتیی وەبەرهێنەران زیاتر قسەی کرد و گوتی: تووندکردنەوەی سزاکانی سەر ئێران لە لایەن ئەمەریکاوە لەئێستادا تەنها لەسەدا 70ی جێبەجێکراوە، بەپێی لێدوانی بەرپرسانی ئەمەریکاش پێویستە ئەو گەمارۆیانە بگاتە لەسەدا سەد. لە ماوەی ڕابردوودا و دوای سەردانی وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ سلێمانی (لە مانگی کانونی دووەمی ڕابردوو ئەنجامدرا) و کۆبوونەوەی لەگەڵ سیاسی و بازرگان و سەرمایەدارەکان، بۆمان دەرکەوت کە ئێران دەیەوێت دەروازەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکاتە فاکتەرێک بۆ ڕزگاربوونی لە بەشێک لەم گەمارۆ قورسانەی کە کەوتووەتە سەری و سوودی زۆر گەورەشی لێوەرگرت، ترسی گەورەمان هەبوو لەوەی نوێترین سزاکانی ئەمەریکا داخستنی دەروازە سنووریەکان بێت، بەڵام لەسەر چەند بەرپرسێکی ئێرانی جێبەجێکرا، ئێستا بەم ڕێژەیەی سزاکانی سەر ئێران زۆرن ئەو کۆمپانیایانەی لە دەرگای هەرێمی کوردستان دەدەن بۆ گواستنەوەی دەیان کارخانەی گەورەی ستراتیجی لە ئێراندا کە یەکی کەوتووە لە کارخانە پترۆکیمیاوییەکان و بەرهەمەکانی خۆراک و دەرمان و تا دوایی.

- دەتوانین ببینە بەرهەمهێنەری کاڵاکان لە بری هاوردەکەر

یاسین دەشڵێت: ئێرانییەکان باش دەزانن ئەگەر ڕێژەی سزا و گەمارۆکانی ئەمەریکا بگاتە لەسەدا سەد ئەوکات زۆربەی زۆری کارخانەکانی ئێران لە کارکردن دەوەستن، ئەگەر هەرێمی کوردستان بواریک بکاتەوە و لیژنەیەک لە کەرتی گشتی و تایبەت بۆ ئەو مەبەستە دروست بکات، ئەوکات دەتوانین لە ماوەی دووساڵدا بە گوژمەی زیاتر لە چەندین ملیار دۆلار کارخانە لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێنین و ڕووداوەکان پێچەوانە بکەینەوە و ببینە بەرهەمێنەری کاڵاکان لە بری هاوردەکەر. گوتەبێژی وەبەرهێنان گوتیشی: بە شێوەیەکی گشتی و تا ئێستا و لە دوای تووندکردنەوەی گەمارۆکانی ئەمەریکا لەسەر ئێران لە بەرژەوەندی ئێران و هەرێمی کوردستان بووە و جوڵە و ئاڵۆگۆڕی بازرگانی بەپێی داتاکانی لای ئێمە لەسەدا 30 زیادی کردووە، بەجۆرێک لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا کە گەمارۆکان تووندتر بوونەتەوە لەسەر ئێران خاڵە سنوورییەکانمان جوڵەی زیاتریان تیادا دروست بووە و ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت ئەوا ڕەنگە قەبارەی ئاڵۆگۆڕی بازرگانی لە هەر سێ دەروازەی ڕەسمی باشماخ و پەرویزخان و حاجی ئۆمەرانەوە بگاتە هەشت تا نۆ ملیار دۆلار.



دیاردەی خۆر گیرانی تەواو لە وڵاتانی کیشوەری ئەمەریکای باشوور

لە ئەرجەنتین دیاردەی خۆر گیران کە لە کاتژمێر چوار و نیوی ئێوارەی ڕۆژی سێشەمە بە کاتی ناوخۆی ئەو وڵاتە دەستپێکرد و نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند لە ویلایەتەکانی سان خوان، لا ریۆجا، سان لویس، کۆردۆبا، سانتا فی و بۆینس ئایرس بەدیکرا. خۆر گیرانەکە بە هۆی کەشوهەواوە لە بۆینس ئایرسی پایتەختی ئەو وڵاتە بەڕوونی نەبینرا و ئەوانەی ئارەزووی بینینیان کرد ڕوویان لە شوێنە بەرزەکان کرد. دیاردەکە لە سان خوان بەڕوونترین شێوە بینرا بەراورد بە شوێنەکانی دیکە، بەو هۆیەشەوە نزیکەی 15 هەزار کەس لە شوێنە جیاوازەکانەوە ڕوویان لەو ویلایەتە کرد. هەروەها خۆر گیران لە هەموو ناوچەکانی چیلی تەماشاکرا و دیاردەکەش زۆر بەڕوونی لە ناوچەی کۆکیمبۆی باکووری ئەو وڵاتە دەبینرا کە 140 هەزار گەشتیار سەردانیان کرد بە مەبەستی بینینی.

پسپۆڕێک: بڕیارەکەی opec سوودێکی باشی بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت

پسپۆڕێکی بواری نەوت و وزە دەڵێت، ئەو بڕیارەی ڕێکخراوی opec بۆ درێژکردنەوەی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بۆ 9 مانگی دیکە لەلایەن ڕێکخراوی opecەوە، بڕیارێکی زۆر ئەرێنی و میژوویییە، چونکە ئەمە بۆ هێمنیی بازاڕی نەوتە لە جیهاندا، بۆیە ئەمە باشترین بڕیارە، لەبەر ئەوەی opec خۆی خنسی، بە مانْپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: دریژکردنەوەی وادەی کەمکردنەوەی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بۆ 9 مانگی دیکە لەلایەن ڕێکخراوی opecەوە، بڕیارێکی زۆر ئەرێنی و میژوویییە و تەنها جارێکی دیکە لە ئاستێکی باشدا جێگیر بێت. خنسی گوتیشی: ئەگەر opec وادەکەی درێژ نەکردبایەوە، جارێکی دیکە ئەو وڵاتانەی زۆرینەی داهاتیان وەکو عێراق لەسەر نەوتە، تووشی زیانێکی زۆر دەبوون و جارێکی دیکە قەیرانی دارایی دروست بە تەنها ملیۆنێک و 200 هەزار بەرمیلی کەمکردووە و ئەوانەی دەرەوەی opecیش 600 هەزار بەرمیلیان کەمکردووە، ئەمەش لە پێناوی دروستکردنی هاوسەنگی لە بازاڕدا، لەبەر ئەوەی نەوتێکی زۆر دەچووە بازاڕ و ببووە هۆی ئەوەی نرخی نەوت دابەزێت، بەڵام دەبوو، بەڵام ڕێکخراویopec بەم بڕیارە میژوویییە توانی ئەو وڵاتانە ڕزگار بکات لە قەیرانی دارایی، ئێستاش نەوت لە بازاڕ بە 67 دۆلارە و بەو بڕیارەش نرخی نەوت زیاتر بەرز دەبێتەوە، بەڵام ئەگەر بڕیاری کەمکردنەوەکەی درێژ نەکردبایەوە، نرخی نەوت تا35 دۆلار دادەبەزی.

ناوبراو باسی لەوەش کرد، بۆ هەرێمی کوردستان ئەو بڕیارە سوودێکی زۆری هەیە، چونکە هاوشێوەی وڵاتانی دیکە، هەرێمی کوردستانیش داهاتی زۆرینەی لەسەر نەوتە، بۆیە سوودێکی باشی بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی داهاتی هەرێمی کوردستان بەردەوام لە زیادبوندا

شاخەوان عەبدوڵا: دەبێ مەلەفی ئەمنی بدرێتەوە بە کەرکووکییەکان و خانووی هیچ کوردێکیش ناڕووخێنرێت



غەیرە کوردن. شاخەوان عەبدوڵا جەختیشی کردەوە: لە کاتی دروستبوونی بۆشایی لە دەزگا ئەمنییەکان، ئیتر ئەو دەزگایانە شەرعیەتیان نامێنێت، ئەوەشمان لە بەغدا باس کردووە کە هەرچی بکەن و باشیش بێت بەلای ئێمەوە خراپە، لەبەر ئەوەی ئەو هێزانەی ئێستا لە کەرکووکن، کەرکووکی نین و خەڵک نایانناسێت و بۆ ئەوان غەریبن. ئەو ئەندامەکەی لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دەشڵێت: ئومێدەوارین بەم نزیکانە بگەینە چارەسەرێک کە هاوسەنگی لە دەزگا ئەمنییەکاندا ڕووبدات و مەلەفی ئەمنی بدرێتەوە بە کەرکووکییەکان، بۆ ئەوەی ئەو گلەیی و گازەندانە دروست نەبن.

لەبارەی هەڕەشەی لیوای 61ی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بۆ چۆڵکردنی ئەو مالانەی گەڕەکی فەیلەق و عەرەفە، شاخەوان عەبدوڵا گوتی: هیچ گەڕەکێک چۆڵ ناکرێت، ئەگەر یەک دوو مالێک کێشەی هەبێت، ئەوا چارەسەر دەکرێن، بۆ چۆڵکردنی گەڕەک دەبێ بڕیارێک لەلایەن پەرلەمانەوە دەربچێت، خانووی هیچ کوردێکیش ناڕووخێنرێت، بەڵکوو دەبێ پارێزگار خزمەتگوزاریشیان بۆ جێبەجێ بکات.

ئەندامێکی لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک ڕایەدگەیەنێت، هیوادارین بەم نزیکانە بگەینە چارەسەرێک کە هاوسەنگی لە دەزگا ئەمنییەکاندا ڕووبدات و مەلەفی ئەمنی بدرێتەوە بە کەرکووکییەکان. پاش ئەوەی ڕۆژی سێشەمە و دوێنێ چوارشەمە هێزێکی لیوای61 تایبەت بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق هەڵیانکوتایە سەر گەڕەکەکانی عەرەفە و فەیلەق لە شاری کەرکووک، مۆڵەتی چەند ڕۆژێکیان بۆ چۆڵکردنی مالەکان دا، شاخەوان عەبدوڵا، ئەندامی لیژنەی ئاساییکردنەوەی کەرکووک بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: ئێمە چاودێریی ئەو بابەتەمان کردووە و لەگەڵ بەغدا باسمان کردووە، بەڵام ئەوان دەڵێن زانیاریمان هەیە بنەمالەی عەرەب لە ناوچەکانی "ڕەشاد، ڕیاز و قەزای حەویجە" چوونەتە گەڕەکە کوردییەکان و گومانلێکراون، واتە ئەو مالانە

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/7/4 ژمارە (5782)

فەڕەنسا و ئەڵمانیا نیگەرانن لە تێپەڕاندنی سنووری پێتاندنی یۆرانیۆم لە لایەن ئێرانەوە

سەرکۆماری ئێران: لە دوای حەوتی تەممووزەوە ڕێژەی پێتاندنی یۆرانیۆم بەرزدەکەینەوە



زەریف بۆ وڵاتانی ئەورووپا:
بەرپرسیارێتییە ئابوورییەکانتان بەرامبەر تاران جێبەجێ بکەن

لە ڕاگەیەندراوی هاوبەشی بەریتانیا، ئەڵمانیا و فەڕەنسادا داوا لە ئێران کراوە لە پێتاندنی یۆرانیۆمدا بگەڕێتەوە بۆ ئەو بڕەی کە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیدا بۆی دیاریکراوە. نوێنەرایەتی بالآی ئاسایش و سیاسەتی دەرەوەی یەکێتیی ئەورووپا لەگەڵ بەریتانیا، وەزیرانی دەرەوەی فەڕەنسا و ئەڵمانیا لە ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشدا نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر تێپەڕاندنی سنووری پێتاندنی یۆرانیۆم لە لایەن ئێرانەوە کە بۆتە "نیگەرانیی لەم بڕیارە کە دەبێتە هۆی لێپێچینەوە لە ئامرازێک کە پێویستە بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی. داوا لە ئێران دەکەین پاشگەزبێتەوە لەم هەنگاوی و خۆیشی بەدوور بگرێت لەهەر ڕێوشوێنێکی تر کە ڕێککەوتنی ئەتۆمی پێشێل دەکات".

ڕاشینگەیاندووە: جگە لەوە لە چوارچێوەی ماددەکاندا لە هەنگاوی داهاتوودا لەگەڵ لایەنەکانی تری ڕێککەوتنی ئەتۆمی هەڵسەنگاندنێکی خێرا ئەنجام دەدرێت.

لە کاردانەوەیەکیشدا بەرامبەر هەڵوێستی وڵاتانی ئەورووپا، وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف ڕایگەیاند کە تەواو پابەندبوونی وڵاتەکەی بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی کە بە پلانی کاری هاوبەشی گشتگیر ناسراوە پەیوەستە بە جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتی ئابووریی وڵاتانی ئەورووپا بەرامبەر بە تاران. محەمەد جەواد زەریف لە پەیامێکیدا کە لە هەژماری خۆی لە تویتەر بڵاویکردووەتەوە، داوای لە وڵاتانی ئەورووپی لایەنی ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئەڵمانیا، فەڕەنسا و بەریتانیا کە بەE3 ناسراوە لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا کرد بەرپرسیارێتییە ئابوورییەکانیان بەرامبەر تاران جێبەجێ بکەن. وەزیری دەرەوەی ئێران لە پەیامەکەیدا ڕاشیگەیاندووە: ئەگەر E3 و یەکێتیی ئەورووپا بەڵێنە ئابوورییەکانیان بەجێبگەیەنن، ئەوا ئێران پێداگرە لەسەر تەواو جێبەجێکردنی پلانی کۆبوونەوەی حکوومەتەکەی لە تاران گوتی: پێتاندنی یۆرانیۆم بەڕێژەی 3.67 لەسەدا نامێنێتەوە کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی جێگیرکراوە، بەڵکو لە دوای حەوتی تەمووزەوە ڕێژەکە بۆ ئەو ئاستەی کە پێوستیمانە، بەرزدەکەینەوە. سەرکۆماری ئێران گوتیشی: ئامۆژگاری ئەورووپا و ئەمەریکا دەکەین بەباشی بیر بکەنەوە و بگەڕێنەوە سەر مێزی دانوستانەکان. وەک ئاماژەیەکیش بۆ ئەورووپا و ئەمەریکا، سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی گوتی: ڕێزلە یاسا و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بگرن، بەو شێوەیە هەموان دەتوانین پابەندبین بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی. جێی باسە پێشتر ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی ئاشکرایکردبوو، ئێران ئاستی پێتاندنی یۆرانیۆمی ئەو سنووردی تێپەڕاندووە کە لە 300 ڕێککەوتنی ئەتۆمیدا بە 3.67 لەسەدا جێگیرکراوە.

ئەمەریکا: ئەگەر تورکیا سیستمی S400 بکڕێت ئەوا ڕووبەڕووی سزای ڕاستەقینە و زۆر خراپ دەبێتەوە





سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا: بڕیار دراوە لەسەر S400کەکان و ئێتر لە دۆخێکدا نین بڵێین وەریبگرین یان نا

دەنگی ئەمەریکا/

بەرپرسانی ئەمەریکی بە ڕێتەرزیان وت بەڕێوبەرایەتییەکەی سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالد ترەمپ هێشتا پلان دادەنێت بۆ سەپاندنی سزا بەسەر تورکیادا و دەرکردنی ئەو وڵاتە لە پڕۆگرامی فڕۆکەی جەنگی ئێف 35دا، ئەمەش ئەگەر تورکیا سیستمی بەرگری مووشەکی ڕووسی ئێس 400ی دەست بکەوێت.

ئەردۆگان دوای چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ سەرۆک دۆنالد ترەمپدا لە ژاپۆن گوتی وڵاتەکەی ڕووبەڕووی سزای ئەمەریکا نابێتەوە کاتێک سیستمە بەرگرییە موشەکییە ئێس400 لە ڕووسییەکەیان لە ڕۆژانی داهاتوودا بەدەست دەگات.

سەرۆک ترەمپ لەمیانەی چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ ئەردۆگان وڵامی پرسی نایا ئەمەریکا سزا دەسەپێنێت بەسەر تورکیادا یاخود نا.

بەڵام بەرپرسانی حکوومەتی ئەمەریکا بە ڕێتەرزیان وت بەڕێوبەرایەتییەکە بەنایزە سزا بسەپێنێت بەسەر تورکیادا و لە پڕۆگرامی فڕۆکەی جەنگی ئێف 35 بیکاتە دەرەوە، ئەمەش لەکاتێکدا ئەگەر سیستمی ئێس 400ی ڕووسیی وەربگرێت. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا گوتی: ئەمەریکا هەمیشە بە ڕوونی جەختی لەوە کردۆتەوە ئەگەر تورکیا بەردەوام بێت لە کڕینی سیستمی ئێس400 ئەوا ڕووبەڕووی سزای ڕاستەقینە و زۆر خراپ دەبێتەوە، لەوانەش ڕاگرتنی فرۆشی و بەشداریکردنی لە پڕۆگرامی ئێف 35دا و بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانی ئەمەریکا سزای بەسەردا دەسەپێنرێت. هەروەها لە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکاش کۆڵۆنێڵ مایک ئاندروزی وتەبێژی هێزی ئاسمانی گوتی: لەمبارەیەوە هیچ شتێک نەگۆڕاوە.

گوتیشی: کڕینی سیستمی بەرگری موشەکی ڕووسی ئێس 400 لەلایەن تورکیاوە لەگەڵ پڕۆگرامی ئێف 35دا یەک ناگرێتەوە، ڕێگە بە تورکیا نادەین هەردوو سیستمەکەی هەبێت.

لەکاردانەوەیەکیشدا سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا مستەفا شەنتۆپ ڕایگەیاند کە تورکیا بڕیاری خۆی داوە لەبارەی S400کەوە و گوتی: لەمانگی تەمووزدا یەکەم بەشی ڕادەست دەکرێت. ئێتر لە خاڵێکدا نین بڵێین بکرێت یان نا، وەریگرین یان نا وەرینەگرین. سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا لێدوانێکی سەرکۆماری تورکیاشی بیرهێنایەوە لەبارەی کڕینی S400کان لە ڕووسیاو گوتی: بڕیار دراوە لەسەر S400کان. لە مانگی تەمووزدا یەکەم بەشی ڕادەست دەکرێت. ئێتر لە دۆخێکدا نین بڵێین وەریبگرین یان نا، بیکڕین یان نەیکڕین. مستەفا شەنتۆپ ئاماژەی بەوەش دا کە هەوڵ دەدرێت لەڕێی ئەمریکاو ناتۆوە لەبارەی S400کەوە فشار بخرێتە سەر تورکیا و گوتی: پرسی کڕینی S-400هیچ نهێنییەک و شاراوەییەکی تیا نییە و بەبەرچاوی هەموو جیهانەوە ئەنجام دراوە.

ڕکابەرێکی سەرسەختی ئەردۆغان دەدرێتە دادگا

باسنیوز/ عەلی باباجان، کە پێشتر وەزیری دارایی و ئابووریی تورکیا بووە و بەنیازە پارتێکی تازە دابمەزرێنێت و 40 ئەندام پەرلەمانی ئاکەپەی لەگەڵدایە، بە بیانووی ئەوەی لەو سەردەمانەی پۆستی هەبووە، خزمەتی گرووپی "فەتحوڵا گولەن"ی کردووە، بۆیە بە مەبەستی دەستگیرکردنی دۆسیەی لەسەر جوولێندراوە. تەلەفزیۆنی (نۆردا تی ڤی)ی تورکی هەواڵێکی بڵاوکردووەتەوە، بەوەی عەلی باباجان بەرلەوەی پارتە تازەکەی دابمەزرێنێت دەستگیر دەکرێت، چونکە تۆمەتبارە بە خزمەتکردنی سەرانی فەتحوڵا گولەن، سەرۆکی بزوتنەوەی خزمەت. لە هەواڵەکەدا هاتووە، ئەوکاتانەی باباجان وەزیری دارایی و ئابووری بووە، بە شێوەیەکی نایاسایی پارەی بۆ گولەنییەکان خەرج کردووە، هەروەها چەندین کەسیشی بە شێوەیەکی نایاسایی دامەزراندووە، کە ئەوانیش هەر سەر بە گولەن بوون. باباجان کە سیاسییەکی ناسراوای تورکیایە و جگە لەوەی پێشتر وەزیری دارایی بووە، هاوکات جێگری سەرۆکوەزیرانی تورکیاش بووە، بەنیازە پارتێکی تازە دابمەزرێنێت، کە ڕکابەری پارتەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بکات، بەڵام چەند میدیایەکی تورکی و تەلەفزیۆنی (نۆردا تی ڤی) بڵاویان کردووەتەوە، بەرلەوەی پارتەکەی دابمەزرێنێت، دەستگیر دەکرێت. هەرچەندە تاوەکوو ئێستا بە فەرمی دۆسیەکەی لە دادگا نەجوولێنراوە، بەڵام ڕێکارەکانی دادگاییکردنی باباجان دەستپێکردووە و لە ماوەیەکی نزیکدا داواکاری گشتی بۆ دەجوولێنن.

دەیڤید ماریا ساسۆلی بە سەرۆکی نوێی پەرلەمانی ئەورووپا، هەڵبژێردرا

لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پەرلەمانی ئەورووپادا، سۆسیال دیمۆکراتی ئیتاڵی، دەیڤید ماریا ساسۆلی بە سەرۆکی نوێی پەرلەمانی ئەورووپا، هەڵبژێردرا. دانیشتنی پەرلەمانی ئەورووپا بە مەبەستی دیاریکردنی سەرۆکی خولی نوێ لەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا لە مانگی ئایاردا، سەرلەبەیانی زووی دوێنێ چوارشەمە بە چوار کاندید دەستپێکرد و تا گەڕی دووەمی هەڵبژاردنەکان، نەتوانرا زۆرینەی ڕەها بەدەستبهێنرێت.

بەپێی یاساکان ئەو کاندیدانەی لە گەڕی یەکەمی هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی ڕەهایان بەدەست نەهێناوە لە گەڕی دووەمدا ڕکابەری دەکەن و بەوشێوەیەش کاندیدی سۆسیال دیمۆکراتەکان، دەیڤید ماریا ساسۆلی345 دەنگی بەدەستهێنا. کاندیدی ئەڵمانی پارتی سەوزەکانی ئەورووپا، سکا کیلەر119 دەنگ، کاندیدی ئیسپانیی یەکگرتووی چەپڕەوی ئەورووپا/ چەپڕەوی سەوزی ئیسکەندیناڤیا، سیرا ڕیگۆ43 دەنگ و کاندیدی چیکی پارێزگاران و ریفۆرمیستەکانی ئەورووپا، یان زاهرادیل160 دەنگی بەدەستهێنا.

بەوشێوەیەش ساسۆلی ئیتاڵی تەمەن 63 ساڵ پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمانی ئەورووپا لە ئەنتۆنیۆ تاجانی وەردەگرێت. جێی باسە ساسۆلی ڕۆژنامەوانی پێشووە و ڕۆژی یەکی تەموزی 2014 بە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپا هەڵبژێردرابوو.

ڕووسیا پەیماننامەی هێزە ئەتۆمییە مەودا مامناوەندەکانی هەڵپەسارد

سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمیر پوتین واژووی لەسەر ئەو پرۆژەیە یاسایە کرد کە پێشنیازی کشانەوە دەکات لە پەیماننامەی هێزە ئەتۆمییە مەودا مامناوەندەکان. بەپێی ئەو پرۆژەیە یاسایەی کە لە لایەن ڤلادیمیر پوتین واژووکراوە، ڕووسیا پەیماننامەی هێزە ئەتۆمییە مەودا مامناوەندەکانی هەڵپەسارد. پێشتر ئەمریکا ڕایگەیاندبوو تاکلایەنە لە پەیماننامەی هێزە ئەتۆمییە مەودا مامناوەندەکان دەکشێتەوە کە لە ساڵی 1987 لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتی جاران واژووی کردووە و پێشنیازی قەدەغەکردنی ئەو مووشەکانە دەکات کە مەوداکانیان لە نێوان 500 بۆ پێنج هەزار و 500 کیلۆمەتردایە و توانای هەڵگرتنی کلاوەی ئەتۆمییان هەیە. لەبەرامبەر ئەو هەنگاوەی ئەمریکاشدا، ڤلادیمیر پوتین بڕیارنامەیەکی پەسەند کردبوو بۆ هەڵپەساردنی پەیماننامەی هێزە ئەتۆمییە مەودا مامناوەندەکان.

بەڕێوەبەری گشتیی پرۆژەکان لە وەزارەتی پلاندانان: ئەو پرۆژانەی دەکەونە وەکارخستن بۆ بووژانەوەی بازاڕە



بەڕێوەبەری گشتیی پرۆژەکان لە وەزارەتی پلاندانان ڕایدەگەیەنێت، ئەو پرۆژانەی کە گرینگ و ستراتیژین و لە هەمان کاتدا دەرفەتی کار وەگەڕ دەخەن، بەشەبودجەیان بۆ دابین دەکەین، هەروەها زیاتر لە 40 هەزار دەرفەتی کار پەیدا دەبێت.

زاگرۆس فەتاح، لە لێدوانێکدا پەیوەست بە پرۆژەکان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، لە ساڵی 2019دا پرۆژەیەکی زۆری وەبەرهێنان دەستیان بە کارکردن کردووەتەوە، کە ئەمەش بووژانەوەی بازاڕ و دەرفەتی کار زیاد دەکات، هەروەها دەشڵێ، ئەو پرۆژانەی کە گرینگ و ستراتیژین، لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئێمەوە هەماهەنگی کراوە کە بتوانین بەشەبودجەیان بۆ دابین بکەین، بە تایبەتی ئەو پرۆژانەی کە دەرفەتی کار وەگەڕ دەخەن. فەتاح جەختیش لەوە دەکاتەوە، وەزارەتی پلاندانان بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە حکوومەت بەشەبودجەیەک کە هەرچەند کەمیش بێت، بتوانێ دابینی بکات بۆ پرۆژەکان، چونکە پێی وایە، گرینگیی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانە جگە لەوەی خزمەتگوزاری بە هاوووڵاتیان دەگەیەنن، لە هەمان کاتدا دەرفەتی کاریش دەڕەخسێنن.

بەڕێوەبەری گشتیی پرۆژەکان لە وەزارەتی پلاندانان ڕاشیدەگەیەنێت، ئەو پرۆژانەی دەکەونە وەکارخستن و پارەیان بۆ دابین دەکرێت، بۆ بووژانەوەی بازاڕە، بە تایبەتی بووژانەوەی بواری بیناسازییە، ناوبراو گوتیشی، لە ڕێگەی پرۆژەکانەوە ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان کەمتر دەبێتەوە و خەڵک دەتوانێ کاری دەست کەوێ لەم بوارەدا. هاوکات پێشی وایە، جوواڵەی بازاڕ و جێبەجێکردنی پرۆژەکان دەرفەتی کاری زۆر دروست دەکات، لە لایەکی دیکەشەوە بە پێی ئەو دیراسانەی کە ئەنجامیان داوە، لە هەرێمی کوردستان، هەر ملیار دۆلارێک خەرج بکرێت، نزیکەی 40 بۆ 45 هەزار دەرفەتی کار پەیدا دەکات، کە ناوبراو پێی وایە، سیاسەتێکی باشی ڕەخساندنی هەڵی کارە.

زیاتر لە 40 هەزار دەرفەتی کار پەیدا دەبێت

بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێر بەرزترین ڕێژەی قبووڵکردنی لە پۆلی یەکەمدا تۆمار کرد



لەدرێژەی دیدارو کۆبوونەوە بەردەوامەکانیدا لەگەڵ نوێنەرانی چین و توێژە جیاجیاکانی سنوورەکە بەمەبەستی پتەوترکردنی هەماهەنگییەکان و چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفت و پێداویستییەکانیان، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پاری دیموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی دکتۆر شاڵاو مەلا ئەمین خۆشناو و سامیە شێروانی کارگێڕانی لق لە بارەگای لق لەگەڵ ستافی ڕێکخراوی لاوانی سەربەخۆو گروپی بنیادی کوردستانێکی کۆبوونەوە.

لەدەسپێکی کۆبوونەوەکەدا شاندی میوان ئاماژەیان بە بەشێک لەکارو چالاکییەکانیاندا کە لەماوەکانی ڕابردوودا ئەنجامیانداوە لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و خزمەتکردن بەنیشتمان و نەتەوەکەمان و چۆنیەتی کارکردن و بەرنامەی کاری ڕێکخراوەکانیان لەئایندەدا شیکردەوەو بەمەبەستی دەوڵەمەندترو فراوانترکردنیان گفتوگۆی تێرو تەسەلیان لەسەر کرا بۆ ئەوەی لەماوەی کارکردنیاندا بتوانن زۆرترین خزمەت بەخەڵکی نیشتمانەکەمان بکەن.

دواتر بەرپرسی لقی 16ی هەولێر ئاماژەی بە گرنگی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کرد کە لەماوەی ڕابردوودا و تائێستا توانیویانە خزمەتێکی دیارو بەرچاو بەچین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردستان بکەن، بێگومان ئەمەش هەنگاوێکی ئەرێنییە بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست و پێشکەوتوو، لەم ڕوانگەیەشەوە وەک چۆن لەڕابردوودا ئەوەی لەتواناماندا بووبێت هاوکاری و پاڵپشتی ڕێکخراوەکانمان کردووە لەداهاتوودشدا بەهەمان نەفەسەوە بەردەوامدەبین بۆ ئەوەی بەهەموو لایەکمان بتوانین خزمەتی نیشتمان و نەتەوەکەمان بکەین.

بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێر بەرزترین ڕێژەی قبووڵکردنی لە پۆلی یەکەمدا تۆمار کرد

پۆستی جێگری سەرۆکی سەندیکای کارمەندانی تەندورستیی کوردستان ئاڵوگۆڕکرا



بە سەرپەرشتی ساسان عەونی ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بە ئامادەبوونی سابر ئەحمەد ئەندامی دەستەو بەرپرسی فایلی تەندورستی، سەندیکای کارمەندانی تەندورستی کوردستان، لە کەشێکی برایانە ئاڵوگۆڕیان لە پۆستی جێگری سەرۆکی سەندیکای کارمەندانی تەندورستی کوردستان ئەنجامدا. لە وتەیەکدا ساسان عەونی ستایشی کارو ئەرکەکانی جێگری پێشووی سەندیکای کارمەندانی تەندورستی کوردستانی کرد کە دڵسۆزانە وەزیفەی مرۆڤایەتی خۆی جێبەجێکردووەو پێڕۆزبایشی لە جێگری نوێی سەندیکای کارمەندانی تەندورستی کوردستان کرد، هاوکات ئەوەشی دووپاتکردەوە کە بۆ زامنکردنی ئاسایشی تەندروستیمان، کە مەسەلەیەکی گرنگ و جێباسە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، کادیرانی پیشەیی پارتیشمان بە ساخی بکەنەوە، هەر بۆیە وەزارەتی دارایی بڕیاری دا چیتر ڕێگە نەدرێت ئۆتۆمبێلی لێدراو و ژێرئاوکەوتوو هاوردەی هەرێمی کوردستان بکرێت، ئەم بڕیارەش لە سەرەتای ئەم مانگەوە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

جیاوازیی نرخی پارەی کارەبای مۆلیدە لە گەڕەکەکانی کەرکووک ناڕەزایی لێدەکەوێتەوە

خەبات/ سەید فاتیح

بەرزنجی: د. عەلی ڕشید سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بەیاوەری د. سامان بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر و د. لاوەند میران بەڕێوەبەری نەخۆشخانە، ژمارەیەک نەخۆش لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر بەسەردەکەنەوە.

دواتر د. سامان بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر و یاریدەدەر و سەرۆک بەشەکان بەیاوەری د. شاخوان دزەیی بەڕێوەبەری نەخۆشخانە بەوەکالەت، نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەلاتی هەولێری بەسەرکردەوە و لە نشینەکانی 5-6 هەزار دینار بێت، ئەمەیش جیاوازییەکی زۆرە و دەبێت ئەندامانی ئەنجوومەن قبووڵی نەکەن.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش لە لێدوانێکی تایبەتی گوتی: پێویستە بە زووترین کات هەوڵ بدرێت بۆ ئەوەی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، ناکرێت لە شارێکدا لە گەڕەکێک بۆ گەڕەکێکی تر ئەو جیاوازیە گەورە بەدی بکرێت. ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیش سەرجەم ئەو کێشانەی لە دوای ڕووداوەکەی 16 ئۆکتۆبەرەوە دروست بوون لە ئێستا هیچ شتێک لە دەسەلاتی کورد نەماوە بە هەموو شێوەیەک غەدر لە دانیش دانیشتوانی کورد دەکرێت.

هەولێر... لێژنەیەک بۆ خۆپاراستن و ڕێگریکردن لە نەخۆشیی سکچوونی توند پێکدەهێنرێت



خەبات/ سەید فاتیح

بەرزنجی: د. عەلی ڕشید سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بەیاوەری د. سامان بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر و د. لاوەند میران بەڕێوەبەری نەخۆشخانە، ژمارەیەک نەخۆش لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر بەسەردەکەنەوە.

دواتر د. سامان بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر و یاریدەدەر و سەرۆک بەشەکان بەیاوەری د. شاخوان دزەیی بەڕێوەبەری نەخۆشخانە بەوەکالەت، نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژهەلاتی هەولێری بەسەرکردەوە و لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ستافی کارگێڕی و ژمارەیەک بەرپرسی بەشەکان، پێداویستی و کێشەو گرفتەکانیان گفتوگۆ کرد و بەڵێنیان دا بە دابینکردن و چارەسەرکردنی کێشە و پێداویستییەکان و بە مەبەستی خۆ پاراستن لە نەخۆشیی سکچوونی توند.

بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر بۆ مەبەستی پێکهێنانی لێژنەیەک بۆ خۆپاراستن و ڕێگریکردن لە نەخۆشیی سکچوونی توند لەگەڵ گشت بەشە پەیوەندیدارەکان کۆبۆوە بۆ ئامادەباشی و ڕێنمایی پێویست بۆ خۆپاراستن لەم نەخۆشییە لە وەرزی گەرمادا.

سەید سادق.. داواکراوێک لەکاتی دەستگیرکردنیدا ڕووبەڕووی پۆلیس دەبێتەوە

داواکراوێک لە قەزای سەید سادق، کە لەلایەن دادوەرەوە فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە، لەکاتی دەستگیرکردنیدا ڕووبەڕووی پۆلیس بووەتەوە و تەقەی کردووە، لە ئاکامیشدا پۆلیسێک بریندارببووە. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بە کوردستان 24ی ڕاگەیاند، ئێوارەی ڕۆژی سێشەمە، 2ی تەممووزی 2019 داواکراوێک لە کاتی دەستگیرکردنیدا لە قەزای سەید سادق، ڕووبەڕووی هێزەکانی پۆلیس بووەتەوە و تەقەی کردووە، بەهۆیەوە کارمەندێکی پۆلیس بریندارببووە. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد ڕاشیگەیاند، فەرمانی دەستگیرکردنەکەی لەلایەن دادوەرەوە دەرکراوە و دوای ئەوەش زانیاریان لەسەر شوێنەکەی کۆکردووەتەوە. ئاماژەی بەوەش کرد، دوای ڕووبەڕووبوونەوە، داواکراوەکە دەستگیرکراوە، پۆلیسە بریندارەکەش ڕەوانەی نەخۆشخانە کراوە و ئێستاش باری تەندروستی جێگیرە.

ئاگاداری

گۆڤارێک بەناوی (صدی التنوع) دەردەچێت کە خاوەن ئیمتیازەکەی (نەوزاد پولس حنا) و سەرنووسەرەکەی (سەباح خدر ولی) بەزمانی (عەرەبی)و بەشێوەی مانگانە دەردەچێت بارەگای سەرەکی لەشاری هەولێر دەبێت، جا هەر کەسێک تێبینی یان لاری هەبێ با پەیوەندی بەم ژمارە مۆبایلەوە بکات،(0750 446 68 45).

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/7/4 ژمارە (5782)

لەبارەگای لقی 24ی سەفیندا کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی نێوان دوو بنەماڵە چارەسەرکرا



دوێنێ لەبارەگای لقی 24ی سەفین، بە ئامادەبوونی هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی24ی سەفین و بەرپرسی ناوچەی باسرمە و بەرپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی لق، کێشەی کۆمەڵایەتی گوندی بەرازان لە نێوان دوو بنەماڵە چارەسەرکرا.

لە دانیشتنێکدا بە ئامادەبوونی کەسایەتی و ڕیشسپیانی هەردوو بنەماڵەی گوندی بەرازان لە سنوری لیژنەی ناوچەی باسرمە کە ماوەیەکی درێژە بەهۆی کێشەی زەویوزار کێشە لە نێوانیان سەریهەڵدابوو، لەسەر دەستی بەرپرسی لقی24ی سەفین بڕیاریان دا کە کۆتایی بێنن بەو کێشانەی کە لەنێوانیان و کۆنووسی چارەسەری کێشەکەی نێوانیان واژۆکرد و بەڵێنیان دا کە جارێکی تر دووبارەی نەکەنەوە. لای خۆشیانەوە سوپاسی تایبەتیان ئاراستەی بەرپرسی لق و بەرپرسی ناوچەی باسرمە و مەکتەبی کۆمەڵایەتی لق کرد، کە بوونە هۆکاری چارەسەر لەنێوان هەردوولا و نەیانهێشت کێشەکەیان لەوەزیاتر گەورەبێت.

جووتسایدی ڕێگای ناحیەی باتێل و زاخۆ تا مانگی ئەیلوول تەواو دەکرێت



ماوەی چەند ڕۆژێکە دەست بە قیرتاوکردنی ڕێگای ناحیەی باتێل بۆ گەڵی زاخۆ کراوە و کۆمپانیای جێبەجێکاریش ئاشکرای کرد، جۆرێکی قیر بەکار دەهێندرێ کە بۆ یەکەم جارە لە کوردستان و عێراق کاری پێ دەکرێت. ئەندازیار، کامیران عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری پڕۆژەکە، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: پڕۆژەی ڕێگای باتێل- زاخۆ لە سەرەتای مانگی ڕابردووەوە دەست بە قاتی سێیەمی کراوە و بۆ تەواوکردنی ڕێگاکە جۆرە قیرێک بە ناوی ستۆماستیک بەکار دێت، کە بۆ جاری یەکەمە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق کار بەو قیرە دەکرێت، ئەو قیرە زیاتر بەرگەی پلەکانی گەرما دەگرێت و تەمەنی پڕۆژەکەش درێژ دەکاتەوە. بەڕێوەبەری پڕۆژەکە گوتی: کارگەیەکی بەرهەمهێنانی قیرێ جۆری ستوماستیک لە ناوچەی گرشین دامەزراوە و لە ڕێگەی چەندین پسپۆڕی بیانییەوە سەرپەرشتیی دروستکردنی قیرەکە دەکرێت، بڕیاریشە تا سەرەتای مانگی ئەیلوولی دابێت پڕۆژەی قیرکردنی ڕێگای باتێل- زاخۆ کۆتاییی بێت، کە پێنج تۆن لەو جۆرە قیرەی تێدا بەکار دێت.

ئەندازیار، کامیران عەبدوڵڵا گوتیشی: جووتسایدی ناحیەی باتێل- گەڵی زاخۆ وەک پڕۆژەیەکی ستراتیژیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەژمار دەکرێت، درێژیی پڕۆژەکە 13 کم و لە لایەن کۆمپانیای دارین گرووپەوە بە گرژمی 63 ملیار دینار جێبەجێ دەکرێت، کە پێشتر لە ساڵی2013 دەست بە پڕۆژەکە کرابوو و تا 2017تەنیا توانرا دوو چین لە ڕێگاکە قیر بکرێت.

وەزیری ئەوقاف:

شانازی بە میژووی پڕشنگداری زانایانی ئایینی دەکەین لە بەرگرییان لە شۆڕشەکانی کورددا



بەئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەوەکالەت و هەر یەک لە د.عەبدوڵڵا گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و نەجم عەبدوڵڵا کاکل بەڕێوەبەری ئەوقافی دەوروبەری هەولێر و مامۆستایانی ئایینی بەڕێزو میوانان و کەسایەتی ئایینی و کۆمەڵایەتی شارۆچکەی بەحرکە، لە مەراسیمێکی شایستەدا ئیجازەی زانستی بەخشرایە شەش مامۆستای ئایینی کە ماوەی هەشت بۆ دە ساڵ لەلایەن هەردوو مامۆستایانی مۆڵەتپێدەر مامۆستا مەلا تاهیر بەحرکەیی و مامۆستا مەلا تەیب، زانستە شەرعیەکانیان خوێندووە و بەسەرکەوتوویی کۆتاییان پێهێناوە.

سەرەتای مەڕەسیمەکە بەخوێندنەوەی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد، دواتر لەوتەیەکدا وەزیری ئەوقاف دەستخۆشی ئاراستەی مامۆستایانی بەڕێز کرد بۆ ماندووبوونیان و هەوڵیان بۆ پێگەیاندنی پۆلێکی دی لە مامۆستایانی ئایینی گەنج کە هەموو کات پێویستی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینییە، هەروەها وەزیری ئەوقاف ڕایگەیاند کە شانازی دەکەین بە میژووی پڕشنگداری زانایانی ئایینی لە پەڕوەدەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بەرگری قارەمانییەتی مامۆستایان لە شۆڕشەکانی کورد و ڕۆڵیان لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی گەنجان و لاوانمان بە ئاراستەی خۆشەویستی و یەکتر قبوڵکردن و گیانی پێکەوەیی هەمەلایەنە.

پاشان بەڕێز وەزیری ئەوقاف پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی مامۆستایانی مۆڵەت پێدراو و کەسوکاریان و سەرجەم زانایانی ئایینی کرد. ئەو مامۆستایانەی مۆڵەتی زانستییان پێدرا ئەم بەڕێزانە بوون: مەلا یاسین تەحسین زراری، مەلا ئەحمەد عوسمان گەزنەیی، مەلا سەعدون عەبدوڵڵا سورچی، مەلا ڕابەر سلام سنجاوی، مەلا تارق ئیسماعیل بۆتانی، مەلا شیڤان کەریم سورچی.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز سەمیر غەریب

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی غەریب مستەفا بەڵگەیی سەرپەلی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و باوکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەرەکەتانین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆستانتان و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انالله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

سوپاس و پێزانین

بەناوی خۆم و خانەوادەی خوالێخۆشبوو مەزۆ لەشکری سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی هەریەک لە بارەگای جەنابی سەرۆک بارزانی بەنارەدنی بڕووسکەو بەشداریکردنیان لە پرسەی خوالێخۆشبوو و جەنابی مەسروور بارزانی بەنارەدنی بڕووسکەو نوێنەری تایبەتی جەنابیان و هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی کاکەمین نەجار و زەعیم عەلی و فەرماندە و پێشمەرگەکانی لەشکری تایبەت و بەرپرسی لقی دوو د. ئەحمەد کانی و د. پشتیوان صادق وەزیری پەروەردە و بەڕێز نەوزاد هادی پاریزگاری هەولێر و بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و بەرپرس و کارمەندانی دەزگای خێرخوازی بارزانی و هەڤاڵان سەرۆ قادر و یوسف عەبدولقادر و ئاری نانەکەلی و ڕێکان سەلام و فەرهەنگ غەفور و سەلیم گەردی هۆشەنگ صابر و ئەندامانی سەرکردایەتی و سەرۆک و ئەندامانی فراکسیۆنی پارتیمان و ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان و عێراق و بەرپرسانی حزبی و حکوومی سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و برایانی تورکمان و ئاشووری و کریستیان و کەسایەتی و پیاو ماقولانی هەولێر و برایانی ئەنجوومەنی وەزیران و دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش و قائیمقامیەتی هەولێر و ڕۆژنامەی خەبات و سەتەلایتی کوردستان تی ڤی و کوردستان 24 و تەلەفزیۆنی ڕووداو و سەرجەم دەزگا ڕۆژنامەوانی و میدیاییەکانی کوردستان و هونەرمەندان و وەرزشکار و ڕاگەیاندکار و ڕۆژنامەنووسان و پزیشک و کارمەندانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا و نەخۆشخانەی رزگاری و سەرجەم ئەو هاوڕێ هەڤاڵ و دۆستانەی ناوخۆ و دەرەوەی ولات، کە بە ئامادەبوون و ناردنی بڕووسکە بەشداریان کردین لە پرسە و ناشتنی تەرمی وەرزشوانی دێرینی هەولێر مەزۆ لەشکری برامان، خوای گەورە پاداشتی ئەرک و ماندووبوونی هەموو لایەک بداتەوە و لە خەم و کۆستی کۆچکردوویان کەمکردینەوە.

ئازاد لەشکری

لەجیاتی بنەماڵەی لەشکری

پرسە و سەرەخۆشی

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو غەریب مستەفا بەڵگەیی

خەمباربوین بەبیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول، خوالێخۆشبوو (غەریب مستەفا بەڵگەیی). هاوبەشی خەم و پەژارەتانین و پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزم کەس و هاقاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین. لەخودای گەورە داواکارین دواکۆستی خانەوادەکەتان بێت و سەبووری بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انالله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

پرسە و سەرەخۆشی

هەڤاڵی بەڕێز ئیبراهیم کۆیخا هەمزە خۆشناو

خەمباربوین بەبیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کچی ئازیزتان خاتوو (زەینەب ئیبراهیم).

پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی خزم کەسوکارتان دەکەین و هاوبەشی خەمتانین. لەخودای گەورە داواکارین سەبووری بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کچی کۆچکردویشتان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

انالله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

هاریکارییێن دراڤی ل سەر 899 کچ و ژنێن ئێزدی ییێن ڕزگاربوین ژ دەستێن تیرورستێن داعش هاتنە بەلافکرن

خەبات- دهوک: دوهی ل ڕێڤەبەریا کوچوکوچبەران ل دهوکێ ب ئاماددبونا ئیسماعیل محەمەد ئەحمەد هاریکاریێ پاریزگەرێ دهوکێ بو کاروبارێن مروڤایەتی وحسێن قایدی بەرپرسێ نڤیسینگەها ڕزگارکرنا کچ و ژنێن ئێزدی ل دهوکێ وادریس مستەفا نونەرێ وەزارەتا کوچ وکوچبەرێن ئیراقا فیدرال و چەند بەرپرسێن ئیداری، کونگرەکێ ڕوژنامەڤانی بو بەرپرسا نڤیسینگەها بەرسڤ دانا قەیرانان هاتە ل دارخستن ژبو ڕاگەهاندنا بەلافکرنا هاریکارییێن وەزارەتا کوچ وکوچبەرێن ئیراقا فیدرال لسەر کچ وژنێن ئێزدی ییێن ژ دەستێن تیرورستێن داعش هاتینە ڕزگارکرن. ل دەستپێکا کونگرەی مەنال محمد بەرپرسا نڤیسینگەها بەرسڤدانا قەیرانان JCC پەیڤەک خاندن و گوت: ئەڤرو ئەم دێ گەرا دووێ هاریکارییێن دراڤی ییێن وەزارەتا کوچ وکوچبەرێن ئیراقێ ل سەر899 ڕزگاربوینێن ژدەستێ داعش بەلاڤکەین و بو هەر ڕزگاربوینەکی کوژمێ 2 ملیون دینار هاتینە تەرخانکرن و تەکەزکر کو ئەڤ بەرنامە ب هەڤکاریا وەزرەتا نافخویا هەرێما کوردستانێ و وەزارەتا کوچ وکوچبەرێن ئیراقێ دێ ئەنجامدان و وپشتی ڤێ گەرێ بەرنامە دێ بەردەوامبیت.

پاش هاریکاریێ پاریزگەری بو کاروبارێن ئاوارە وپەنابەران دپەیڤەکێدا سوپاسیا وان هەموو لایەنان کر ییێن ئەڤ بەرنامە ڕێکخستی هەروەسا سوپاسیا بەرێز نیچیرڤان بارزانی سەروکێ هەرێما کوردستانێ کر کو هەر ژسالا 2014ێ وەدەمێ کچ وژنێن ئێزدی هاتینە ڕەڤاندن زور هاریکاربویە بو ڕزگارکرنا ڕەڤاندیا وئەڤژو899 ژکچ وژنێن ئێزدی ییێن هاتینە ڕزگارکرن دێ هاریکاریەکا دراڤی وەرگرن ئەوژی مەبلەغێ دوو ملیون دینارایە وبەری نوکە ژی ئەڤ هاریکاریە ل سەر 77 ڕزگاربوییێن دن هاتیە بەلافکرن. هاریکاریێ پاریزگەری بو کاروبارێن ئاوارە و پەنابەران تەکەزکر کو ئەڤ کوژمێ پارەی ییێ کێمە و رزگاربوییێن ژدەستێ تیرورستێن داعش پێدڤی بهاریکاریێن دەرونی و تەندورستی وخزمەتکاریێن دی هەیە وهیڤی خاستن هەموو ڕزگاربوییێن ماین ڤێ هاریکاریێ وەرگرن. هەروەسا قایدی تەکەزکر کو هەتا نوکە ب پشتەڤانیا نڤیسینگەها نێچیرڤان بارزانی ئەم شیاینە 2964 کچ وژن وکوریێن ئێزدی ڕزگارکەین وهێشتا پتری 3476 کەسێن دن دبێ سەروشوینێن یان ماینە ددەستێن تیرورستان دا وکاریێ بەردەوامە بو ڕزگارکرنا وان. هەروەسا نوینەرێ وەزارەتا کوچ وکوچبەرێن ئیراقا فیدرال تەکەزکر کو ئەڤ هاریکاریە دێ ئەڤ بەرنامە بەردەوام هێتە دان وب قوناغ قوناغ هەتا هەموو ڕزگاربویی مفای ژێ وەردگرن.



ئاگاداری

گۆڤاری کوردباز بە شێوەی کاغەزی و ئەلکترۆنی کە خاوەن ئیمتیازەکەی عبیدالله شێخ سعید امین و سەرنووسەرەکەی ئاراس نوری و بارەگای سەرەکی لە شاری هەولێر دەبێت و بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بە شێوەی مانگانە دەردەچێت. هەر کەسێک تێبینی یان لاریی هەیە با پەیوەندی بەم ژمارە مۆبایلەوە بکات:

07504567607

چوار کۆگای خۆراک و خواردەمەنی بەهۆی پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکان داخران



خەبات/ سەید فاتیح بەرزنجی: لەلایەن لیژنەی پشکنینی قایمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێر12 کۆگای خۆراک وخواردەمەنی پشکنین وبەدواداچوونیان بۆکرا. لیژنەی پشکنین و چاودێریی بازاڕ بە سەرپەرشتی نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر و سەرۆکی لیژنە لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی شەش پشکنین و بەدواداچوون بۆ 12 شوێن ئەنجام درا، شوێنەکان بریتی بوون لە کۆگا و کۆمپانیای خۆراک و خواردن.

لەمیانەی پشکنینەکان سەرپێچیەکان تۆمارکران بەهۆی پابەند نەبوون بەمەرج و ڕێنماییەکان چوار کۆگا داخران 10 کۆگای تریش هۆشداریان پێدرا.

هەرشوێنێک پابەند نەبێ بە مەرج و ڕێنماییەکان، ڕێکاری یاسایی بەرامبەر خاوەنەکانیان دەکرێت جگە لە داخستنی شوێنەکانیان دواتر سزای پێبڕاردن لە ملیۆنێک دیناردەست پێدەکات تا پێنج ملیۆن، ئەوەش بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووریی کە ئاراستەی قایمقامیەتی هەولێر کراوە.



بارزانی و ڕێبازەکەی، زیاتر لە دوژمنێک



سورە مەرگەیی

بارزانی نەمر و ڕێبازەکەی هەمیشە و بەردەوام لە دوژمنێکیان زیاتر هەبووە، ئەوە پرسیارە و پێویستی بە وەڵامە، بۆ ئەوەی وەڵامی دروستی ئەو پرسیارەشمان دەست بکەوێ دەپرسین: دوژمنەکانی بارزانی و ڕێبازەکەی کێن و لەو دوژمنایەتی کردنە ئامانجیان چییە؟ کاتێک دوژمنەکانمان ناسین و نهێنی دوژمنایەتی کردنەکەشمان بۆ دەرکەوت، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئامانجیان لە دوژمنایەتی کردنی بارزانی و ڕێبازەکەی چییە؟!!.

ئەوە یاسایە و بە درێژایی مێژوو پەیڕەو کردنی سیاسەتی داگیرکاری داگیرکاران و خەبات و تێکۆشانی داگیرکراون بۆ گەشتن بە سەربەخۆیی شەڕ و بەربەککەوتنی بەردەوامدا بوون، لێرەوە سەرەداوی ئەو نهێنییەمان دەست دەکەوێ کە بارزانی و ڕێبازەکەی بۆچی زیاتر لە دوژمنێکیان هەبووە، دیارە دوژمنانی کورد وەک داگیرکار بە دوای بەدیهێنانی تێکردنی خواستی داگیرکاری خۆیاندا گەڕاون، بارزانی نەمریش وەک هەڵگری ئامانجی سەربەخۆیی بەرپەرچی ئەو خواستەی داگیرکارانی کوردستانی داوەتەوە، بە هەموو پێوەرە سیاسی و میژوویییەکانیش ئەو دوو هەڵوێستە دژ و پێچەوانە دەبنە دوژمنی سەرسەختی یەکتری، هەر ئەوەش وایکردووە داگیرکارانی کوردستان بارزانی و ڕێبازەکەی بە دوژمنی خۆیان بزانن، جۆری دووەمی دوژمنانی بارزانی و ڕێبازەکەی ئەو کەس و دەستە و گرووپە کوردە خاکفرۆش و خیانەتکارانەن کە هاوسۆزی داگیرکارانی کوردستانن و لە زۆر قۆناغدا لەگەڵیان هاوهەڵوێست و هاوسەنگەر بوون.

یەکگرتنەوەی داگیرکارانی کوردستان لە دوژمناکاری بۆ بارزانی و ڕێبازەکەی مەبەستیان ئەوە بووە بەردەوامی بدەن بە سیاسەتی داگیرکاری خۆیان و لێ سەرکردایەتیا سیاسی یا هەرێما کوردستانێ د شەخسێ جەنابێ سەروک بارزانی دا و سەرکردایەتیا وی یا حەکیمانە، کاری سەردەریەکا گونجای دگەل پرسێن جودا جودا بکەت نەخاسمە دگەل ولاتێن دەوبەر و هەرێما کوردستانێ ل دەستێوەردانێن وانا بپارێزیت، د هەمان دەم دا بو ولاتێن زل هێز و خودان بەرژەوەندی بسەلمینیت کو هەرێما کوردستانێ دکاریت کارکتەرەک کاریگەر بیت د معادلاتێن نوی داو هەروەها هەڤپشک و هەڤپەیمانەک باش و جێگرەڤە بیت.

سەرکردایەتیا سیاسی یا هەرێما کوردستانێ هەر ل سالا 1992و تا نها شیایە ب رەنگەکێ گونجای سەردەرێ گەلێ پرسێن جودا جودا بکەت، چ ل سەر ئاستێ نافخویی عێراقێ، یان ل سەر ئاستێ دەڤەرێ و جیهانێ، ئەگەر ژلایێ بەلانسێ هێزێ ژی نەبیت، لێ ب ڕێکا هەڤگرتنا بەرژەوەندیان دگەل ولاتێن زل هێز و دیتنا پروسەکا گونجای یا دیبلوماسی و ئابووری دگەل ولاتێن دەڤەرێ شیایە ببە خودەی پێگەهەک و مایێ گرنگی پێدانا هەموو ئالیەکی، سەرەرای ئەو هەموو پیلانێن نافخویی و ئەقلیمی لێ هەرێما کوردستانێ خوەراگر بوویە و پەرە ب پەیوەندیێن خوە دایە و هەموو دەرگەهە د ڤەکری بوینە بەرامبەر جیهانێ و د ڤێ سیاسەتێ یا سەرکەفتی بوویە و هەرێما کوردستانێ بەرەف گەشە کرنێ ڤە چوویە.

ئیرو دەڤەرا ڕوژهەلاتا نافین جارەک دن بەرەف قوناغەک دن و گوهارتنێن بنەرەتی ڤە هنگاف دنێت، بەرژەنگێن پەیدا بوونا گوهارتنا د نەخشێ سیاسی و جوگرافی دا دیارن، ئەڤەژی وێ چەندێ دخازە کو گوهارتن د ئیستراتیجیەتا هێز و هەڤپەیمانییێدا پەیدا بێن، ئەڤەژی ب دەرفەتەک گرنگ و دیروکی بو هەرێما کوردستانێ دهێت دیتن، نەخاسمە نها هەرێما کوردستانێ د قوناغەک پێشکەفتی و بهێز دایە و ڕەوش یا گونجایە بزاڤێن خوە زێدەتر بکەت و بزاڤێ بکەت پرسا کوردی بەرەف ئاراستەیەک دن ببەت.

بە مافی سەربەخۆیی کۆتایی بە سیاسەتی داگیرکاری ئەوان دێنێ و حەزی شۆڤێنیستیان لە گۆڕ دەنێ، بۆیە لە پرۆسەی دوژمنایەتی کردنی بارزانی و ڕێبازەکەی هەموو کێشە میژوویەکانی خۆیان بەلاوە دەنان و یەک دەنگ و یەک بڕیار دژی دەوەستان و پێلانی هاوبەشیان لە دژی دەگێڕان.

کەس و دەستە و گرووپە خیانەتکارەکانی کوردیش کە بەرژەوەندی و نانیان لە خۆفرۆشی و خزمەت کردنی دوژمنان و داگیرکارانی کوردستان دایە، ئەگەر کورد بە ئامانجی سەربەخۆیی بگات کە تاکە ئاواتی بارزانی نەمر بووە، ئەوکات بازاری خۆفرۆشیان بەسەردا دادەخرێ و کەس نامێنێ ولاتیان لێ بکڕێ و دەستکەوت و ئیمتیازاتی خۆفرۆشیان پێ بدات.

ئەوەی زۆر گرنگە و لەو شرۆڤەیەی سەرەوە دەرکەوت و دەمەوێ لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەم، ئەوەیە کە بارزانی نەمر تا لە ژیاندا بوو ویستگەیەکی گرنگی لە ژیانی سیاسی و خەباتی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستاندا دروست کرد و لەو وێستگەیەدا سەربەخۆیی کوردستانی کردە دوا ئامانجی هەموو کوردپەروەر و شۆڕشگێڕانی کورد، دوای ئەوەی کۆچی دواییشی کرد، هەمان ئەو وێستەگە گرنگەی بۆ بە ڕێباز کردین و ئێستاش کوردپەروەر و شۆڕشگێڕان لەو ڕێبازەوە بۆ چارەسەری پرسی کورد و گەیشتن بە ئامانجی سەربەخۆیی دەڕوانن، لە بەرامبەر ئەو وێستگە گرنگەش هەموو داگیرکارانی کوردستان و کەس و دەستە و گرووپە خیانەتکارەکانی کوردیش، لە دژایەتی کردنی بارزانی و ڕێبازەکەی هاوڕا و هاوئامانجن و بە دوژمنی خۆیانی دەزانن.

هەرێما کوردستانێ بەرەڤ ئایندەکێ گەش

نەوزاد بارزانی

پاش نەمانا جەنگا سارد و دووركەفتنا جیهانێ ل شەرێن مەزن و ڕاستەوخو و نەخاسمە پشتی هەلوەشیانا ئیکەتیا سوڤیەت یا بەرێ و پەیدابوونا نەخشەیەکێ نوی، گوهارتن بسەر ئیستراتیجیەت و بالانسێن هێزێ پەیدابوون، ولاتێن زلهێز بۆ پاراستنا بەرژەوەندی و بالادەستییا خۆ، دەستکر ب پەیرەوکرنا سیاسەتەک نوی ل دەڤەرێن جوداجودا پێن جیهانێ، ئەوژی ڤەگوهاستنا هەڤرکیا خوە بۆ سەر ئاستێ ئەقلیمی و پەیداکرنا هەڤپەیمانان کو کاریکتەرێن بهێز بن، پێخەمەت هەڤپشکیێ و پاراستنا بەرژەوەندییێن وانا.

ڕوژهەلاتا نافین ئیکە ل وان دەڤەرێن هەرە گرنگە د جیهانیدا و د هەمان دەم دا دەڤەرەکا پر ئاریشەیە، لبەر پێگەهێ وێ و دەولەمەندیا وێ ب سامانێن سروشتی و کانزایا، کو ئەڤەژی ژلایێ ئابوری ڤە گرنگیا وێ دەڤەرێ زێدە دکەت و بوویە مایێ چاڤلێ برین و مایی تێکرنەکا زێدەتر.

لەوما ئەف دەڤەرە بەردەوام جهێ گرنگی پێدانێ بوویە ل ئالییێ ولاتێن زل هێز و بزاف کرینە هەڤپەیمانێن بهێز ل دەڤەرێ پەیدا بکەن و ب ڕێکا وانا را بکارن خودان بریار بن و بەرژەوەندێن خوە بپارێزن، ئەڤێ چەندێ ژی بەردەوام پێدڤی ب راگرتنا هەڤسەنگی و بەلانسا هێزێ بوویە بو پەیدا کرنا ئاشتیەکا درێژ خایەن و بەردەوامی دان ب ئیستراتیجیەتا پاراستن و هەڤپشکییێ د بەرژەوەندیان دا. لێ هن جاران ئەف هەڤسەنگییە د ئاستەک لاواز دا بوویە و د ئەنجام دا بەرەنگاربونەڤە دناڤبەرا ولاتێن دەڤەرێ لێ پەیدا بوویە، وەگو، شەرێ کەنداڤێ یێ ئیکێ دناڤبەرا عیراق و ئیرانێ دا و، شەرێ کەنداڤێ یێ دوویێ دناڤبەرا عیراق و کویتێ دا، کو ئەڤە دوو نمونێن دیارن ل پەیدا بونا گوهارتنا د هەڤپەیمان و بەلانسا هێزێ دا، نمونا ئیکێ پشتەڤانی کرنا ئەمریکا و زوربەیا ولاتێن جیهانێ بو عیراقێ ل دژی ئیرانێ، ل نمونێ دوویێ ژی دا پشتەڤانی کرنا ئەمریکا و جڤاکێ نێف دەولەتی بو کویتێ ل دژی عیراقێ، ئەڤەژی وێ چەندێ دسەلمینە کو ولاتێن زل هێز پێخەمەت پاراستنا بەرژەوەندییێن خوە، د بەرهەڤن گوهارتنێ د هەڤپەیمانێن خوە و نەخشە و ئیستراتیجیەتا بالانسێ هێزی دا بکەن.

پاش شەرێ کەنداڤی یێ دوویێ، ڕەوشا دەڤەرێ بەرەف ئاراستەیەک جودا ڤە دچوو، گەلەک پرسێن جودا جودا دا بکەت، چ ل سەر ئاستێ نافخویا عێراقێ، یان ل سەر ئاستێ دەڤەرێ و جیهانێ، ئەگەر ژلایێ بەلانسێ هێزێ ژی نەبیت، لێ ب ڕێکا هەڤگرتنا بەرژەوەندیان دگەل ولاتێن زل هێز و دیتنا پروسەکا گونجای یا دیبلوماسی و ئابووری دگەل ولاتێن دەڤەرێ شیایە ببە خودەی پێگەهەک و مایێ گرنگی پێدانا هەموو ئالیەکی، سەرەرای ئەو هەموو پیلانێن نافخویی و ئەقلیمی لێ هەرێما کوردستانێ خوەراگر بوویە و پەرە ب پەیوەندیێن خوە دایە و هەموو دەرگەهە د ڤەکری بوینە بەرامبەر جیهانێ و د ڤێ سیاسەتێ یا سەرکەفتی بوویە و هەرێما کوردستانێ بەرەف گەشە کرنێ ڤە چوویە.

ئیرو دەڤەرا ڕوژهەلاتا نافین جارەک دن بەرەف قوناغەک دن و گوهارتنێن بنەرەتی ڤە هنگاف دنێت، بەرژەنگێن پەیدا بوونا گوهارتنا د نەخشێ سیاسی و جوگرافی دا دیارن، ئەڤەژی وێ چەندێ دخازە کو گوهارتن د ئیستراتیجیەتا هێز و هەڤپەیمانییێدا پەیدا بێن، ئەڤەژی ب دەرفەتەک گرنگ و دیروکی بو هەرێما کوردستانێ دهێت دیتن، نەخاسمە نها هەرێما کوردستانێ د قوناغەک پێشکەفتی و بهێز دایە و ڕەوش یا گونجایە بزاڤێن خوە زێدەتر بکەت و بزاڤێ بکەت پرسا کوردی بەرەف ئاراستەیەک دن ببەت.

هەڤدەم دگەل ئەو گوهارتن و ڕەوشا نوی یا سیاسی یا هەرێما کوردستانێ تێدا دەرباز بیت ل کارا کرنەڤا پەرلەمان و حکومەتا هەرێما کوردستانێ، نەخاسمە پاش دویماهیک هەلبژارنێن پەرلەمانێ کوردستانێ و دیار بوونا پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو هێزا ئیکێ و یا سەرەکی، هەڤدەم دگەل بەربژێر کرنا دوو کەسایەتێن کارزیما و خودان ئەزمون و لێهاتی و قوتابیێن چەلەنگێن جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی، ئەوژی جەنابێ کاک نێچیرڤان بارزانی بو سەروکاتیا هەرێما کوردستانێ و جەنابێ کاک مەسرور بارزانی وەکو سەروکێ ئەنجومەنێ وەزیران، ئەم باوەرین ل سەر دەستێ وانا هەرێما کوردستانێ دێ بەرەف قوناغەکا دیتر ڤە ل گەشەکرنێ و بهێزبوونێ ڤە هنگاف نێت، هەرێما کوردستانێ د کارکتەرەک گرنگ و بهێز بیت د معادلاتێن دەڤەرێدا، پێگەهێ هەرێما کوردستانێ ل ئالییێ سیاسی و دیبلوماسی و ئابووری ڤە دێ بهێز تر بیت و بیتە مایێ گرنگی دانەکا زێدەتر ل ئالییێ ولاتێن زل هێز و جیهانی ڤەو دێ وەکو هەڤپەیمانەک گرنگ هێت دیتن، ئەڤەژی دەرفەتەک گونجایە بو پەیدا کرنا ئایندەکێ گەش بو هەرێما کوردستانێ و ڕێخوشکەرە بو پەیدا بوونا ولاتەکێ نوی ل سەر نەخشێ جیهانێ بناڤێ کوردستان.



جەنگی دووەمی کەنداو (ڕزگارکردنی کوێت)

باوکانی دامەزرێنەر
سەرۆک مسعود بارزانی لە سەرۆکایەتی هەرێمەوە بۆ سەربەخۆیی و ڕەمزی هەبوونی نەتەوەیەک





سەربەست مەنفی

مێژووی گەلان نەخشاوە بەناوی جوامێر و پێشەوای ئازادیخوازی و خولقێنەران و پێشڕەوانی فیکریی سەربەخۆزایی، لە سەدەی حەڤدەهەمەوە چەمکی ناسیۆنالیزم سەرهەڵدەدات و لەسەدەی هەژدەهەم بەشێکی گەورەی جیهان دەتەنێتەوە، دوای جەنگی جیهانی دووەم ناسیۆنالیزم بووە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەو گەلانەی کە لە ژێر دەستەلاتی کۆلۆنیالیستەکان (ئیستیعمار) دا بوون، تا بەئەمڕۆ دەگات ئەم چەمکە خولقێنەری دەوڵەت و قەوارەی سەربەخۆیە.

لەسەر دەستی ئەو سەرکردە کاریزمیانەی پێشەڕەوایەتی گەلەکانیانکرد بەرەو سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت و پاراستن و زامنکردنی تایبەتمەندیە نەتەوەیی و میژووی و جوگرافیەکانیان، میژووی هاوچەرخی کورد بەناوی ژمارەیەک سەرکردەو ڕابەر و خولقێنەرانی ئەندێشەی سەربەخۆخوازی پڕشنگدارە، لەم بزاڤە نوێیەدا کە بە ئەندێشەی ناسیۆنالیستیانە و هەوڵەکانی شێخ عەبدولسەلام بارزانی دەستپێدەکات و ڕێچکە دەگرێت و دواتر جوامێر و میرزادەکانی کورد درێژەپێدەری دەبن، لە شێخ ئەحمەدی بارزانەوە بۆ شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستان، شێخ سەعیدی پیران و مستەفا بارزانی باوکی ڕۆحی کورد‌ایەتی و پێشەوا قازی محەمەد بەردەوامی هەبووە، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی هاوچەرخ لەسەردەستی سەرۆک مەسعود بارزانی و لە چوارچێوەی پرۆژەی (گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان) دەگاتە تروپک.

((سەربەخۆیی کوردستان کارێکە هەر روودەدات)) ئەمە پەیڤێکی سەرۆک مسعود بارزانییە، لە ساتەوەختی بانگەشەی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی لە ڕۆژنامەی واشنتن پۆستی ئەمریکی بڵاوکراوەتەوە.

لەماوەی سەرۆکایەتیکردنی سەرۆک مسعود بارزانی دا وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، خاڵی گرنگ نیشانەگرتنبوو لە (یەک تارگێت)، پرسی کارکردن بۆ بوژاندنەوە و پەرەپێدانی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی، سەوزکردنەوە و ڕسکاندنی خەونی سەربەخۆیی و کارکردنی بەردەوم بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، پرۆژەی (سەربەخۆیی) کە خاڵی جەوهەری ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆک مسعود بارزنی بوو، وەک پرۆژەیەکی ستراتیژی هەموو جوڵەکانی بەهەند وەرگیرابوو، سەرۆک لەیەک کاتدا کاری لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەم دۆزە گەورە میژوویی دەکرد، پراکتیزکردن و بەکردەنیکردنی فرە جوڵە بوون، لە ئاستی ناوخۆدا سەرۆکایەتی هەرێم چەترێ کۆکردنەوەی خەڵکی کوردستان بوو لە ژێر پەرچەم و ئاڵای کوردستان دا، ئاڵای کوردستان وەک سومبولێکی هاوبەشی خەڵکی کوردستان، پێکهێنانی ئەنجومەنی باڵای ڕیفراندۆم لە هەموو چێن و تۆێژ و پێکهاتە و لایەنە جیاوازەکان، هەڵبەت بڕیاردان لە گشتپرسی و چۆنیەتی میکانیزمی جێبەجێکردنیشی بە شێوەیەکی دیموکراتیانەو بڕیار وەرگرتنی دەستەجەمعیانە بوون.

لەسەر ئاستی دەرەوەی کوردستان: کارکردن بۆ گەیاندنی پرسی کورد و ڕەوایەتی زیاتر، تەواوی کەنالە دیپلۆماسییەکان گیرابوونەبەر، بەڕێنمای سەرۆک بارزانی و بەپێی ئەونەخشەیەی بۆیکێشرابوو، لەسەر ئاستی ناوچەی و نێودەوڵەتی، وەگرتنەبەری تەواوی کەنالەکانی گەیاندن وپەیوەندیکردن و مارکێتینگ، ڕەوەندی کوردی لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا کۆبوونەوە و گردبوونەوەی جەماوەری بەرفراوانیان ئەنجامدا، لەسەر شەقامی پایتەخت و ناوەندەکانی بڕیار لە زۆرێک لە دەوڵەتە گەورەکانی ڕۆژئاوا بانگەشەی ڕەوایەتی سەربەخۆیی کوردستانیان بە گوێی جیهاندادا، حکومەتی هەرێم و پەیوەندییە بەرفراوانەکانی، لە زۆر کەناڵ و دەریچەی جیاوازەوە پەیوەندییان لەگەڵ کاربەدەستانی دەوڵەت و ناوەندە گەورەکانی بڕیاری دەوڵەتانی زلهێز و کاریگەردا گرێدا، لەسەر ئاستی میدیایی نێودەوڵەتیش ڕۆمالی پرسەکە کرا، لە ئاستێکی فراوان و گەورەدا دۆزی کورد و ڕەوایەتی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ خەڵکی کوردستان و گرتنەبەری ڕێگای شارستانیانە و مەدەنیانەی (گشتپرسیی) گەیەنرایە ڕایگشتی جیهان، پرسی چارەسەری دۆزی کورد لە تەواوی ناوەندە میدیایی و دیپلۆماسی و سیاسییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ناسێنراو دەنگیدایەوە، لێرەوە دۆزی کورد لە پرسێکی ناوخۆیی عێراقەوە وەرچەرخا بۆ پرسێکی هەستیار و زیندوی نێودەوڵەتی.

ئەنجامدانی گشتپرسی لە 2019/9/25 دا وبەشداری بەرفراوانی خەڵکی کوردستان و ئەنجامی گشتپرسی بە لە 93% ی دەنگی "بەڵێ بۆ سەربەخۆیی"، قۆناغێکی گرنگی ژیانی سیاسیی کۆمەڵگای کوردستانە، لە داخڵبوون بە مێژووی نوێ، گەیشتنی ناسیۆنالیزمی کوردیە بە وێستگەیەکی گرنگ، لەوەی بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ زامنی تایبەتمەندییەکانی کورد و خەڵکی کوردستان دەکات.

سەرۆک مسعود بارزانی(وەک باوکانی دامەزرێنەر لە مێژووی گەلانی ئازادیخوزدا) پێشڕەوایەتی گەلی کوردستانیکرد، بەرەو سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەت و پاراستن و زامنکردنی تایبەتمەندیە نەتەوەیی و مێژووی و جوگرافیەکانی خەڵکی کوردستان، ئەمەش ئاراستەیەکی نەگۆڕی ڕێبازی بارزانیی و بنەماڵەی



غیاس خالد زێباری

ئەوا مە دقێت سەرۆک نێچیرڤان بارزانی گۆت و کرە کریار

لرۆژا **2019/6/23** جەنابێ سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ نێچیرڤان بارزانی د ڕێو ڕەسمێن واژووکرنا یاداشتنامەیا لێکتێگەهشتنێ و هەڤپشکیا دناڤبەرا ژۆرا بازرگانیا هەرێما کوردستانێ و یا وەلاتێن ئێکگرتیێن ئەمریکادا ل هەولێرا پایتەخت بەرهەڤ بوو و گۆتارەک ئاراستەکر، پشکداریا جەنابێ وی لڤێ چالاکیا ئابووری یا مەزن نیشانێ پشتەڤانیا جەنابێ وی یە بۆ کەرتێ ئابووری و پیشەسازی، هەروسا هاتنا ڤێ مەزنترین ڕێکخراوا ئابووری یا جیهانی بۆ هەرێما کوردستانێ، دەسکەفتەکە هەری مەزنە بۆ هەرێما کوردستانێ و نیشانێ پشتەڤانیا سەرۆکێ هەرێمێ یە بۆ ڤان هەردوو کەرتێن کاریگەر بۆ ڤەژاندنا ئابوورێ وەلاتا و پێشڤەچوونێن جڤاکی و سیاسی.

چەندین ساڵە نەبوونا ژێر خانا ئابووری و پیشەسازی ل هەرێما کوردستانێ گازندا سەرەکیا خەلکێ کوردستانێ نەخاسمە ئەوێن تایبەتمەند دڤان واران دا، پەیوەندی و ئابووریێ بهێز، سازیێن پیشەسازی و هاتنا وەبەرهێنانا و پشتەڤانیا بەرهەمئینانێ، بنەمایێن سەرەکیێن ئاڤاکرنا وەلاتێن بهێزە، دڤێ گۆتارا کورتا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دا دیار دبیت جەنابێ وی هزرەکا دووربین و هێژا دڤان بووارانداَ هەیە و پلانەکا مۆکۆم بۆ بهێزکرنا ژێرخانا ئابووری و پیشەسازی بۆ هەرێما کوردستانێ دارشتیە، هاتنا ڤێ ڕێکخراوا ب مەلیونان کۆمپانی و سەرمایەدار و بازرگان و وەبەرهێنەران ل خۆ دگریت بۆ هەرێما کوردستانێ، نیشانێن ڤەکرنا ئاسوویێن گەشە بەرامبەر پاشەڕۆژا کوردستانێ . تەکەزیا سەرۆکێ هەرێمێ ل پێشڤەبرنا پەیوەندییێن بازرگانی لگەل ئەمریکا و وەلاتێن دەرڤە، فاکتەر و ڕێخوشکەرن بۆ بنیاتنانا کوردستانەکا بهێز ژلایێ ئابووری و بازرگانی و جڤاکی، ئەڤ پەیوەندیە شوورهەیەکا مۆکۆمن بۆ پاراستنا کوردستانێ و دابینکرنا پشتەڤانیا نیڤدەولەتی ژلایێ سیاسی، لسەر ئاستێ نافخۆیی ژی شانێن ئابووریێ هەرێمێ دێ گەهینتە وی ئاستێ خۆ لبەر پێشهات و بوویەر و قەیرانان بگریت ئەوێن لسەر هەرێمێ دهێنە سەپاندن، هەر وەکی لسالێن بووری ژلایێ حکومەتا عیراقێ هاتینە سەپاندن. هاتن و پشکداریا وەبەرهێنەرێن ئەمریکا و ئەندامێن ڤێ ڕێکخراوا مەزن ل ئاڤاکرن و پێشڤەبرنا کوردستانێ، ژ ئەنجامێ بەستنا وان پەیوەندیانە ئەوێن لسەر دەستێ سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لگەل ئەمریکا و جیهانێ هاتینە بەستن و وێ سەقامگیریێ و تەناهیێ ئەوا ل هەرێما کوردستانێ هاتینە بەستن. باوەریا سەرۆکێ هەرێمێ بکارێن هەڤپشکیێن بازرگانی و ئابووری و پیشەسازییێن دناڤبەرا هەردوو ئالیان، دەرگەهان بەرامبەر هاتنا ڕێکخراو و کۆمپانی و بزنزمانییێن دیترێن جیهانێ ڤەدکەت بۆ هەرێما کوردستانێ . ژلایەکێ دیتر ئەڤ چالاکیە و چالاکییێن دیتر ییێن ئابووری دڤان کاودانان دا بۆ مە دیار دکەت سەرۆکێ هەرێمێ، پلان و هەوەکا بەرفرەو بۆ قۆناغا پشتی شەرێ داعش بەرپا کریە، ئەوژی قۆناغا ئاڤەدانکرنێ و ڤەژاندنێ یە، بەردەوامی و سەرکەفتنا ڤێ قۆناغێ، دێ هەرێما کوردستانێ ژلایێ ئابووری و پیشەسازی گەهینتە ئاستێ وەلاتێن مەزنێن دەڤەرێ، هەرێما کوردستانێ ل کێشە و ڤەرێژێن قایرانا بووری و دارایی دەرباز بیت، وەک بێکاری، نەبوونا دامەزراندن و موچەیان، ژلایێ هاتنا بەرهەمێن بیانی ژی کۆ سالانە سەرمایەکێ دێ کێمتر کەت، چونکی کارگەهێن نافخۆ دێ هێنە دامەزراندن، ژلایێ جڤاکی ژی قۆناغا ئاڤاکرنڤا کوردستانێ، ئاریشا ئاکنجیبوونێ و کۆچا بەرەڤ باژاران ئەگەر چارە نەکەت ڕۆژ بڕۆژ ئەڤ ئاستەنگ و ئاریشە دێ ئالوزتر لێ هێن. بەرەنگەکێ گشتی ئەو پرس و مژارێن سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ دوێ گۆتارا خۆدا ئاماژە پێ کری و لسەر ڕاوەستای و بوینە بەرنامە و پلانێن وی، ئەو پرس و ڕەخنە و گازندەنە ئەوێن خەلکێ کوردستانێ بەری نهو دکرن و هیڤی خواز بوون، ڕۆژا پراکتیزەکرنا وان ببینێ و ببنە بەرنامێ دەسهەلاتداریا هەرێما کوردستانێ، ئەڤەژی مە د گوتارا سەروکێ هەرێمێدا دیت.

شیان و کارایی مەسروور بارزنی زامنی زاڵبوونە بەسەر ئاستەنگەکان





ڕێبوار حەمەلاو شوانی

ئەو سەقامگیری و ئارامییەی کە لە ماوەی ڕابردوو ، ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە و عێراق بەدی هاتن و ڕێگەی نەدا ناوبانگی کوردستان و پێگەکەی لاواز بکرێت، بەرهەمی هەموو ئەو هەوڵ و شەونخونیی و پلانە ستراتیژییانە بوون کە ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆیی بەڕێز مەسروور بارزانیی و سەربازانیی وون فەراهەم بوون.

لە ئێستاشیدا ڕاسپاردنی بەڕێز مەسروور بارزانی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکومەتی کوردستان، زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بە گەشبینیەکی زۆرەوە دەڕوانن لێهاتوویی و ئەزموون و کارامەیی ئەم سەرکردەیە لە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو قەیرانە قوڵە سیاسی و ئابووری و دامەزراوەیی و خزمەتگوزاریانەی هەرێمی کوردستان تێیکەوتووە. ئەم گەشبینی و هیوا و ئاواتی خەڵک بە مەسرور بارزانی، هۆکارو باگراوندی پێشەیی و واقیعبینی خۆی لە پشتەوەیە. هەروەها بەو پێیەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاک نێچیرڤان بارزانی هاوکار و هەماهەنگ و پاڵپشتی مەسروربارزانییە و لەلایەکی دیکەشەوە دەنگی خەڵکی کوردستانیشی لەگەڵدایە، بڕیە، ڕەوایەتی نێوخۆیی و ڕەوایەتی نێودەوڵەتی لە ڕێگای بونیادنانەوەی ئاشتەوایی پڕۆژەتیڤانە لە ناوخۆ، چ لە ڕووی دروستکردنەوەی متمانە لە نێوان هێزە سیاسیەکان و پێکهاتەکانی باشوری کوردستان، چ لە ڕووی متمانەی نێوان هاوڕەگەزان و دەزگاکانی حکومەت. هەروەها بەردەوامی و پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی هەرێم لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ و هەرێمییەکان و جیهان. بەمەش بنەمای ئاشتەوایی و سەقامگیری درێژخایەن بۆ هەرێمی کوردستان مسۆگەر دەبێ.

لەلایەکی دیکەوە هەنگاوەکانی مەسروور بارزانیی بە پاڵپشتی نێچیرڤان بارزانی بە ئاڕاستەی بەردەوامی دان بە بوژانەوەی ئابووری ، و بەردەوامیدان بە پڕۆسەی چاکسازی و بنەبڕکردنی گەندەڵی و گشت ئەو هەنگاوانەی کە بە ئاڕاستەی خۆشگوزەرانی خەڵک و پێشکەوتنی وڵاتە .. هەروەها بوژانەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان بەهۆی بنەبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی، بەنیشتیمانی کردنی سامانی نەوت و دەرهێنانی لە چەپۆکی ئەم و ئەو هاوشیوەی وڵاتی نۆرویژ، بەمەش پێچەوانەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەوت دەبێتە خۆگوزەرانی خەڵک و پارستنی نیشتیمان لە جیاتی ئەوەی ببێتە مایەی تەندوتیژی و کاوڵکاری وڵات. هەروەها داخستنی کەنالەکانی چوونەدەرەوەی دراو لە هەرێم، ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی، هەروەها و ڕەخساندنی بازاری ئازاد: واتە دەرفەتی یەکسان بۆ پێشبڕکێی ئابووری و ڕزگارکردنی کایەی ئابوری لە دەست مۆنۆپۆڵی کەمینیەیەکی دەستڕۆیشتوو و هەڵپەرست.

بەهێزکردنی بنەماکانی دیموکراسی و بە شارستانی تر فراوانترکردنی فەزای ئازادی کۆمەڵگای سڤیل لە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی ئەو کۆمەڵگایانەی بە (جیهانی ئازاد) ناودەبرێن. بەمەش بەشداریەکی فراوانی ڕاستەقینەی هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسی دێتەدی و هەموو هاووڵاتیان هۆگریان بۆ کوردستان زیاتر دەبێ، هەرێمی کوردستانێش دەکەوێتە سەر نەخشەی وڵاتە ئازادەکان. مەسروور بارزانی کەسایەتیەکی سیاسی کارامەیە کە بتوانێ کاری وا مەزن ئەنجام بدات، هاوشێوەی سەرکردە مەزنەکان (لی کوان یو، دیگۆل و جۆرج واشنتۆن..) شانسی ئەوەی پێبڕاوە هەرێمی کوردستان بگەیەنێتە ئامانجە باڵاکانی. بەمەش تەواوی خەڵک و پێکهاتە و هیزە سیاسیەکان دەبنە پشتیوان بۆ ئەزمونی فەرمانڕەوایی دیموکراسی کوردستان.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (٢) هەولێر ژمارەی پسوولە ٨٣٣٠٥٥ بەروار ٢٠١٩/٥/٨ بەبڕی ٥٠٠٠٠٠ دینار بەناوی صبریە عبداللە حمدامین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٩٨٤٠٤٣ بەرواری ٢٠١٨/١٠/٢ بەبڕی ٨٩٧٥٠٠ دینار بەناوی دیار علی قادر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المدعو :١- مطو عبدالله خلف ٢- عاصم عبدالله خلف ٣- عيسى عبدالله خلف

للطلب المقدم من قبل المستدعي (ابراهيم عبدالله خلف) المتضمن نصبه قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / عبدالعزيز احمد عزيز

***

محكمة تحقيق دهوك

العدد/٢٠١٩/١٧٠٥

التاريخ/٢٠١٩/٦/٣٠

م/اعلان

اشارة الى القضية المرقمة (٢٠١٩/٢٦١) الخاصة (بالمشتكية / صبرية علي عبو) بخصوص فقدان ابنها المدعو (ايهان اسماعيل عبو) تولد (١٩٧٤/١/١) بتاريخ (١٩٩٦/٦/٩) والمسجل لدى مركز شرطة مالطا في دهوك تقرر نشر الفقدان في صحيفتين محليتين وعلى من لديه اية معلومات عن الشخص ومحل اقامته اعلامنا بذلك

القاضي / رەزقان حبيب محمد

***

دائرة التسجيل العقاري فى حلبجة

الرقم / ٨٠٩

التاريخ/ ٢٧ /٦ / ٢٠١٩

اعلان

قرار تثبيت عائدية عقار مجددا

بناء على ثبوت عائدية تمام العقار تسلسل ٢٩٣ محلة((طويله)) الى طالب التسجيل ((رئاسة بلدية طويله)) بموجب قرار تثبيت العائدية المؤرخ ٢٦ /٦ /٢٠١٩الصادر من هذه الدائرة عليه تعلن هذاالقرار وعلى من لديه اعتراض على القرار المذكور اقامة الدعوى لدى المحكمة المختصة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشر هذاالاعلان وعند انتهاء وعدم ورود اشعار من المحكمة باقامة دعوى لديها خلال المدة المذكورة ستباشر هذه الدائرة بالتسجيل وفقا لقرار تثبيت العائدية

رئيس اللجنة

القاضى/ شەونم محى الدين غفار

***

سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

کۆلێژی زانست- خوێندنی

ژمارە: ٢٢٩٥/٥٤/٧

رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢

بۆ/ بەڕێز (م. عبدالقادر مشير يونس)

بەناونیشانی (مامۆستا) لە بەشی ژینگە لە کۆلێژەکەمان

گەڤکردن (اخطار)

ئامـاژە بـە فەرمانـی کارگێڕیـمان ژمـارە (٢٠٩١) لەرێکەوتـی ٢٠١٩/٦/١٧ کـە تیایـدا هاتـووە بـە نەهاتـن و بریـنی مووچـە لەبـەر دابرانـت لـەکار بـەبێ هـۆو ئـاگاداری ئێمـە داوات لـێ دەکەیـن کـە بگەڕێتـەوە سـەر کارەکـەت لـە مـاوەی (٧) رۆژ ئەگـەر لـە نـاوەوەی هەرێـم بیـت وە مـاوەی (٣٠) رۆژ ئەگـەر لـەدەرەوەی هەرێـم بیـت بـە پێچەوانـەوە بەدەسـت بـەردار لەکارەکـەت دادەنرێـت بەپێـی برگـەی (١) لـە مـادەی (٣٧) لەیاسـایی راژەیـی ژمـارە (٢٤) سـاڵی ١٩٦٠ی هەمواركـراو کۆتایـی بەراژەکـەت دێـت.

پ.ی.د. هێرش عمر عبدالله

راگر

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی شـارەوانیەکانی هەولێـر

لیژنـەی فرۆشـتن وبەکرێدانـی دووەم لـە بەڕێوەبەرایەتـی

گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

ژمارە: ٣٠/١٠٠

رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٤

ئاگاداری

لیژنـەی سـەرەوە هەڵدەسـتی بـە بەکرێدانـی (٢) دوکان مولکـی شـارەوانی بـە زنجیـرە (٧٩ ، ٨٠) بەرووبـەری (٤٠م٢) بـۆ هـەر دوکانێـك وە بەکـرێ ی سـاڵانەی خەملێنـدراو (٠٠٠ ١٢) دوانـزە هـەزار دینـار بـۆ (١م٢) بـۆ هـەر دوکانێـك بـۆ مـاوەی (٣) سـاڵ ئەوکەسـەی نیـازی بەشـداربوونی هەیـە لـە زیادکردنـی ئاشـکرا باسـەر لـە سـەرۆکایەتی شـارەوانی شـەقلاوە بـدات مزایدەکـە ئەنجـام دەدرێـت لـە رێکەوتـی ٧ / ٨ /٢٠١٩ کات ژمێـر (١٢,٣٠) دوانـزە و نیـوی نیـوەرۆ لـە رۆژی دیـار کـراو کرێگرتـەش دەبـێ بارمتەی یاسـایی بەرێـژەی (٢٠٪) لـە کـرێ ی خەملێنـدراو لەگـەڵ خـۆی بهێنـێ وەخەرجـی تریـش دەکەوێتـە ئەسـتۆی خـۆی . ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ

بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی شـارەوانیەکانی هەولێـر

لیژنـەی فرۆشـتن وبەکرێدانـی دووەم لـە بەڕێوەبەرایەتـی

گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

ژمارە: ٣٢/١٠٠

رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢

ئاگاداری

لیژنـەی سـەرەوە هەڵدەسـتێت بـە کـرێ دانـی بەشـێك لـە مولکـی ژمـارە (٢٠٧/٥٦٦) بـە رووبـەری (٥٧٢م٢) بـە کرێـی سـاڵانەی (٤٠٠٠) چـوار هـەزار دینـار بـۆ (١م٢) بـۆ (مەبەسـتی نۆژەنکردنـەوەی بـازارگای ئاشـتی) ، ئـەو کەسـەی نیـازی بەشـداربوونی هەیـە لـە زیادکردنـی ئاشـکرا بـا سـەردانی سـەرۆکایەتی شـارەوانی (سـۆران) بـکات مزایدەکـە ئەنجـام دەدرێـت لـە رێکەوتـی ٢٠١٩/٨/٥ کاتژمێـر (١٢) دوازدە نیـوڕۆ لـە رۆژی دیاریکـراو کرێگرتەکـەش دەبـێ بارمتەی یاسـایی بـە رێـژەی (٢٠٪) لـە کـرێ ی خەملێنـراو لەگـەڵ خـۆی بهێنـێ هەروەهـا کـرێ ی بلاوکردنـەوە خەرجـی تریـش دەکەوێتـە ئەسـتۆی خـۆی .

ئەندازیار / امیر فاخر جادر

بەڕێوەبەری شارەوانیەکانی سۆران بە وەکالەت

***

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی زانکۆی کۆیە

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی و پلان دانان

ژمارە/ ٣١٠٤/٢٩/٧

رێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٢

ئاگاداری

سـەرۆکایەتی زانکـۆی کۆیـە ئـەو کەسـانەی کەلـە بـواری فۆتۆکۆپـی کاردەکـەن(ئەوانـەی مۆڵەتـی کارکردنیـان فۆتۆکۆپـی) هەیـە، ئـاگادار دەکاتـەوە کـە هەڵدەسـتێت بـە بەکرێدانی(باڵەخانەکانـی هـەر چـوار فاکەڵتیەکـەی زانکـۆی کۆیـە بـۆ فۆتۆکۆپـی) بەشـێوەی کەمگیـری نهێنـی بـۆ بەکرێدانـی، جاهـەر بەڕێزێـك ئـارەزووی بەشـداری کردنـی هەیـە بـا لـەرۆژی (سـێ شـەممە) لەبـەروار (٢٠١٩/٧/٢)تاوەکـو(٢٠١٩/٧/٢٣) سەردانی(سـەرۆکایەتی زانکـۆی کۆیـە- بەڕێوەبەرایەتـی کاروبـاری یاسـایی)بکات بـۆ وەرگرتنـی تەنـدەر دوای بڕینـی وەصڵـی کرێنـی تەنـدەر لەبەڕێوەبەرایەتـی دارایـی زانکـۆ.

پ.د. ولی محمود حمد

سەرۆکی زانکۆ

***

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی زانکۆی کۆیە

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی و پلان دانان

ژمارە/ ٣١٠٥/٢٩/٧

رێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٢

ئاگاداری

سـەرۆکایەتی زانکـۆی کۆیـە ئـەو کەسـانەی کەلـە بـواری فۆتۆکۆپـی کاردەکـەن(ئەوانـەی مۆڵەتـی کارکردنیـان فۆتۆکۆپـی) هەیـە، ئـاگادار دەکاتـەوە کـە هەڵدەسـتێت بـە بەکرێدانی(باڵەخانەکانـی هـەر چـوار فاکەڵتیەکـەی زانکـۆی کۆیـە بـۆ فۆتۆکۆپـی) بەشـێوەی کەمگیـری نهێنـی بـۆ بەکرێدانـی، جاهـەر بەڕێزێـك ئـارەزووی بەشـداری کردنـی هەیـە بـا لـەرۆژی (سـێ شـەممە) لەبـەروار (٢٠١٩/٧/٢)تاوەکـو(٢٠١٩/٧/٢٣) سەردانی(سـەرۆکایەتی زانکـۆی کۆیـە- بەڕێوەبەرایەتـی کاروبـاری یاسـایی)بکات بـۆ وەرگرتنـی تەنـدەر دوای بڕینـی وەصڵـی کرێنـی تەنـدەر لەبەڕێوەبەرایەتـی دارایـی زانکـۆ.

پ.د. ولی محمود حمد

سەرۆکی زانکۆ

مەرجەکان

١- پێویسـتە کەسـی ئـارەزوومەنـد بـۆ بەشـداریکردن لەکەمگیریەکـە پسـولەی دارایـی بەبـڕی(٣٠٠٠٠) سـی هـەزار دینـاری عیراقـی ببڕێـت لەبەڕێوەبەرایەتـی دارایـی زانکـۆ.

٢- دانانـی بارمتـەی سـەرەتایی بەبڕی(٢٠٠٠٠٠٠)تەنهـا دوو ملیـۆن دینـار بەشـێوەی نەقـدی لەبەڕێوەبەرایەتـی دارایـی زانکـۆ.

٣- بەشـدار بـوو لـە کەمگیـری فۆتۆکۆپـی سـەردانی بەڕێوەبەرایەتـی کاروبـاری یاسـایی و پلاندانانـی زانکـۆ بـکات بەمەبەسـتی ناونوسـین لەلیسـتی بەشـداریکردن دا ئـەم پسـوڵەیە پێشـکەش بکات(وێنـەی کۆپـی پسـوڵەی بەشـداری کـردن لـە کەمگیـری، وێنـەی پسـوڵەی بارمتـە سـەرەتاییەکە، وێنـەی کۆپـی مۆڵەتـی کارکـردن لـە فرۆتۆکـۆپ بـۆ ئەوانـەی بەشـداری دەکـەن لەکەمگیـری فۆتۆکۆپـی، کارتـی نیشـتمانی یاخـود ناسـنامەی بـاری کەسـی، ڕەگەزنامـەی بـاری شارسـتانی، ناسـنامەی ئەندامێتـی لـە کۆمەڵـەی وێنەگرانـی کوردسـتان).

٤- هـەر بەڕێزێـك خاڵـی (١ و ٢ و ٣) ئەنجـام نـەدات مافـی بەشـداریکردنی نیـە لەکەمگیـری کردنەکـە.

٥- نرخـی بڵاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەو کەسـەی کـە تەندەرەکـەی بـۆ دەردەچێـت

٦- مـاوەی بەکرێدانەکـە بـۆ مـاوەی یـەك سـاڵی خوێندنـە (٢٠١٩ - ٢٠٢٠).

٧- هـەر فەرمانبەرێـك لەوەزارەتـی تـر کەبەشـداری زیادکردنەکـە دەکات دەبێـت پلـەی وەزیفـی لەچـوار بـەرەو سـەرەوە بێـت واتـە دەبێـت لـە (٥-٦-٧-٨-٩-١٠) بێـت.

٨- بـراوەی کەمگیریـە نهێنیەکـە گرێبەسـت لەگـەڵ زانکـۆ واژو دەکات و ئەبێـت ڕەزامەنـدبێت بەهـەر مەرجێـك بخرێتـە ئـاو گرێبەسـتەکە کـە لەچوارچێـوەی بەڕژەونـدی گشـتی زانکـۆدا بێـت.

٩- دواکات بـۆ گەڕاندنـەوەی تەنـدەرەکان ڕۆژی(سـێ شـەممە) رێکەوتـی (٢٠١٩/٧/٣٠) کاتژمێـر(٩) ی بەیانـی دەبێـت و سـندوقی تەنـدەر دادەخرێـت، وە لەهەمـان ڕۆژدا کاتژمێـر(١٠)ی بەیانـی تەنـدەرەکان دەکرێنـەوە

***

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی زانکۆی کۆیە

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی و پلان دانان

ژمارە/ ٣١٠٤/٢٩/٧

رێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٢

ئاگاداری

سـەرۆکایەتی زانکـۆی کۆیـە ئـەو کەسـانەی کەلـە بـواری فۆتۆکۆپـی کاردەکـەن(ئەوانـەی مۆڵەتـی کارکردنیـان فۆتۆکۆپـی) هەیـە، ئـاگادار دەکاتـەوە کـە هەڵدەسـتێت بـە بەکرێدانی(باڵەخانەکانـی هـەر چـوار فاکەڵتیەکـەی زانکـۆی کۆیـە بـۆ فۆتۆکۆپـی) بەشـێوەی کەمگیـری نهێنـی بـۆ بەکرێدانـی، جاهـەر بەڕێزێـك ئـارەزووی بەشـداری کردنـی هەیـە بـا لـەرۆژی (سـێ شـەممە) لەبـەروار (٢٠١٩/٧/٢)تاوەکـو(٢٠١٩/٧/٢٣) سەردانی(سـەرۆکایەتی زانکـۆی کۆیـە- بەڕێوەبەرایەتـی کاروبـاری یاسـایی)بکات بـۆ وەرگرتنـی تەنـدەر دوای بڕینـی وەصڵـی کرێنـی تەنـدەر لەبەڕێوەبەرایەتـی دارایـی زانکـۆ.

پ.د. ولی محمود حمد

سەرۆکی زانکۆ

مەرجەکان

١- پێویسـتە کەسـی ئـارەزوومەنـد بـۆ بەشـداریکردن لەکەمگیریەکـە پسـولەی دارایـی بەبـڕی(٣٠٠٠٠) سـی هـەزار دینـاری عیراقـی ببڕێـت لەبەڕێوەبەرایەتـی دارایـی زانکـۆ.

٢- دانانـی بارمتـەی سـەرەتایی بەبڕی(٢٠٠٠٠٠٠)تەنهـا دوو ملیـۆن دینـار بەشـێوەی نەقـدی لەبەڕێوەبەرایەتـی دارایـی زانکـۆ.

٣- بەشـدار بـوو لـە کەمگیـری فۆتۆکۆپـی سـەردانی بەڕێوەبەرایەتـی کاروبـاری یاسـایی و پلاندانانـی زانکـۆ بـکات بەمەبەسـتی ناونوسـین لەلیسـتی بەشـداریکردن دا ئـەم پسـوڵەیە پێشـکەش بکات(وێنـەی کۆپـی پسـوڵەی بەشـداری کـردن لـە کەمگیـری، وێنـەی پسـوڵەی بارمتـە سـەرەتاییەکە، وێنـەی کۆپـی مۆڵەتـی کارکـردن لـە فرۆتۆکـۆپ بـۆ ئەوانـەی بەشـداری دەکـەن لەکەمگیـری فۆتۆکۆپـی، کارتـی نیشـتمانی یاخـود ناسـنامەی بـاری کەسـی، ڕەگەزنامـەی بـاری شارسـتانی، ناسـنامەی ئەندامێتـی لـە کۆمەڵـەی وێنەگرانـی کوردسـتان).

٤- هـەر بەڕێزێـك خاڵـی (١ و ٢ و ٣) ئەنجـام نـەدات مافـی بەشـداریکردنی نیـە لەکەمگیـری کردنەکـە.

٥- نرخـی بڵاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەو کەسـەی کـە تەندەرەکـەی بـۆ دەردەچێـت

٦- مـاوەی بەکرێدانەکـە بـۆ مـاوەی یـەك سـاڵی خوێندنـە (٢٠١٩ - ٢٠٢٠).

٧- هـەر فەرمانبەرێـك لەوەزارەتـی تـر کەبەشـداری زیادکردنەکـە دەکات دەبێـت پلـەی وەزیفـی لەچـوار بـەرەو سـەرەوە بێـت واتـە دەبێـت لـە (٥-٦-٧-٨-٩-١٠) بێـت.

٨- بـراوەی کەمگیریـە نهێنیەکـە گرێبەسـت لەگـەڵ زانکـۆ واژو دەکات و ئەبێـت ڕەزامەنـدبێت بەهـەر مەرجێـك بخرێتـە ئـاو گرێبەسـتەکە کـە لەچوارچێـوەی بەڕژەونـدی گشـتی زانکـۆدا بێـت.

٩- دواکات بـۆ گەڕاندنـەوەی تەنـدەرەکان ڕۆژی(سـێ شـەممە) رێکەوتـی (٢٠١٩/٧/٣٠) کاتژمێـر(٩) ی بەیانـی دەبێـت و سـندوقی تەنـدەر دادەخرێـت، وە لەهەمـان ڕۆژدا کاتژمێـر(١٠)ی بەیانـی تەنـدەرەکان دەکرێنـەوە

***

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەك دەکەینـەوە کـە کۆمپانیـای (یاسـین علـی احمـد) بـۆ کرین و فرۆشـتنی خانووبـەرە/ تـاك) بریـاری پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای داوە، بۆیـە هـەر کەسـێك یـان هـەر لایەنێـك مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی دا ئـاگاداری بەڕێوەبەرایەتـی کۆمپانیاکانـی هەولێـر بکاتـەوە لـە شـاری (هەولێـر- جـووت سـایدی بەختیـاری- تەنیشـت سـوپەرمارکێتی ماجسـتی) بـۆ یەکلایکردنـەوەی کێشـەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١٢٠٢٤

رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١

بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (HAVAKAR) بۆ بارزگانی گشتی/ سنوردار)

پاڵپشـت بەناوەڕۆکـی بڕیـاری دەسـتەی گشـتی کۆمپانیـای (HAVAKAR) بـۆ بارزگانـی گشـتی/ سـنوردار) لـە رێکەوتـی (٢٠١٩/٦/١٦) کـە تۆمـارە لەژێـر ژمـارە (٢٠٥١٣) لـە رێکەوتـی ٢٠١٤/٦/١٥ بەڕێوەبـەری رێپێـدراوی کۆمپانیـا (میـر احمـد میـر حمـد) تایبـەت بەدانانـی کۆمپانیـا لەژێرپاکتاوکـردن و دانانـی بەڕێـز (ایـهان عزالدیـن بکـر و عبدالخالـق اسـماعیل عبدالقـادر) بەپاکتـاوکاری کۆمپانیـای نابـراو, مـن بەڕێوەبـەری کۆمپانیاکانـی هەولێـر بریـاری ناوبـراوی سـەرەوەم پەسـەندکرد بەمەرجێـك بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـاددەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەمواركـراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەروارى ٢٠١٩/٧/١

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١١٤٠٩

رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٢٣

بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (یاسین علی احمد) بۆ کرین و فرۆشتنی خانووبەرە/ تاك)

پاڵپشـت بەناوەڕۆکـی بڕیـاری دەسـتەی گشـتی کۆمپانیـای (یاسـین علـی احمـد) بـۆ کرین و فرۆشـتنی خانووبـەرە/ تاك) لـە رێکەوتـی (٢٠١٩/٥/٧) کە تۆمـارە لەژێـر ژمـارە (٢١٢٩٣) لـە رێکەوتـی ٢٠١٤/١٢/٧ بەڕێوەبـەری رێپێـدراوی کۆمپانیـا (یاسـین علـی احمـد) تایبـەت بەدانانـی کۆمپانیـا لەژێرپاکتاوکـردن و دانانـی بەڕێـز (احمـد صـلاح عبدالله) بەپاکتـاوکاری کۆمپانیـای نابـراو, مـن بەڕێوەبـەری کۆمپانیاکانـی هەولێـر بریـاری ناوبـراوی سـەرەوەم پەسـەندکرد بەمەرجێـك بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـاددەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەمواركـراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەروارى ٢٠١٩/٦/٢٣

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئـاگاداری گشـت لایـەك دەکەینـەوە کـە کۆمپانیـای (یاسـین علـی احمـد) بـۆ کرین و فرۆشـتنی خانووبـەرە/ تـاك) بریـاری پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای داوە، بۆیـە هـەر کەسـێك یـان هـەر لایەنێـك مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی دا ئـاگاداری بەڕێوەبەرایەتـی کۆمپانیاکانـی هەولێـر بکاتـەوە لـە شـاری (هەولێـر- جـووت سـایدی بەختیـاری- تەنیشـت سـوپەرمارکێتی ماجسـتی) بـۆ یەکلایکردنـەوەی کێشـەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای باری کەسینەی سۆران
ژمارە: ٢٧٤/ش/ ٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١
بۆ/ داوالێکراو (نباء اسد صاحب) شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە
پێڕاگەیاندن
داواکار (تارام حسن قادر) داوای ژمارە (٢٧٤/ش/ ٢٠١٩) لەسەرت تۆمار کردووە لە دادگاکەمان کە تیایدا داوای (پەسەندکردنی تەلاقی دەرەکی) دەکات و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە، بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بە مەبەستی ئامادەبوونت لە دادبینی رۆژی (٢٠١٩/٨/٢٥) بۆیە پێویستە لەسەرت کە خۆت یان بڕیکارەکەت لە رۆژی دیاریکراو کاتژمێر (١٠) سەر لە بەیانی لە دادگاکەمان ئامادە بن بۆ دادبینی ئەگینا دادبینی بە پاشملە و بە پێی یاسا دەرهەقەت ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ گۆزان عبدالخالق عبدالقادر
* * *
ڕێقەبەریا گشتی یا باژێڕفانییا ل پارێزگەها دهۆکێ بەشێ مولك و زەفی و زار
ژمارە: ١٩/٣٠٠/١/١
رێکەفت: ٢٠١٩/٦/٣٠
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر قی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرنیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو ئافاکرنا (١٤) چارەد دوکانا کەرتێ (١) مانگێشکێ ب رووبەرێ (٥٠)م٢ بو هەر دوکانەکێ بشێوێ مافێ بەرخوری (المساطحة) بو ماوێ (١٥) پازدە سالا و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرنیك زێدەکرنێدا بکەت ژبلی فەرمانبەر و پێشمەرگە و هێزێن نافخویی بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایی خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێڕانیا مانگێشکێ بکەت د ماوێ ٣٠ سیھ روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرنیك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێڕانی یا مانگێشکێ دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
ڕێقەبەرێ گشتی
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٤١٤٦
رێکەوت/٢٠١٩/٦/١٣
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٩/٦٥٦ کە کەوتوەتە ك ٤٤ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار ایوب شوکت احمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی صلاح شوکت احمد بەبڕی/ ٥٥٢,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی نامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کرپارە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١٥٧/١٨٢ ك ٤٥ وارش
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣– سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لەخانووەیەکی (دوو نهۆم) یەکەم (٤) ژوور و هول و استقبال و حمام و مرافق مطبخ و نهۆمی دووەم (٥) ژووروو حمام و مرافق و ژێرزەمین.
٥ – رووبەرەکەی/٦٠٠ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ١,٠٢٠,٠٠٠,٠٠٠ یەك ملیار و بیست ملیۆن دینار.
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٤١٤٦
رێکەوت/٢٠١٩/٦/١٣
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ١٥٧/١٨٢ کە کەوتوەتە ك ٤٥ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار ایوب شوکت احمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی صلاح شوکت احمد بەبڕی/ ٥٥٢,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی نامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کرپارە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١٥٧/١٨٢ ك ٤٥ وارش
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لەخانووەیەکی یەك نهۆمی (٣) ژوورو حمام و مرافق مطبخ و بیتونە. ٥ – رووبەرەکەی/٢٠٠ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ١٤٤,٠٠٠,٠٠٠ سەد و چل و چوار ملیۆن دینار.
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە:١١٢٤/ب/٢٠١٩/١
رێکەوت:٢٠١٩/٧/٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (دلۆڤان دلێر عبدالقادر)
ئامازە بەداواى بەرایی ژمارە (١١٢٤/ب/٢٠١٩) کە تۆمارکرابوو لەسەرتان لەلایەن داواکار (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (First ray) ئەم دادگایە لە ڕۆژی (٢٠١٩/٦/٢٣) بە پاشملە بڕیاری دا بە پابەندکردنت بەدانی بڕی پارە (٢٤٤٠٠٠٠٠٠) دوو سەدو چل و چوار ملیون دیناری عیراقی وە دانی بری ٢٠٠٠٠٠٠ دوو ملیون دینار وەکو ماندووبوونی پارێزەرایەتی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بەپێ راگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی وە مافی نارەزایی (اعتراض) و تێهەڵچوونەوەی و پێداچوونەوەت هەیە لەبڕیاری پاشملەی دادگای لەماوەی یاسای (٣٠) ڕۆژدا ئەگەرنا بریارەکەی پلەی بنبر وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
* * *
دادگای باریێ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ٤٥٢/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٧/٣
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (رعد سعدالله عبدالکریم) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/٧/١ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (سامیه سالم عبدالکریم) بریاردا ب (تفریق للهجر) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار دا وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە ڕۆژان ژ ڕۆژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕۆژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادوەر / زیڤان احمد حسین
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٩/٢١/انابە
رێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٣
راگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا (کومپانیا مسعود صالح سعید/گورینی دراو - تاك) کو دکەڤیتە (دهوك/کاوە سەنتەر) وتومار کریە بناڤێ (مسعود صالح سعید) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (خالد حاجی سلیم) بکوژمێ (٥٢٧٨٠٦٠٠) پێنجی ودوو ملیون وحەفت سەد وهەشتێ هزار وشەش سەد دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣) سێ ڕوژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی راگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٧٨٠٠٠٠٠٠)حەفتێ وهەشت ملیون دینار دگەل ڕەگەزنامایا عیراقی بو زانین ڕەسمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە
هاریڤان ایوب عبدالله / (جێ بەجێ کاری داد)
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ٦٩١/ت/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٣٠
ئاگاداری
بۆ / قەرزار : فاطمه علی خلف
لەبەر نەزانین ونەدیاری شوێنت بۆیە بەپێی مادە (٢٧)ی یاسای جێ بەجێ کردن بریاردرا لە ڕێی ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت رابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ئامادەبیت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (محمد طاهر میول) کە (١٠٠٠٠٠٠٠) عەشرە ملایین ملیون دیناری عیراقی یە دەنا بە پێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت
جێ بە جێ کاری داد / ریبر سلهان خالد

Crescent Petroleum

Job Details	
Position Title	**Instrument Technician**
Direct Supervisor	Maintenance Supervisor – Instrumentation
Department	Maintenance
Job Location	Khormor – Kurdistan region of Iraq
Job Reference: IT/M/July/19	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS
Executes all instrument planned and corrective maintenance on Khormor's installations in accordance with both local and industry standards. Undertakes Loop checks and performs calibration and strong knowledge off PLC controllers and its related appurtenances in accordance with operational procedures. Troubleshoots and fault finding on instrumentation equipment/systems and on instrumentation and controls. Assists in undertaking planned and corrective maintenance activities. Provides input in creating and reviewing maintenance procedures, job plans and work instructions. Reports to the Maintenance Supervisor – Instrumentation.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENTIAL FUNCTIONS
Work Responsibilities
1. Adheres to technical Governmental and Company rules, regulations and procedures.
2. Ensures all lifesaving, firefighting and emergency systems are well maintained and are ready for immediate use.
3. Conversant and compliant with the Company's Integrated Management System
4. Understands, implements and supports Khormor's maintenance strategy and philosophy.
5. Administers maintenance programs using CMMS software programs and tools (such as Maximo) and in close coordination with the maintenance planning and scheduling processes.
6. Adheres to, implements and maintains full control of the Khormor Permit to Work system.
7. Participates in Task Risk Assessments, incident investigations, safety meetings, toolbox meetings, emergency response exercises/drills.
8. Acts as a team-player in the multifunctional operations and maintenance team.
9. Maintain proper housekeeping.
10. Develops cross-discipline multi-tasking within Production Operations and Maintenance group activities.
11. Troubleshoots instrument and related problems both independently and in liaison with vendor specialists.
12. Assists and guide third party inspections and E-repair services.
13. Participates in the Emergency Response organization as required (this may include responsibilities in Search & Rescue and Fire Fighting.
14. Contributes to development and implementation of procedures and work instructions for the completion of I-related tasks.

Verification and Calibration
15. Checks the functionality of equipment and measuring instruments and test the instrument for calibration in accord with allowable limits and standards.

Repair of Equipment
16. Dismantles, repairs, resembles, inspects and tests equipment that has been repaired as requested.

Crescent Petroleum

Reporting and Communication
17. Reports to the Maintenance Supervisor – Instrumentation on all issues relating own responsibilities.
18. Exhibits and maintains excellent working relationships with all Company staff.

Continuous Improvement of Position
19. Conducts studies to identify areas for improving facilities on a continuous basis in order to facilitate the operations. Recommends improvement actions and practices to senior management.

Decision–making Authority

Working and Other Reporting Relationships

Maintenance Supervisor – Instrumentation	Frequent/daily
Maintenance Superintendent	Frequent

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Control and electronics engineering degree or Instrumentation and process control Technical institute level educated

Minimum Professional Experience Required

At least 5 years' experience in the oil & gas industry. Be in the possession of any necessary certification to operate calibration and PLC equipment

Supervisory Responsibility

Special Requirements and Conditions

Must be physically fit, able to work under severe weather conditions and able to climb ladders and stair cases to elevated work platforms to monitor/repair process equipment
Additional Safety training is required, depending on the actual position of the I-technician within the emergency response teams. This could include First Aid, Man Down, High Angle Rescue, Fire Team Member/Leader

Crescent Petroleum

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Excellent communication skills in English (spoken & written) • Commitment to continuous learning • Knowledge sharing • Time management • Stress tolerance	• Able to take swift and sound decisions in case of emergencies in order to assure that the safety of crew is not jeopardized. • High team spirit awareness • Self-starter, flexible, initiative, positive approach to all aspects of work • Problem solving • Ability to integrate across functions and ability to learn	• Sound understanding of Maintenance/Operations as it relates to the safe & efficient production of natural gas • Sound computer skills in Microsoft Office • Working knowledge of maintenance management systems (such as Maximo) and Integrity (risk based) maintenance procedures • Analytical skills to identify and resolve E/I- problems. • Total Loss Management training requirements • Full awareness of emergency response plans • High cost efficiency awareness level • Working knowledge of Natural Gas Production Gas Processing and associated Utility Systems

Please submit your application or CV to our office addresses as below no later than 14 July 2019

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th

OR

Email to us at: jobs_cpdg@crescent.ae (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Data Entry Officer: Ref: IT/M/July/19)

تۆلستۆ و نامەکانی



بۆتان جەلال

لەم دواییە دا لە ئیسپانیا کتێبێک بڵاو کرایەوە دەربارەی ئەو نامانەی نووسەری گەورە (لیو تۆلستۆی) بۆ نووسەر و خۆشەویست و برادەرەکانی نووسیبوون، کتێبەکە (386) لاپەڕەیە و یاداشتنامەنووس (سیلما ئەلسێرا) ئامادەی کردووە، جگە لە نامەکان ژمارەیەک وێنەی دەگمەنی تۆلستۆی کۆ کردووەتەوە و بە شێوازێکی هونەری جوان چاپی کردوون، گرنگی ئەم کتێبە لە نووسینی هیچ ڕۆمانێکی تۆلستۆی کەمتر نییە بۆ نووسەرەکەی، ناوەڕۆکی کتێبەکە باس لە ژیان و وێستگە گرنگەکانی داهێنان و ژیانی ڕامیاری دەکات و ئاماژە کار زۆر بە ووری نامەکانی پشکنیون و لە ڕووی بایەخی مێژوویی‌یەوە شرۆڤەکاری بۆ کردوون، بەتایبەتیش هەڵوەستەیەکی پڕ لە بایەخی سەبارەت بەسات و کاتی نووسینی هەردوو شاکارەکانی تۆلستۆی (ئانا کارتینا) و (جەنگ و ئاشتی) کردووە.

لە یەکێک لە نامەکانیدا دەڵێت: (وا دەست بە نووسینی ڕۆمانی ئانا کارتینا دەکەم، هەر لە سەرەتاوە هەست دەکەم کارێکی قورس و بێزارم گرتۆتە ئەستۆ، لە خودا داوا دەکەم هێزم پێ بدات بە زووترین کات لە ژێر ئەو بارە ڕزگارم بێت).

هەرچی سەبارەت بە ڕۆمانی (جەنگ و ئاشتی)یە دەبێژێت (بەڕاستی بۆم دەرکەوتووە نووسینی ئەم ڕۆمانە ناخۆش و قێزەونە). لایەنی دەروونی نووسەر لە ساتەوەختی نووسینی ئەم ڕۆمانەدا لە لایەن یەکێک لە تۆێژەرە ئەدەبییەکانەوە لە ڕۆژنامەیەکی ئیسپانیادا بڵاو کراوەتەوە، دەرکەوتووە نووسەر دووچاری وەرچەرخانی دەروونی بووەتەوە، گۆڕانێک لە ژیانیدا زۆر بە خێرا ڕوویداوە کە بەرەو پەروەردەکردنی خودی پەلکێش دەکات، زۆرجار کە دەستی پێکردەوە بە نووسین، دەیگوت (چیتر حەز ناکەم درۆ بنووسم و پاشان بیکەمە کتێب و خوێنەری پێ فریو بدەم). ئەو هەڵگەڕانەوە کاتیەی ڕێگە خۆشکەر بوو بەرەو خوێندنەوەی کتێبە ئاسمانییە پیرۆزەکانی بیات، دەستی کرد بە ئینجیل خوێندنەوە، لە وەسفی پێغەمبەری موسڵمانان موحەمەد (د.خ) گوتەیەکی هەیە و دەڵێت (پیاوێکی مەزنە توانی کۆمەڵگەی عەرەب و دەور و بەری لە کوشتار و خوێنڕشتن و داب و نەریتە خراپەکان ڕزگار بکات و لە چرنووکی پیسی دەستی شەیتان بە دووریان بگرێت دەرگای شارستانییەتی بە ڕووی مرۆڤایەتیدا خستە سەر پشت و بە خێرایی گەشەی کرد، چونکە بنەماکانی لە پێناو ژیانێکی ئازاد و خاوێن خزمەتی مرۆڤایەتی دەکات، نووسینی ئەم ڕۆمانەدا لە لایەن یەکێک لە تۆێژەرە ئەدەبییەکانەوە لە تۆڕجنێڤ)یش خۆڕاگری بنوێنێت، هەموو کات دەیگوت (من لە دستۆفیسکی نووسەرترم). لەگەڵ ئەوەی لە هەموو ژیانیدا یەکجاریش نەیدیتبوو، مرۆڤێکی ئاڵۆز و لەناو خودی خۆیدا دوو کەسی دژ بەیەک بوو، (بوزا) و قورئانی (محەمەد) پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) و (لاوتسی) و (ئینجیل) و (ئیبکیتیکۆ) و (کانت) و (نیتشە)ی بە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسایی و ئەڵمانی و یۆنانی دەخوێندەوە، بەڵام نەیدەزانی ریتمە میسالی و جوانکاریەکانی لەگەڵ واقیعی ژیاندا ڕێکبخات، چونکە تێڕوانینی بەردەوامی پڕ لە تەناقوزاتی هەبوو).

سالی 1854 لە گەرمەی هەڵمەتی شەڕەکانی قەوقاز دا نووسیویەتی و دەڵێت (ئەو دیمەنانە سەرنج و سەیر و سەمەرەن کە دەبینی خەڵکانێک مرۆڤن و کەچی کەوتوونەتە گیانی یەکتر و یەکتر قەڵاچۆ دەکەن!!).

ئەو بەرگری بێ تووندوتیژی دژی داگیرکەران هەڵبژاردبوو، دژی تووندوتیژی و چەک بەکارهێنان بوو، وەک چۆن غاندی لەسەر هەمان بیر و بۆچوون خەباتی دژی داگیرکەرانی هیندستان پەیڕەو کرد، ئەو بە ڕاستی دەیگوت: ئەگەر ئێمە ئامادە نەبین بۆ قوربانیدان و ڕێز لە ژیان بگرین، ئەوا ناتوانین ئازادی بەدەست بهێنین.

ئەو بە ڕاستی ڕۆحێکی ئازاد و ئینسانێکی ئاشتیخواز بوو، بۆیە ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجانەی لە ژیانیدا چێشتووە بە هۆی ئەو بیر و باوەڕانەوە بووە کە هەیبووە، بۆیە ئەو بە ڕاستی دەتوانین بڵێین ئەو ئینسانێکی ئاشتیخواز بووە و ئەو ئاشتیخوازییەی لە ژیانیدا هەیب

www.xebat.net
پێنج شەمە 2019/7/4 ژمارە (5782)
خەبات



شیکردنەوەیەک لەسەر فەلسەفەی شیکاریانە

ئا: ئەحمەد حاجی مەولود

١ – ٢

نزیکەی دوو سەدە بەسەر هەوڵە سەرەتایەکانی هزرمەندانێک تێدەپەڕێ، کە وەکو باوانی ڕەوتی فەلسەفەی شیکاریانە ناسراون. لە کاتێکدا، هێشتا یەکێک لە سەرەکیترین دڵەڕاوکێیەکانی فەیلەسوفانی ئەو ڕێچکەیە، دۆزینەوەی پێناسەیەکی پەسەندکراوە بۆ چیپەتی ڕێچکەکە لە فەلسەفەدا. ئەو کێشەیە تەنیا ڕەوتی شیکاریانە ناگرێتەوە و تۆێژەرانی فەلسەفەی هاوچەرخ لە پێناسە و دەرخستنی تایبەتمەندی و هێلە گشتییەکانی ڕەوتی نەیار، واتا نەریتی فەلسەفەی کیشوەریش لەگەڵ دڵەڕاوکێیەکی وەها، واتا دۆزینەوەی تایبەتمەندی و ئەو پێوەرانەی کە بە پێی ئەوان بکرێ فەیلەسوفانی ئەم ڕەوتە و ئەندێشەکانیان لە ژێر پێناسەیەک کۆبکرێتەوە ڕووبەڕوو بوونەتەوە.

شیکردنەوەی ئەو پرسە پێویستی بە کەشوهەوایەکی سەربەخۆ هەیە. بەڵام تایبەتمەندی و هەڵومەرجێک بۆ تێگەیشتنی جیاوازیەکانی ڕەوتی فەلسەفەی شیکاریانە لە ڕەوت و ڕێچکەکانی دیکە لەلایەن تۆێژەران باسکراوە، کە بە کورتی ئاماژەی پێدەکرێ:

1) داکۆکیکردن لەسەر بەڵگەهێنانەوە و بایاخی تەواو بە لۆژیک بۆ دیاریکردنی کارو بار و داکۆکی لەسەر ڕوونبوون و بەرچاوبوون، وەکو تایبەتمەندی مەعریفەیی دروست و ڕاستەقینە.

2) لەبەرچاوگرتنی ڕوانگەی مەعریفەناسی و گواستنەوەی دەستکەوتەکانی مەعریفەیی بۆ بوارەکانی دیکە و ئەو لقانەی تاوتوێیان لەسەر دەکرێ.

3) سەرنجدانی تەواو بە گوتاری زمان لە تەواوی چەرخەکانی میتۆووی فەلسەفەی شیکاریانە.

4) داکۆکیکردن لەسەر چەمکی ڕاستی وەکو تەوەری سەرەکی.

5) ڕێکخستن لە چوارچێوەی دەربڕینی پرسەکان و دووبەرەیزی لە ئالۆزی و پەرتوبڵاوی.

6) بایەخی کەم بۆ میتۆونووسی.

بوارەکان

بواری جۆراوجۆر بۆ پێکهێنان و بەرفراوانکردنی ڕەوتی شیکاریانە دیاریکراوە، کە بەپێی توانا بە کورتی ئاماژە بە چەند بوارێک دەکەین:

بواری زانستییەکان

پێشکەوتنە خێرا و بەرچاوەکانی زانستە سروشتی و پیشەییەکان و بە دوای ئەو بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندکارانی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا، هەندێک هزرمەند و فەیلەسوفی هاندا تا پێداچوونەوە لە بنەماکانی لۆژیک و شێوازی زانست بکەن و زیاتر پێوەرەکانی ئەزموونی لەبەرچاوبگرن، کە ئەم کارە بە هەبوونی ڕوانگەی ئەزموونگەرایانە لە مەعریفەناسی، ئەوانی هاندا تا هەر جۆرە تیۆری میتافیزیا یان عەقڵگەرایانە وەلا بنێن. هەڵبەت بایەخدان بەتۆێژینەوە، یەکێک لە لق و ڕوانگەکانی فەلسەفەی شیکاریانەیە، کە لە کەشوهەوای دژە میتافیزیا و زانستپەرستی دوای چەرخی ڕۆشنگەری سەری هەڵداوە و دوایش بەهۆی نەگونجان و ڕەخنەکانی خودی فەیلەسوفانی ڕەوتی شیکاریانە لەنێوچوو.

بوارەکانی فەلسەفەی:

ئایدیالیزمی ڕەهای هێگڵ ژ لایەنی نەرینی ژ یەکێک لەو بوارانەیە کە کاردانەوەی نەرینی بەدوای خۆی هێنا، کە لایەنی بەرچاوی ئەو، ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ناڕێکی و لایەنە زیادەڕۆیانەی هزری هێگڵ و شیکەرەوە ئینگلیزەکانی، لەوانە برادلی و مەک تاگارت لە کەمبەریج و ئاکسفۆرد. بواری دیکەی لێکۆڵینەوەی فەلسەفەی شیکاریانە لەگەڵ هۆکارەکانی ناوبراو، ڕوانگەی کۆن بوو، کە لە لایەک نیتس بە میرات مابێوە، ئەویش جۆرێک ئارەزووی گشتی بوو بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی لۆژیکی نوێ و بە لەبەرچاوگرتنی گوتاری زمان و شیکردنەوەی چەمکەکان بوو، کە لە لاک و برکلی مابێوە. ئەم هۆکارانە و هەروەها بلیمەتی برنارد بولتسانو، بیرکار و فەیلەسوفی ئەڵمانی، ئەوی بەرەو لۆژیکی (واریاسیون) و واتاناسی بەپێی جیاکردنەوەی بۆچوونەکان و هێنانی تیۆری نوێ هاندا، کە لەلایەک ڕەگی لۆژیکی ڕ بیرکاری: ئەم قۆناغە هەروەکو ئاماژە کرا بە هەوڵەکانی بۆڵتسانۆ دەستپێکرد و بە لۆژیکی ڕ بیرکاری و واتاناسی فرگە بەوپەڕی خۆی گەیشت، تا ڕێگە بۆ وایتهد و ڕاسل، مۆر و ویتگنشتاین بکرێتەوە. ئەم بڕگەیە، قۆناغی تێکەڵی ئەندێشەکانی لۆژیکی و زمانناسی لەگەڵ میتافیزیایە. بەشێوەیەک، کە بە ڕوونی لایەنی بان سرووشتی ئەندێشەی باوکانی یەکەمی نەریتی شیکاریانە دەردەکەوێت. بۆچوونەکانی وەکو جیاکردنەوەی ئایدیا و لێکدانەوەیان، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گومان و ڕوانگەی ڕاستەقینە لای بولتسانو، لەو بابەتانەیە، کە ئەوی بەرەو نەریتی فیساغوری ڕ ئەفلاتونی برد و دروستی بیروڕای ئەوی لانی کەم لە ڕوانگەی میتۆوییەوە دەستەبەر کرد. لە فرگە دەکرێ تیۆری "ئەندێشە" و جیایی لایەنەکان لە واتاناسی و سەلماندنی بوونە سەربەخۆیەکان لە دەرەوەی زەین، شیکردنەوەی نوێ لە واتای ڕاستی و هەروەها لێکدانەوەی چەمکی بوون وەکو لایەنی میتافیزیای ئەندێشەکانی ئەو ئاماژەی پێ بکرێ، کە ئەندێشەکانی ئەو بە قۆناغی میتۆووی فەلسەفە دەبەسترێتەوە یان دڵەڕاوکێی ڕاسل لە شیکردنەوەی زەین یان جیهانی مادە و سەلماندنی هۆکارێک بۆ دروستبوونی ڕاستەقینەی سەرەتای جیهان، وەکو بان سروشتێکی ئەزموونگەرا یاد بکرێت. یان لای قیتگنشتاین دەکرێ لەبارەی باوەڕ بە بەرامبەری سنورەکانی زمانی سروشتی لەگەڵ سنورەکانی جیهان یاد بکرێ، کە داکۆکی لەسەر دەکرد. هەرچەند ئەو لە قۆناغی دووەمی ئەندێشەکەیدا بەسەر ئەو باوەڕەدا، بەهۆی پێکهاتەی بان سروشتی ئەو، بازیدا.

لە قۆلایی میتۆووی فەلسەفە و هزری فەیلەسوفانی پێشوو دابوو، لەلایەکی دیکەشەوە هاندەری هزرمەندانی دوای خۆی، وەکو فرگە، وایتهد، مور، ڕاسل، ویتگنشتاین، کواین و ئەوانی دیکە بوو، تا ئەو شۆێنەی کە مایکل دامت، بولتسانو وەکو "باوە گەورەی فەیلەسوفانی شیکاریانە" یاد دەکات.

بوارەکانی کۆمەڵایەتی:

سەرەڕای هەبوونی هۆکارەکانی زانستی و فەلسەفی، تۆێژەران و میتۆونووسانی فەلسەفە، بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسیش وەکو مەیدانی گەشە و پەرەسەندنی ڕەوتی شیکاریانە ناو دەبەن. دیاردەیەک وەکو سەرهەڵدانی نازیزم و فاشیزم لە ئەورووپا، لە نێوان دوو جەنگی جیهانی و بە دوای ئەو، دوورخستنەوە یان کۆچکردنی هەندێک لە فەیلەسوفانی شیکاریانە بۆ وڵاتانی ئینگلیزی زمان و ئەمەریکا، بووە هۆی ئاشنایی زیاتری کۆمەڵگەی فەلسەفی لەگەڵ ئەو ڕوانگەیە و دەرەنجام گەشەکردنی لێکەوتەوە.

ڕوونە، کە هەندێکیش بە پێوەری جوگرافیایی هەوڵی پێناسەکردن و سنووردارکردنی نەریتی فەلسەفەی شیکاریانە و جیاکردنەوەی ئەو لەوانەی دیکە دەدەن، کە هەڵبەت ئەمڕۆ پێوەرێکی وەها لای تۆێژەران نەماوە و تەنیا وەکو لایەنی میتۆوویی ماوەتەوە.

قۆناغەکانی فەلسەفەی شیکاریانە

سەیرکردنی ڕەوتی گۆڕانکاری فەلسەفەی شیکاریانە، لەو بەشەدا، نە تەوەری فەیلەسوفە و نە تەوەری پرسەکەیە، بگرە میتۆوییە و بەپێی جیاکردنەوەی چوار قۆناغی نەریتی شیکاریانەیە و هەروەها دەرخستنی خاڵە هاوبەش و جیاکەرەوەکانیەتی لە یەکدی.

قۆناغی ڕەسەنایەتی ڕوانگەی لۆژیکی ڕ بیرکاری: ئەم قۆناغە هەروەکو ئاماژە کرا بە هەوڵەکانی بۆڵتسانۆ دەستپێکرد و بە لۆژیکی ڕ بیرکاری و واتاناسی فرگە بەوپەڕی خۆی گەیشت، تا ڕێگە بۆ وایتهد و ڕاسل، مۆر و ویتگنشتاین بکرێتەوە. ئەم بڕگەیە، قۆناغی تێکەڵی ئەندێشەکانی لۆژیکی و زمانناسی لەگەڵ میتافیزیایە. بەشێوەیەک، کە بە ڕوونی لایەنی بان سرووشتی ئەندێشەی باوکانی یەکەمی نەریتی شیکاریانە دەردەکەوێت. بۆچوونەکانی وەکو جیاکردنەوەی ئایدیا و لێکدانەوەیان، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گومان و ڕوانگەی ڕاستەقینە لای بولتسانو، لەو بابەتانەیە، کە ئەوی بەرەو نەریتی فیساغوری ڕ ئەفلاتونی برد و دروستی بیروڕای ئەوی لانی کەم لە ڕوانگەی میتۆوییەوە دەستەبەر کرد. لە فرگە دەکرێ تیۆری "ئەندێشە" و جیایی لایەنەکان لە واتاناسی و سەلماندنی بوونە سەربەخۆیەکان لە دەرەوەی زەین، شیکردنەوەی نوێ لە واتای ڕاستی و هەروەها لێکدانەوەی چەمکی بوون وەکو لایەنی میتافیزیای ئەندێشەکانی ئەو ئاماژەی پێ بکرێ، کە ئەندێشەکانی ئەو بە قۆناغی میتۆووی فەلسەفە دەبەسترێتەوە یان دڵەڕاوکێی ڕاسل لە شیکردنەوەی زەین یان جیهانی مادە و سەلماندنی هۆکارێک بۆ دروستبوونی ڕاستەقینەی سەرەتای جیهان، وەکو بان سروشتێکی ئەزموونگەرا یاد بکرێت. یان لای قیتگنشتاین دەکرێ لەبارەی باوەڕ بە بەرامبەری سنورەکانی زمانی سروشتی لەگەڵ سنورەکانی جیهان یاد بکرێ، کە داکۆکی لەسەر دەکرد. هەرچەند ئەو لە قۆناغی دووەمی ئەندێشەکەیدا بەسەر ئەو باوەڕەدا، بەهۆی پێکهاتەی بان سروشتی ئەو، بازیدا.

مالارمێ پێشەنگی هێماکەری و شاعیری نادیاری



ئاکۆ عەبدولا

تا ئێستا لە وڵاتی فەرەنسا چەندان ڕێچکەی شیعری سەربانهەڵداوە، بەڵام ڕێچەکەی ستیڤان مالارمێ یەکجار کاریگەرە کە ڕوخسارەکانی بەسەر شاعیرانی فەرەنسی و ئەورووپیدا دیارە. ئەو هەنگاوانەی ساموێل بیکێت لە بواری شانۆ گرتیبەبەر، مالارمێ لە شیعر گۆرانکاری پێ ئەنجامدا. لە ماڵەکەی خۆشی سالۆنێکی ئەدەبی کردبوو کە هەموو ئێوارەی ڕۆژانی سێشەمە دەستە بە دەستە ئەدیبان و شاعیران ڕوویان تێدەکرد و لەناویدا نێڵەیان لە ئاگری شیعرەدا.

قسەکردن لەسەر مالارمێ قسەکردنە لەسەر گرنگترین خاڵەکانی گۆڕانکاری لە شیعری ڕۆژئاوای نوێدا. ئەوە جگە لەوەی مالارمێ لەگەڵ ڕامبۆ بە ناوبڕێکی گرنگ دادەنرێن لە نێوان نوێخوازی شیعریدا کە پێش ئەوان بۆدلێر دایمەزراندبوو، لەگەڵ قوتابخانەی هێماگەری کە دواتر پۆل ڤالیری بەرجەستەیکرد. هەروەها لە نێوان قوتابخانەی گەردوونی کە ئەوەشیان دواتر پۆل کلۆدیل و سان جان پێری بەرجەستەیان کرد. بۆیە گەر بڵێین مالارمێ نوێنەری شیعری هێماگەرییە، لە ڕاستی دوورنەکەوتووینەوە.

ستیڤان نۆمافلۆزان مالارمێ-Stéphane Mal larmé ڕۆژی 18ی مارسی ساڵی 1842 لە شاری پاریس هاتۆتەدونیا. لە تەمەنی5 ساڵیدا دایکی مرد، بەڵام بەر لەوەی دووچاری شپرزەییەیێت، باوکی پارێزگاری لێکرد و بەشێوەیەکی ڕێک لە قوتابخانە و ماڵەوە هەوڵی فێرکردنی دەدا. لەبەر ئەوەی پەیوەندیشی بە بنەماڵەی دیبوای بەناوبانگ هەبوو، کە ئەو بنەماڵەیە دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی لویس پۆناپۆرت و دروستبوونی کۆماری دووەمی فەرەنسی لە ساڵی 1848 پلە و پایەیان بەرزدەبۆوە، بەوەش کارەکانی باوکی مالارمێ مەیسەر دەبێت، بەڵام هێندەی پێناچێت کە تەمەنی مالارمێ دەگاتە نۆ ساڵان باوکیشی دەمرێت. دواتر دەکەوێتە لای باپیرەی. لەگەڵ هەموو ئەم ناالەبارییانەش کەچی هەر لە منداڵییەوە بلیمەتی لێدەردەکەوێت و حەز لە هۆنینەوە دەکا. لە ساڵی 1858 وەک لاسایکردنەوەی (فریشتەی پاسەوان) ی شیللەر، بابەتێک بەناوی (ئەوەی کە سێ لەقلەقەکە وتیان) دەنووسێت. هاوکات دەکەوێتە سەر خوێندنەوەی ڕەوانبێژی و بۆ ساڵی دواتریش ئامادەی خوێندنی لۆژیکی بسنس دەبێت و چەند پارچە شیعرێکیش دەهۆنێتەوە کە لەدوای مردنی خۆی بە ناونیشانی (لەنێوان چوار دیواردا) بڵاوەدەکرێتەوە.

لە سەرەتای ژیانی شاعیریەتیدا مالارمێ بە شیعرەکانی ڤیکتۆر هۆگۆ سەرسام دەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەیەوێست لە چەمکی شیعری ئاسایی دەرچێت کە هەر لەسەدەی شانزدەهەمەوە گەشەکردنێکی وەهای بەخۆوە نەبینیبوو. لە ساڵی 1860 بە دیسمۆلین دەگات کە ئەم مرۆڤە دەوڵەمەندە زۆر بایەخی پێدەدات و لە نزیک ڤراش نیشتەجێدەکات. هەر لە کۆڕی ئەویش مالارمێ وانەی شیعری لە دۆشامپی شاعیری ڕۆمانسی وەردەگرێت و ئەمەو ڕێز کاریگەری (گوڵە بەدەکان)ی بۆدلێر، دەکەوێتە سەر تۆێژینەوە لە چامەکانی چاخی ڕێنیسانس. لەوانەبوو ئەوسا شاعیریەتی مالارمێ بەبێ وەیی ڕەتبووبا، ئەگەر کارەکانی (ئیدگار ئالان پۆ) ی نەدیبا، کە شیعر و چیرۆکە نامۆ و ئالۆزەکانی ئەم شاعیرە ئەمەریکییە، بۆ ناو دونیایەکی دیکەی برد. بەمە لە ستایلی شیعری فەرەنسی و ڕێبازی پەرناسییەت دێتە دەرەوە و دەگەوێتە دژایەتیکردنیشی. کاتێک تەمەنیشی دەگاتە بیست ساڵان هەوڵی ئەوە دەدات زمانی ئینگلیزی بەتەواوی فێربێت تاکو ڕاستەوخۆ بتوانێ شیعرەکانی ئەدگار ئەلان پۆ بخوێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەچێتە وڵاتی ئینگلتەرا و پێوەندی بە زانکۆکانی ئەو وڵاتە دەکات. لەوێدا چەندان چامە دەنووسێت کە بە کارە بەرزەکانی دادەنرێن لەوانە (پەنجەرە)، (شنەی دەریا)، (میر) .. دوای گەڕانەوەش لۆڤۆپیر و جازالیس دەبن بە هاوڕێی، کە ئەوانیش وەک مالارمێ هەوادار و داکۆکیکەربوون لە ئیدگار ئالان پۆ، ئینجا چەندان چامەی دیکە بلاوەدەکاتەوە لەوانە (هەناسەدان) (شەپۆڵی تێکشکاو)، (ئەمڕۆ). لە ساڵی 187 تۆێژینەوەیەکی کاریگەر بۆ یادی بۆدلێر دەنووسێت. لە ساڵی1873 دیوانی (ئیگیتۆر) بلاوەدەکاتەوە. بۆ ساڵی دواتریش لە گۆڤاری دونیای نوێ، وتارێکی سەرنجڕاکێش بەناوی (ئەهریمەنی هاوشێوە) بلاوەدەکاتەوە کە بۆنی نامۆبوون و دابڕانی لێدەهات. لە ساڵی 1876دیوانی (ئێوارە کۆڕێکی خووەندی گوند) بلاوەدەکاتەوە کە تێیدا پێگەیشتنی تەواوی شیعری دیارە، هەست و سۆزی قوڵی هونەریشی لە تۆێژینەوەیەک دەخاتەڕوو کە بەناوی (قوتابخانەی ئیمپرێسیۆنیزم و ئیدوار مانێ) بلاویکردەوە.

لە ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی نۆزدەهەمەیش مالارمێ چەندان چامە بۆ لاوانەوەی بۆدلێر و ڤێرلین دەنووسێت، بەڵام کە لە ساڵی 1879 ئەناتۆمی کۆڕی ئاستی پەخشانەکانیشی لە هی چامەکانی کەمترنین. بە جۆرێکی وەها کە خوێنەری ئاسایی نەتوانێ پەیان پێبەرێت، لەم کارەشیدا مەبەستی بوو بۆ دەستە بنووسێ. هەموو ئەو کەسانەی بەرهەمەکانی مالارمێشیان بۆ سەر زمانەکانی خۆیان وەرگێڕاوە، دانیان بە سەختی و قورسی ئەو کارەیاندا ناوە. بۆ نموونە (پۆل ئۆستر) ی نووسەری بەناوبانگی ئەمەریکی دەڵێت : "پاش سەرقاڵبوونی 20 ساڵ بە وەرگێڕانی هەندێک لە چامەکانی مالارمێ، ناچاربووم هانا بۆ شاعیرێکی دیکەی ئەمەریکی بەرم کە لە پاریس ژیاوە، بۆ ئەوەی بتوانم لە ئەیلولی ساڵی 1898 لە شاری ڤالڤینس کۆچیدوایی دەکات.

لەگەڵ ئەوەی مالارمێ پێڕەو و شاگردی هێندە سەخت و ناخۆش نەبوو، بۆ خۆشی مرۆڤێکی هێمن و لەسەرەخۆ و ڕووخۆش بوو، بەڵام کارەکانی ئەویش پڕە لە هێما و واتا و شاراوەیی زمانەوانی و ڕوئیای جوان و خەون و خەیاڵی بێهودەیی. دەمرێت، زیاتر غەمبار دەبێت و ڕێچکەی شیعری لاوانەوەی فراوانتر دەبێت. دیارترین چامەکانی ئەم ماوەیەشی بریتین لە : ئارامگەی بۆدلێر، ڕزگاربوونی ئایندە، ئارەزووی پیرۆز... تا لە ڕۆژی 9ی



بەتەواوی واتای وشەکان و سیحری شیعرەکانی بگوازمەوە". سەختی وەرگێڕانیش بۆ ئالۆزی و پوختی زمانەکەی دەگەڕێتەوە بە تایبەتی لە بەرهەمەکانی (هیرۆدیاد) و (هاویشتنی زار). کە دراما شیعریەکەی (هیرۆدیاد) دەرەنجامی دەرچوون لە چەقبەستووی ستایلی شیعرییەتی.

ئەوەی ڕاستی بێت مالارمێ بۆ هەڵبژاردنی زمانی نووسین زۆر هیلاک و پەشێوببوو، بەجۆرێک هەندێک جار بیری لە خۆکوشتن کردبێتەوە، لەسەرجەم کارەکانیشی هەوڵی وەلانانی خۆی داوە. بەبۆچوونی جان پۆل سارتەریش هۆکاری ئەو ڕەفتارەی بۆ ئەو بارودۆخە دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵگەی فەرەنسی لەو سەردەم تێیدا دەژیا. پۆل پنیشوی ڕەخنەگریش لەو کتێبەی ساڵی 1995 بەناوی (بەگوێرەی مالارمێ) بلاویکردەوە، کۆمەڵێک پالنەر دەهێنێتەوە لەوانە بیئومێدبوونی شاعیران و شلەژانی ژیانیان لەناو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و نەفرەتکردنیشیان لە هەموو ئەو شتانەی لە سنووری دەسەڵاتیان بەدەربوون، بۆیە بۆدلێر و ڕامبۆش هەڵگەڕانەوە و مالارمێش بڕیاریدا چامەکانی لە ئالۆزی و لێڵی زمانەوانیدا، نغرۆ بکات. پێویستە ئەوەشمان لەبیرنەچێت مالارمێ هەر لە منداڵییەوە بە هۆی مردنی دایک و باوک و دواتریش برا و کوڕەکەی، دووچاری جۆرێک لە خەمۆکی ببوو کە بەدرێژایی تەمەن دەستبەرداری نەبوو.

لەدەستپێکی خولی نایابی تازەپێگەیشتووانی کوردستاندا:

هەولێر و پێشمەرگەی سلێمانی و زاخۆ سەرکەوتنیان تۆمار کرد





ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان، رۆژی بەروارى 2/7/2019 کاروانی خولی تازەپێگەیشتووانی تۆپی پێی کوردستان لەسەرجەم شاروشارۆچکەکانی کوردستان سەرکەوتوانە بەرێوچوو، لەیەکەمین یاریدا لەیاریگای فرەنسۆ هەریری /2 هەردوو تیپی تازەپێگەیشتووانی هەولێر وپێشمەرگەی هەولێر لەیارییەکی بەهێز و پڕ گۆڵدا ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، لەئەنجامدا تیپی تازەپێگەیشتووانی هەولێر لەیەکەمین یاری خۆیدا توانی لەپێشمەرگەی هەولێر بباتەوە بەئەنجامی 4-3گۆڵ، بەم بردنەوەیە تازەپێگەیشتووانی هەولێر لەیەکەمین تاقیکردنەوەدا توانی 3خاڵی گرنگ و بردنەوەیەکی شایستە تۆمار بکات، لەلایەکی دیکەوە لەیاریگای پیرمام هەردوو تیپی تازەپێگەیشتووانی ئارارات و دهۆک بەیەکگەیشتن، لەئەنجامدا یارییەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا بەبێ گۆڵ کۆتایی هات و هەریەکەو خاڵێکی یارییەکەیان بەرکەوت، هەروەها لەشاری سلێمانی ، تازەپێگەیشتووانی پێشمەرگەی سلێمانی پێشوازیان لە تازەپێگەیشتووانی برایەتی کرد ، تیپی خاوەن یاریگا توانی یارییەکە بەئەنجامی 2-1گۆڵ لەبرایەتی بباتەوە 3خاڵی گرنگی لەیەکەمین یاریدا بۆخۆی دەستەبەرکرد.

ئەنجامی یارییەکانی دیکە بەمشێوەیە بوو:

رزگاری *2ئاشتی 0
زاخۆ *8جیهان 0
سیروانی نوێ *3دهۆک 0

هاوار مورتکەیی

پێنج 1/ 7/ 2019 بەبەشداری 50 منداڵی کوڕ و کچ لەتەمەنی جیاجیادا، خولی هاوینەی شەترەنجی کوردستان لە یانەی خانزاد لە شاری هەولێر کرایەوە.

لەپاڵ کردنەوەی پاڵەوانێتی جۆراوجۆر و بەشدارییەکانی، یانەی شەترەنجی خانزاد لە پشووەکانی هاوینەی هەموو ساڵێک خولی فرکردنی شەترەنج بۆ منداڵانی کوردستان دەکاتەوە، ئەم هاوینەش خولێکی فێربوون کرایەوە کە 50منداڵ بەشداریان تێداکرد، لە کردنەوەی یەکەم رۆژی ئەم خولەش بە ئامادەبوونی دایک و باوک و کەس و کاری ئەو منداڵانە، ڕێورەسمێک ڕێکخرا، لە دەستپێکدا دیار حەمەسالح راهێنەر و ناوبژیوانی نێودەولەتی وتەیەکی پێشکەشکرد و وێرای دەستخۆشی کردن لە دایک و باوکان کە دەستی منداڵەکانیان گرت بۆ دەستنیشانکردنی داهاتوویەکی گەش بۆیان و گوتی: ئەم خولە ماوەی مانگێک بەردەوام دەبێت و لەهەفتەیەکدا 3ڕۆژ و هەر ڕۆژەی بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لە ڕێگای راهێنەرانی خاوەن ئەزموونی یانەی خانزاد وانەکانی فێربوونی شەترەنج بە بەشداربووان دەگوترێتەوە، هەروەها گوتی: لەم خولەدا منداڵان بەشێوەیەکی زانستی فێری ئەو یاریە دەکرێن و لەکەمترین ماوەشدای فێرە یاری کردن دەبن و ئێمەش هەریەک لەڕێگای شارەزایی خۆمانەوە ئەو منداڵانە فێردەکەین و دوای تەواو بوونی ئەو خولەش ئەوەی ئارەزووی هەبێت لەسەر بەردەوام بوون، ئەوا دەتوانن هەر لە یانەی خانزاد درێژە بەفێربوونی زیاتر بدەن، چونکە لە یانەی خانزاد ئەم پرۆسەیە بەردەوامیی هەیە.

جیی باسە ئەو 50 منداڵەی بەشداربوون، دەگرینە 5گروپ و هەر گروپێکیش لە 10 منداڵ پێک دێت و هەر گروپەو ڕاهێنەرێکی تایبەتیان بۆ تەرخان کراوە کە بریتین لە: کاردۆ ئاکۆ، دیار حەمەسالح، مامۆستا شەهرام، محەمەد خەلیل، دیدار زاهیر.

بەبەشداری 50 منداڵی کوڕ و کچ
خولێکی فێربوونی شەترەنج لە یانەی خانزاد کرایەوە

لەخولی نایابی فوتسالّی کچانی کوردستاندا:

چۆمان وسیروانی نوێ گۆڵبارانی ئافرەتانی هەولێر وپیرەمەگروونیان کرد



لەیاریەکانی گەڕی پێنجەمی قۆناغی دووەمی خولی نایابی فوتسالّی کچانی کوردستان، رۆژی 2/7/2019لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان چەند یاریەکی گرنگ و چارەنووسساز ئەنجامدرا، لەوانە لەشاری سلێمانی، هەردوو تیپی کچانی سیروانی نوێ و پیرەمەگروون ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، کچانی سیروانی نوێ لەیاریەکی ئاست بەرزدا توانیان بەئەنجامێکی گەورە لەکچانی پیرەمەگروون ببنەوە ، دوای ئەوەی سیروانی نوێ بەئەنجامی 8-1گۆڵ یاریەکەی لەبەرژەوەندی خۆی بەکۆتایی هێناو 3خاڵی گرینگی لەسەر دەستی پیرەمەگروون مسۆگەرکرد، لەیاریەکی دیکەدا کچانی چۆمان لەنێو هۆڵ وهاندەرانی خۆیدا توانی بەئەنجامێکی گەورە لەتیپی ئافرەتانی هەولێر بباتەوە، دوای ئەوەی کچانی چۆمان بەسەر پەرشتی ڕاهێنەری بەتوانا و لێهاتوو مەزن محەمەد بەئەنجامی 6گۆڵی خاوێن یاریەکەی لەئافرەتانی هەولێر بردەوە و 3خاڵی گرینگی دەستەبەر کرد، ئەم وەرزە کچانی چۆمان بەهۆی ڕاهێنەرەکەیانەوە ئاستێکی بەرز لەخولی فوتسالّی کچانی کوردستان نیشان دەدەن کەجێی دەستخۆشی لێکردنە، بۆیە واپێشبینی دەکرێت کچانی فوتسالّی چۆمان لەداهاتووەکی نزیکدا ببێتە تیپێکی بەهێز و نموونەیی لەسەر ئاستی هەموو تیپەکانی کوردستان.

هەروەها لەیاریەکی دیکەدا کچانی سەورە میواندار لەکچانی زانکۆی جیهان کرد، یاریەکە بەئەنجامی 8-2 گۆڵ لەبەرژەوەندی کچانی زانکۆی جیهان کۆتایی هات ، جێی ئاماژە بۆکردنە لەیاریەکانی ئەم هەفتەیەدا لەکۆی 3یاری 22گۆڵ تۆمار کراوە.

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین



زێدان:
بەهەرشێوەیەک بێت نابێ بهێلین یۆڤینتۆس پۆگبا ببات

زێدان راهێنەری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی دەستی بە گفتوگۆکان کرد لەگەڵ فلۆرینتۆ پیریزی سەرۆک و خۆسیە ئانحیل سانچێزی جێگری سەبارەت بە گواستنەوەکانی ئەم هاوینە.

زێدان لەم گفتوگۆیەیدا بە پێریزی گوتووە بەرلەهەموو شتێک پێویستە یەکەم گرێبەستمان لەگەڵ پۆگبای ئەستێرەی مانچستەر یونایتد بێت، هەر لەوێش نیگەرانی خۆی بە سەرۆکی ریال نیشانداوە کە یۆڤینتۆس ئەویش لەلای خۆیەوە لەهەوڵی ئەوەدایە کە ئەو یاریزانە لەبن دەستی دەربهێنن، زێدان بە پیریزی گوتووە هەرچۆنیک بێت دەبێ ڕێگری لەوەبکەین کە نەهێلین پۆگبا بچێتە یۆڤینتۆس.

مامۆستایەکی وانەی شەترەنجی قوتابخانەکانی ئەرمینیا لە دیمانەیەکدا

نایرا مۆقیسیان: ئەرمینیا یەکەمین وڵات بوو ئەزموونی خوێندنی وانەی شەترەنجی خستە پرۆگرامی قوتابخانەکان







دیمانە: هاوار مورتکەیی

نایرا مۆقسیسان خانمە شەترەنجزانی هەڵبژاردەی ئەرمینیا و هەڵگری بڕوانامەی GMی ئافرەتان، ناوێکی دیارە لە گۆڕەپانی شەترەنجی ئەرمینیا، ئەو دوای گەیشتن بەم نازناوە، پەنای بردە بەر دونیای ڕاهێنەرایەتی و ئێستا ڕاهێنەرە لە پەیمانگایەکی ئەرمینیا و مامۆستای وانەی وەرزشیشە، نایرا دەڵێت حکومەتی ئەرمینیا زۆر بایەخ بە شەترەنجی قوتابخانەکان دەدات و هەموو ئاسانکارییەکی خستۆتە بەردەست، لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات لەمبارەیەوە دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجامداوە.

بروانامەی گراند ماستەر

نایرا مۆقسیسیان کە لە ساڵی 1977لە یەریڤانی پایتەختی ئەرمینیا لەدایک بووە لەبارەی شەترەنج و چۆنێتی ئاشنابوون پەم یارییە گوتی: لەتەمەنی شەش ساڵان دەستم بەیاری شەترەنج کرد و یەکەم ڕاهێنەریشم نۆرایەر مۆقسیسیانی باوکم بوو کە زۆر شەترەنجی خۆش دەویست، هەمیشە پێی دەگوتم کە دەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان بڕوانامەی گراندماستەر بەدەست بهێنم، بەرای خۆم شەترەنج وەرزشێکی زۆر سەرنج ڕاکێشە و لە دوو جەمسەر پێکهاتووە جەمسەرێکیان هونەر و ئەوی دیکەش وەرزشە، کە لە نێویدا زۆر خاسیەتی بەسوود لەخۆ دەگرێت، وەک داهێنان و متمانە و ڕکابەری، هەربۆیە ئەوانەی شەترەنج دەکەن لەبەر ئەم خاسیەتانە شەترەنجیان زۆر خۆش دەوێت، هەروەها گوتی: شەترەنج هەمیشە یارمەتیدەرم بووە لە هەڵوێستە جیاجیاکانی ژیانم، فێری ئەوەی کردووم کە بەبەرنامەیەکی پوخت ژیانی خۆم ڕێکبخەم، بۆیە دەڵێم شەترەنج ژیان و بەختەوەرێە.

هاتنەدی خەونی

دواتر نایرا مۆقسیسانی ئەرمینی کاتێک خەونی منداڵی دێتە دی بەبەدستهێنانی بڕوانەی WGM، زۆر بەختەوەر دەبێت، دوای ئەو دەسکەوتەش نایەوێت لەشەترەنج دابڕێت و حەز دەکات ئەو شارەزاییەی لەم بواردا پەیدای کردووە، بیبەخشێتە نەوەکانی دوای خۆی، بۆیە ڕوو دەکات ڕاهێنەرایەتی و دەیێتە مامۆستای وانەی شەترەنجیش لە قوتابخانەکاندا، لەمبارەیەوە دەڵێت: فێرکردنی منداڵان لە یاری شەترەنج چارەسەرێکی نمونەییە و لەسەر ئێمە پێویستە منداڵان وافێر بکەین کە بە ڕێگایەکی ڕاهێنەرانە ببر لە شەترەنج بکەنەوە، چونکە شەترەنج یارییەکی سیحریە و لەسەر هەمووانە بتوانین دۆزینەوەی تیابکەین.

چۆن منداڵان فێردەکرێن؟


نایرا مۆقسیسان کە باشترین دەسکەوتی لە ئۆڵۆمپیادی ژمارە 32ی ساڵی 1996بوو کاتێک لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی لەپێشەوە دەرکەوتن و دەڵێت: ئێمە لە شەترەنجی قوتابخانەکاندا لەلایەن حکومەتەوە پرۆگرامەکەمان بۆ دابین کراوە، لە قوتابخانەکان منداڵان لە پۆلی دووەوە فێری ئەو یارییە دەکرێن، کە تەمەنیان ئەوکات لە نێوان 7بۆ 9ساڵانە ، لەو تەمەنەدا فێری بنەما سەرەکییەکانی یاری شەترەنج دەکرێن وەک ناوی بەردەکانی شەترەنج و جولەی لەگەڵ هەنگاوەکان بە ژمارە و پێوەرەکانی تابلۆی شەترەنج، تا دەگاتە ستراتیژیەتی شەترەنج، لێرە لە ئەرمینیا لە تەواوی قوتابخانەکاندا وانەی شەترەنج بەبێ جیاوازی دەخوێندرێت، هەروەها هەموو پیداویستییەکان دابین کراون و مووچەی مامۆستاکانیش لەلایەن حکومەتەوە دەستەبەر کراوە، هەروەها پشتیوانی لەو پەیمانگایانەش دەکات کە شەترەنجی فێرە منداڵان دەکەن، ئەرمینیا لەم ڕووەوە زۆر هاوکار بووە، یەکەمین وڵات بووە ئەم ئەزموونەی تاقی کردۆتەوە،

تۆێژینەوەی زانستی

لە کۆتاییدا ئەو خانمە گوتی: بەڕاشکاوی دەتوانم بڵێم شەترەنج سەرباری هەموو لایەنێکی باشەی، لەهەمان کاتیش بۆتە سەرچاوەی بژێوی ژیبانم، بەڵام زیاتر وەک یاریی و ئارەزوویەک چێژی لێ دەبینم، هەروەها ئێمە پەیمانگایەکی تایبەت بە شەترەنجمان هەیە تۆێژینەوەی زانستی تایبەت بە شەترەنج بڵاو دەکەینەوە لە ریگای سایتێکی تایبەت و گۆڤارێکی تایبەت بەشەترەنج.

لەهەموو قوتابخانەکانی ئەرمینیا بەبێ جیاوازی وانەی شەترەنج دەگوترێتەوە

مێسی ئێرانی کەتنی نایەوە



ڕەزا پەرستێش، ئەو گەنجە ئێرانییەی بە هۆی لێکچوونی لە میسی ئەستێرەی ئەرژەنتینی، ناوبانگێکی زۆری پەیداکردووە، لە لایەن دەیان ئافرەتەوە تۆمەتی دەستدرێژی دراوەتە پاڵی.


دەنگۆیەکی بەربڵاو لە لایەن بەکاربەرانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبۆتەوە بەوەی کە ڕەزا پەرستێش بە هۆی ئەو لێکچوونەی لەگەڵ میسی هەیەتی لەگەڵ کۆمەڵێک ئافرەت پەیوەندی بەستووە و لەگەڵ 23ئافرەت پەیوەندی سێکسی هەبووە.

ڕاگەیاندنەکانی ئێرانی و نێودەوڵەتی وەک ڕۆژنامەی بەناوبانگی وەرزشی "مارکا" لە ئێسپانیا باسیان لەو تۆمەتانە کردووە، بەڵام تا ئێستا ڕاپۆرتێک کە باس لە سکاڵای فەرمی دژی ڕەزا پەرستێش بکات بڵاو نەبۆتەوە.

پەرستێش لە پەیامێکی ڤیدیۆیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو تۆمەتانە ڕەت دەکاتەوە و دڵنیایی داوەتە خەڵک کە بێ گوناهە، بەڵام ئەو ڤیدیۆیە بە بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک کاتژمێرێک پاش بڵاو بوونەوە لە لاپەڕەی ڕەزا پەرستێش سڕاوەتەوە.

ڕەزا پەرستێش لەو گرتە ڤیدیۆییەدا کە ئێستا بوونی نییە، خۆی بە قوربانی پلانێکی ناجوامێرانە دەزانێت و داوای لە بەرپرسانی ئێرانی کردووە کە بەدواداچوونی یاسایی بۆ بکەن.

ڕابیۆ: ڕۆنالدۆ ڕۆڵی لە بڕیاردانم هەبوو



و/ ڤیلا کەرێی

ئەدریان ڕابیۆ، تازە یاریزانی فەرەنسی یانەی یۆڤانتسی ئیتاڵی، دووپاتی کردەوە، ئەو ئێستا ئامادەیە لە خولی ئیتاڵیا یاری بکات. ڕابیۆ لەکۆنگرەی ڕۆژنامەوانی پێشکەش کردنیدا وتی:"پێشتر یۆڤانتس پەیوەندی پێوەکردم، منیش بڕیارم دا، ئێستا کاتێکی گونجاوە، بۆ ئەوەی بچمە ڕیزەکانی". هەروەها وتی:"دوای حەوت ساڵ لە پاریس، ئامادەم لە خولی ئیتاڵیا یاری بکەم، هێشتا دەرفەتم نەبووە لەگەڵ ساری قسە بکەم، بەڵام هەموو لێرە بە پیرمەوە هاتن".

وتیشی:"درێسی ژمارە 25دەپۆشم، پێم باشترە لە باڵی چەپ یاری بکەم، نەوەکو ناوەڕاست، بەڵام ئەگەر دوو یاریزان بین، پێم خۆشە لە ناوەڕاست یاری بکەم، بە کورتییەکەی لە ژێر فەرمانەکانی ڕاهێنەردا دەبم". ڕابیۆ لە بارەی ڕۆڵی بۆفۆن لە چوونی بۆ یانەی خانمە پیرەکە وتی:"بۆفۆن لە بارەی یۆڤانتس قسەی زۆری لەگەڵ کردووم، بۆچوونی ئەوم بەلاوە گرنگ بوو، ئێمە زۆر بەیەکەوە قسەمان دەکرد". ئەوەشی وت:"بۆفۆن باسی زۆر شتی سەرنج ڕاکێشی لە بارەی یۆڤانتسەوە بۆ کردووم، پێی وتم، بەسەر بردنی یەک وەرز لێرە، زۆر لە بەسەربردنی چەندین وەرز لە شوێنی دیکە باشترە". ئەدریان ڕابیۆ، لە بارەی کریستیانۆ ڕۆنالدۆوە وتی:"یاریکردن لە تەک ئەستێرەی گەورە، دەرفەتی بۆ ڕەخساندم، پەرە بە ئاستی خۆم بدەم، بەڵام دەرفەتی یاریکردن لەتەک ڕۆنالدۆ، کاریگەری بەسەر بڕیاردانم هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا، دەزانم ژووری جلگۆڕین پڕ لە ئەستێرەی گەورە گەورەیە". لە کۆتاییدا لە بارەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپاوە وتی:" بردنەوەی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، بە شەو و ڕۆژێک بەدی نایەت، من لێرەم بۆ ئەوەی یارمەتی یانەکە بدەم، ئەو نازناوە و ئامانجی دیکەش بەدەست بێنێت".

ڕەمزی میرەکانی



بەرازیل

بۆ یاری کۆتایی کوپا ئەمریکا 2019

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 4. Jul. 2019 No: (5782)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

منداڵەکانیشی هەر بەناوە هونەرییەکەی بانگی دەکەن

هونەرمەند مام سەعید: کۆمیدیا کارێکی گرنگی کۆمەڵگەیە بۆ ڕەواندنەوەی خەم و بێزاری

کۆمیدیا نزیکترین ڕێگایە بۆ گەیاندنی ئەو پەیامەی کە بتەوێت بیگەیەنیت

دیمانە: سەنگەر حوسێن

هونەرمەندی کۆمیدی ڕەمەزان مامەند ڕەمەزان، ناسراو بە (مام سەعید)، ماوەیەکە هاتۆتە نێو دونیای کۆمیدی، توانیویەتی شوێنی خۆی لە نێو دڵی جەماوەرەکەی بکاتەوە، بەهۆی دراماو کارە هونەرییەکانی کەس بەناوی تەواوی خۆی بانگی ناکات، تەنانەت منداڵەکانیشی هەر بە مام سەعید بانگی دەکەن (تەنها هەردوو هاوسەرەکەی بەناوی تەواوی خۆی بانگی دەکەن)، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی خەبات تیشک دەخاتە سەر کێشەو گیروگرفتەکانی بەردەم هونەرمەندان بە گشتی و هونەری کۆمیدی بەتایبەتی.

سەرەتا لێمان پرسی بۆچی لە دراماکانیدا هەردەم ڕۆڵی پیاوی بە تەمەن دەگێڕێت لە کاتێکدا خۆی هێشتا گەنجە، مام سەعید گوتی: ڕۆڵ بینین لێزانینە، گرنگە بۆ هونەرمەند لەهەموو شێوەکان سەرکەوتوو بێت، ئەوە کاتی خۆی لاسایی خاڵم دەکردەوە کە پیاوێکی بە تەمەنە، هەندێک جاریش لاسایی مامم دەکردەوە، بۆیە ئەوانەی منیان بەم شێوەیە دەبینی، دەیانگوت لەوان جوانتر لاسایی دەکەیتەوە، بۆیە هەر جارێ کاری وێنەگرێمان دەکرد لە بەتەمەنەکان جوانتر ڕۆڵەکەم دەبینی، حاجی کەریم کە لەگەڵ ئێمە کاری نواندنی دەکرد کە بینی ڕۆڵی پیاوی بە تەمەن بەجوانی دەگێڕم، گوتی لەمەودوا هەر خۆت ئەم کارە بکە، بۆیە لاسایی کردنەوەی ڕۆڵی پیاوێکی بە تەمەن ڕۆڵێکی تایبەتە.

دەشڵێت: شێوەی هونەرمەند گرنگە بۆ هەڵبژاردنی ڕۆڵی ئەو کەسەی هەڵیدەبژێری، بۆ نموونە چەندین هونەرمەندی جیهانی هەیە شێوەیان بە کەسی خراپ دەچێت، بۆیە هەردەم ڕۆڵی خراپ دەگێڕن. کەسانێکیش هەن شێوەو کەسایەتیان زۆر جوانە، بەڵام شێوەی سەر شاشەیان نییە، بۆیە لە هونەرەکە سەرکەوتوو نابن.

سەبارەت بە هونەری کۆمیدی ئەمڕۆی کوردستان، مام سەعید گوتی: بواری ئەمڕۆی کۆمیدیا لە کوردستان بەرەو پێشچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، کۆمیدیا کارێکی گرنگی کۆمەڵگایە بۆ ڕەواندنەوەی خەم و بێزاری، خەڵکی کوردستانی ناخۆشی و نەهامەتی زۆر بینیوە، بۆیە پێویستە کۆمیدیا بتوانیت بزە بخاتە سەر لێوانیان. دواتر کۆمیدیا نزیکترین ڕێگایە بۆ گەیاندنی ئەو پەیامەی کە بتەوێ بەباشی بیگەیەنیت، خۆشبەختانە لە شاری هەولێریش هونەرمەندی کۆمیدیان باش و زۆرە، بەڵام بێ خاوەنین، بەداخەوە وەزارەتی ڕۆشنبیری یارمەتیمان نادات بۆ پێشکەشکردنی کاری باش.

دەربارەی ڕێکلام کردنی بازرگانی لەلایەن هونەرمەندانەوە، مام سەعید دەڵێت: ڕێکلام کردن لەهەموو جیهان هەیە، کەسایەتییە جیهانییەکان لە ڕیکلام کردن ڕۆڵ دەبینن بۆ ناساندنی بەرهەمە بازرگانییەکان، بەوەش هەردوولا قازانجی مادی دەکەن. هەر کاتێکیش هونەرمەند باری دارایی باش بوو، ئەوە زۆر بیر لە کاری ڕیکلام کردن ناکاتەوە.

لە وەڵامی پرسیارێک کە ئایا بەنیاز نییە بەشداری فیلمێک بکات، مام سەعید ڕایگەیاند: هەر کاتێک چیرۆکێکی گونجاو پەیدا بوو، ئامادەم لە پێناو کارێکی سەرکەوتوو ئەگەر بێ بەرامبەریش بێت بەشداری تێدا بکەم.


هونەرمەندی کۆمیدی مام سەعید بۆ (خەبات) دەدوێت


پەیامنێری خەبات لەگەڵ بەشداربووانی فیستیڤاڵی گوندی ڤۆڵندام


لایەنێک لە گوندی ڤۆڵندام

هەوڵێر، بەر لە 2350 ساڵ... لە پێشانگایەکی (وێنەی) تایبەتدا



هەوڵندا.. ڤۆڵندام گوندی کولتووری جیاوازەکان

ساسان دەروێش -هەوڵندا

گوندی ڤۆڵندام کە لە ئێستادا بووەتە شارۆچکە و نزیکەی 22 هەزار دانیشتوانەکەیەتی لەسەر پێوانەیەکی بچووک لە گوێ دەریایەک، لە باکوری هەوڵندا ، خەڵکی ئەم گوندە لە ڕابردوودا زۆربەیان پیشەیی ڕاوە ماسی و بەدوکەڵکردنی ماسی بوون و بەمەش سەرمایەکی زۆریان لێ دەسکەوتووە و دەوڵەمەندبوون، لەگەل ڕەوڕەوەکانی پێشکەوتن و گەورەبوونی گوندەکە، پیشە کۆنەکان بەکارناهێنرێن و نەماون لەبەرچاوان وەک پیشە، بەڵام بیر ناچنەوە و هەمیشە لە سەر زمانیانەو بە کردەوە پارێزگاری لێدەکەن، بەتایبەتی جلوبەرگ وخواردنی تایبەت بەخۆیان و زاراوەی تایبەتی زمان بەخۆیان جیایان دەکاتەوە لە هەوڵەندییەکان، ڕەنگە لە تەواوی هەوڵەندا گوندێک هاوشێوەیی ڤۆلیندام هەبێت کە زۆرجوان وسەرنج ڕاکێش بووبێت کەچی ئەم گوندە وێڕای ڕەگەز پەرستیان لە ڕادەبەدەرە لە دژایەتی کردنی پەناهەندە وموسڵمان هەموو کات لیستی پارت وحیزبەکانی تر کە ڕاست و دژ بەبێگانەو موسڵمانن دەنگ لەلای ئەمان خرەدەکەنەوە ودواتریش چاوەڕوانی هیچ پرۆژەیەک نین لێیبان.

ساڵانە گەشتیارێکی زۆری بیانی و ناوخۆ بۆلای خۆیی ڕادەکێشێ لە نێو دوکانەکانیان کە شارەکەیان پێ ڕازاندۆتەوە، لە یادی سەد ساڵەی بونیادنانی میناکەو ڤۆلیندام لە چەند چالاکیەکی هەمەڕەنگدا، دابونەریتی خۆیان نیشانی میوانان دا بەگەڕانەوەیان بۆ کلتوری گوندەکەیان وپۆشینی پۆشاکی باوباپیرانیان و گوتنەوەی سرووی نیشتیمانی کە باوباپیرانیان لەگەڕانەوەی ڕاوکردندا وتویانەتەوە ولەگەل ماسی گردن بە (دوکەڵ) کە لەم گونددا باوبوو و هەتا ئێستاش زۆرینەیەک پەیڕەوی دەکەن، لەم ڕۆژەدا زیاتر گەشتیار سەردانی ئەم شوێنەو پاشماوە گرنگەکانی دەکەن کە لە مۆزەخانەی نیشتیمانی هەمان شاروشوێنەوارناسی دا پارێزراون ، سەرەتایی بۆنەکەیان لە دەروازەی گوندەکە تیپێکی پلە ڕەنگاو ڕەنگی موسیقارەکان لە ژن وپیاو مێوزیک دەچڕن وەک پێشوازیکردن و دواتر خەڵک ومیوان وگەشتیاران هەنگاو دەبڕن بۆ مینەکە پاشان لەلایەن تیمی تایبەت لە ئافرەتان وپیاوانی بەتەمەن جاریکی تر لە نێو بەلەمەکاندا وبەپۆشینی جلوبەرگی ئەم گوندە سروود و گۆرانی نیشتیمانی و نەتەوەیی دەچڕن هەروەها لە سوچێکی ئەم گوندەشدا کۆمەڵێک ئارەزوومەندی ئەو کارە دەکەن و نایکەن کە بەدوکەڵکردنی پالێن و مەکەڕێل و ماسی زەڵم دەکەن وچاوەڕوانی لیژنە دەکەن بۆ پشکنینی و بردنەوەی سێ کەسیان بۆ کۆتایی و خەڵاتکردنیان، بەمشێوەیە وولات وخاک وزمان وکلتورەکەیانیان خۆش دەوێت بەبێ هیچ بەڕژەوەندییەک و گەشتیاران لەخۆیان کۆدەکەنەوە بەهیوایەی کوردستانیش ببێتە مەڵبەندی هونەردۆست وگەشتیارانی بیانی و لەنێو چالاکیەکی هەمەڕەنگ بۆ گەورە و بچوک تائێوارەیکی درەنگ خەڵکی دڵخۆش و سەرمەست بوون و زۆر بەسەر کەوتوویی کۆتایی هات.

* **عەبدولڕەحمان پاشا**

شتێکی سەیرە، زۆر عەنتیکەیە، کە هەندێک بەڵگەو زانین و زانیاری مێژوویی ڕاستەقینەمان بە چنگ دەکەوێت سەبارەت بە بابەتێک کە پێشتر، دەمانزانی بەڵام بە قسە، هیچ بەڵگەی (ڕاستەقینەمان) بە دەستەوە نەبوو! تەنها دەمانزانی و هیچی تر!

بۆ نموونە، زۆربەمان (ئێمەی نووسەرو ڕۆژنامەنووس و کەسانی تریش) دەمانزانی کە شاری هەولێر شارێکی دێرینە، زۆر کۆنە، شەش حەوت هەزار ساڵ تەمەنییتی، بەڵام گشتمان ئەوەمان دەزانی و (وامان دەگوت) بەقسە و بەبێ بەڵگە!

چەند خۆشە ئەگەر بەڵگەمان بە دەستەوە هەبێت.

ئەگەر کەسێک بڵێت (کا)! بڵێین (فەرموو، ئەوەش بەڵگە)!

هەندێک میللەت (وەکو خۆمان دەڵێین) مێشتێک دەکەنە گامێش!

کەچی ئێمەی کورد، لە (گامێش) پترمان هەیە و هیچیش ناکەین!

باسیشی ناکەین، بۆ باسی بکەین؟

مێژوومان بۆ چیبە ؟

(تاریخ) یەعنی چی؟

هەردوو پیتی (تا)کە هەڵگرەوە بەسە!

خۆ پارەمان هەیە.

دەوڵەمەندین!

ئێمە لە هەندێک دەوڵەتانی خوارەوەی ئەفریقیا دەوڵەمەندترین!

لە زۆر دەوڵەتە (فەقیرەکانی) دونیا باشترین.

مێژومان بۆ چیبە!

با (تاریخ)مان نەبێت!

ئەم بابەتە سەبارەت بە مێژووی کۆنی کوردە، بە وێنە و بە بەڵگەنامەی بێگانە.

2350 ساڵی ڕەبەق بەر لە ئێستا...

(هەولێر) و(کەلەک) و(بانەمان) و شەڕی نێوان داریۆش و ئەسکەندەری مەکدونی و(کورد) بە وێنەی مۆزەخانەکانی (لۆفەر)ی فەرەنسا و وێنەکانی مۆزەخانەکانی تری دونیا..

ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و شوێنی تر.

چاوەڕوان بن، پێشانگای جیهانی عەبدولڕەحمان پاشا سەبارەت بە شەڕی ئەربیللاو ئەسکەندەرو داریوش و ڕۆڵی قارەمانیەتی سەرکردەی کورد (ئاریو بەرزەن) لە شەڕی جیهانی، پێش 2350 ساڵ.

لە ڕۆژانی 8 و 9 و10 و 11ی ئەم مانگە (تەموز).. لە هۆڵی میدیای هەولێر.